هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

# بۆچوونە زمانەوانییەکان لە بەرهەمەکانی ئەوڕەحمانی حاجی مارفدا

**نامەیەکە**

**پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی (زمان)ی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

**لە لایەن**

**فوئاد ساڵح ڕەشید**

**بڕوانامەی بەکالۆریۆس-زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر(1992-1993ز)**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.ی.د.قەیس کاکل تۆفیق**

گەلاڕێزانی2709ی کوردی  زولحیجەی1430ی کۆچی  تشرینی دووەمی 2009ی زایینی

اقليم كردستان–العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين–اربيل

# الطروحات اللغوية في نتاجات عبدالرحمن الحاج معروف

رسالة
مقدمة إلى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين–أربيل كجزء من
متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل
فؤاد صالح رشيد
بكالوريوس– جامعة صلاح الدين(1992–1993)

باشراف
أ.م.د.قيس كاكل توفيق

كەلاريزان2709 ك
تشرين الثاني 2009م

ذي لحجـــــــــة1430 هـ

Kurdistan Region – Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University- Erbil

# LINGUISTIC APPROACHES IN AWRAHMAN HAJI MARIF`S WRITINGS

**A Thesis**
**Submitted to the College of Languages-**
**Salahaddin University in Partial Fulfillment of**
**the Requirements for the Degree of Master in**
**Kurdish Language**

**By**
**Fuad Salih Rasheed**
**B.A. University of Salahaddin (1992-1993)**

**Supervised By**
**Asist.Prof. Qase Kakil Tofi**

**November 2009AD** **Thu Al-Hijjah 1430H** **Galarezan 2709K**

# بەشی یەکەم

# بۆچوونی زمانەوانی

# لە لای کورد

# بەشی دووەم

## بەرهەمە دەنگسازییەکانی

## (ئەورەحمانی حاجی مارف)و بۆچوونی زمانەوانی

# بەشی سێیەم

## بەرهەمە وشەسازییەکانی

## (ئەورەحمانی حاجی مارف)و بۆچوونی زمانەوانی

# ئەنجامەکان

# سەرچاوەکان

# ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم نامە یە کە به ناونیـ شانی (بۆ چوونە زمانەوانیـ یەکان له بەرهە مەکانی ئەوڕەحمانی حاجی مارفدا) قوتابی(فوئاد سالّح ڕەشید) بە سەرپەرشتی من له کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ما ستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت: پ.ی.د.قیس کاکل توفیق

ڕێکەوت: / / 2009

بەپێی پێشنیاری مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د.یادگار ڕەسوڵ حمدامین

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

لە بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / / 2009

# ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (بۆ چوونە زمانەوانییەکان لە بەرهەمەکانی ئەوڕەحمانی حاجی مارفدا) و قوتابی (فوئاد سالح ڕەشید)مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لە بارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی ترەوە لەگەڵدا کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لەزمانی کوردی بدرێتێ.

ناو: پ.ی.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ
سەرۆکی لیژنە:
ڕێکەوت: / / 2009

ناو: د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم
ئەندام:
ڕێکەوت: / / 2009

ناو: د.سەباح ڕەشید
ئەندام:
ڕێکەوت: / / 2009

ناو:پ.ی.د.قەیس کاکل تۆفیق
ئەندام و سەرپەرشت:
ڕێکەوت: / / 2009

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان  زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو: پ.ی.د.نەوزاد حەسەن خۆشناو
ڕاگری کۆلێجی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
ڕێکەوت: / / 2009

# لیستی زاراوەکان

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| دەنگی چەندەکی | Lautquantitaten |
| دەنگی چوونەکی | Lautqualititen |
| شوێنگرتنەوە | Replacives |
| فریزیۆلۆجی تێکئالاو | Phraseological collocation |
| فریزیۆلۆجی تێکچرژاو | Phraseological concretion |
| فریزیۆلۆجی یەکگرتوو | Phraseological unity |
| کەرسە ناکەرتیەکان | Supra-Segmental |
| نووساو | Agglutinative |
| وشەی مردە | Obsolete |
| وشەی نوێیاو | Neologism |

## کورتکراوەو هێماکان:

| | |
|---|---|
| ب1 | بەرگی یەکەم |
| ب2 | بەرگی دووەم |
| گ | گۆڤار |
| ت | ترجمە |
| و | وەرگێڕان |

# نـــــــاوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 1 | پێشەکی |
| 47-4 | بەشی یەکەم/ بۆچوونی زمانەوانیی لە لای کورد: |
| 4 | لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی: |
| 4 | 1- ئەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی بێگانە نووسراون. |
| 10 | 2- ئەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون. |
| 11 | یەکەم/ بۆچوونی ڕێزمانی دێرین: |
| 11 | أ- سەرهەڵدانی ڕێزمانی دێرین. |
| 12 | ب- قۆناغەکانی ڕێزمانی دێرین. |
| 13 | ج- تایبەتیەکانی ڕێزمانی دێرین. |
| 14 | د- ڕابەرانی ڕێزمانی دێرین. |
| 14 | ه- ڕێبازەکانی ڕێزمانی دێرین: |
| 15 | 1- ڕێبازی عەرەبی: |
| 15 | أ- سەرهەڵدانی ڕێبازەکە. |
| 15 | ب- خاسیەتەکانی ڕێبازەکە. |
| 15 | ج-ڕابەرانی ڕێبازەکە. |
| 20 | 2- ڕێبازی ئینگلیزی: |
| 20 | أ- سەرهەڵدانی ڕێبازەکە. |
| 20 | ب- خاسیەتەکانی ڕێبازەکە. |
| 21 | ج- ڕابەرانی ڕێبازەکە. |
| 23 | 3- ڕێبازی ڕووسی: |
| 24 | أ- بنەماکانی ڕێبازی ڕووسی: |
| 25 | 1- بیروڕای زمانەوانە هاوچەرخەکانی ڕووس: |
| 25 | أ- قوتابخانەی کازان. |
| 26 | ب- قوتابخانەی مۆسکۆ. |
| 27 | 2- سەرهەڵدانی زمانەوانیی سۆڤیەتی. |
| 29 | 3- زمانەوانیی سۆڤیەتی و ڕێبازی ڕۆنانکاری. |
| 30 | 4- زمانەوانیی سۆڤیەتی و ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی. |
| 30 | 5- خاسیەتەکانی زمانەوانیی سۆڤیەتی. |

| | |
|---|---|
| ب- سەرهەڵدانی ڕێباز ڕووسی. | 32 |
| ج- خاسیەتەکانی ڕێبازەکە. | 32 |
| د- ڕابەرانی ڕێبازەکە. | 34 |
| هـ- ڕۆڵی (ئەوڕەحمان) لە ڕێبازەکە. | 34 |
| و- کاریگەریی ڕێبازەکە لەسەر زمانی کوردی. | 35 |
| دووەم/بۆچوونی زمانەوانیی نوێ: | 35 |
| أ- بۆچوونی زمانەوانیی ڕۆنانی: | 36 |
| 1- سەرهەڵدانی زمانەوانیی ڕۆنانی. | 36 |
| 2- خاسیەتەکانی زمانەوانیی ڕۆنانی. | 38 |
| ب- ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە: | 41 |
| کاریگەریی بۆچوونی نوێ لەسەر لێکۆڵینەوەکانی خوێندنی باڵا | 46 |
| بە شی دووەم/ بەرهە مە دەنگ سازییەکانی ( ئەوڕەحمان حاجی مارف)و بۆچوونی زمانەوانی. | 48 –69 |
| - سەرەتا: | 48 |
| - ڕووانگەکانی فۆنیم: | 48 |
| 1- ڕوانگەی ئەرکی. | 48 |
| 2- ڕوانگەی هۆشەکی-دەروونی. | 49 |
| 3- ڕوانگەی فیزیکی. | 50 |
| 4- ڕوانگەی ڕووت-مجرد. | 51 |
| تایبەتمەندییەکانی فۆنیم. | 51 |
| خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە دەنگسازییەکانی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف): | 51 |
| أ- بنەماکانی هەڵسەنگاندنەکە: | 51 |
| 1- سنوری لێکۆڵینەوە: | 52 |
| 2- بەسەرداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | 52 |
| 3- لایەنی مێژوویی و ئێستایی. | 52 |
| 4- کەرەسەی لێکۆڵینەوە. | 53 |
| 5- بەراوردکردنی دیالێکتەکان. | 54 |
| 6- بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی هاوخێزانی. | 54 |
| ب- بەرهەمە دەنگسازییەکان: | 55 |
| بەرهەمی یەکەم. | 55 |

| | |
|---|---|
| 60 | بەرهەمی دووەم. |
| 65 | بەرهەمی سێیەم. |
| 69 | ئەنجامی هەڵسەنگاندنی هەموو بەرهەمە دەنگسازییەکانی (ئەوڕەحمان): |
| 124-70 | **بە شی سێیەم/ بەرهە مە وشە سازییەکانی ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف)و بۆچوونی زمانەوانی:** |
| 70 | - سەرەتا: |
| 71 | - خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە وشەسازییەکانی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف): |
| 71 | بەرهەمە وشەسازییەکان: |
| 71 | بەرهەمی یەکەم: |
| 77 | بەرهەمی دووەم. |
| 82 | بەرهەمی سێیەم. |
| 88 | بەرهەمی چوارەم. |
| 94 | بەرهەمی پێنجەم. |
| 98 | بەرهەمی شەشەم. |
| 103 | بەرهەمی حەوتەم. |
| 108 | بەرهەمی هەشتەم(أ). |
| 113 | بەرهەمی هەشتەم(ب). |
| 118 | بەرهەمی نۆیەم. |
| 124 | ئەنجامی هەڵسەنگاندنی هەموو بەرهەمە وشەسازییەکانی (ئەوڕەحمان): |
| 125 | ئەنجام |
| 127 | سەرچاوەکان |
| 131 | پاشکۆ |
| أ | کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی |
| A | کورتەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی |

# پێشەکی

## 1- ناونیشان:

ناونیـ شانی ئەم لێکۆڵینەوە یە بریتیـ یە له (بۆ چوونە زمانەوانیـ یەکان لە بەرهە مەکانی ئەوڕەحمانی حاجی مار فدا). ئەم ناونیـ شانە سنووری ناوەرۆکی لێکۆڵینەوە کە بۆ خۆی دادەڕ ێژێ، کە د یاریکردن و پۆلێنکردنی بۆ چوونە زمانەوانییەکا نە لە زمانی کورد یدا بە شێوەیەکی گشتی، دیسانەوە هەڵسەنگاندن و لێکدا نەوەی بەرهە مەکانی (د. ئەوڕەحمان)ە، لە ڕووی ڕێبازەکا نەوە بە شێوەیەکی تایبەتی.

## 2- ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە.

## 3- سنووری لێکۆڵینەوە:

لەبەر ئەوەی ئەم نامە یە لێکۆڵینەوە یە لە ڕێبازە کانی زما نەوانی، بۆ یە خۆی بە ئا ستێکی د یاریکراوی ز مان نەبە ستۆتەوە و هەموو بەرهە مە زمانەوانیـ یەکانی (د.ئەوڕەحمان) دەگرێتەوە. هەرچەندە جگە لەو بەرهەما نە، ناوبراو کۆ مەڵێ بەرهەمی تری لە بواری فەر هەنگ و فەرهەنگسازی و ڕەخـ نەدا هە یە، بەڵام ئەوا نە نا چنە ناو کایەی قوتابخانە زمانەوانییەکان، ئێمەش نەمان خستوونەتە ناو بەرنا مەی کار مان و هەڵمان نەسەنگاندوون.

## 4- کەرەسەی خاوی لێکۆڵینەوە:

سرو شتی ئەم نامە یە ئەوەی بە سەردا سەپاندین، کە زۆر بەی ئەو بەرهە مە ڕێزمانیانەی بە زمانی کوردی نووسراون ببن بە کەرە سەی خاو بۆ لێکۆڵینەوە کەمان. جا چ کتـ ێب بن، یان و تاری گۆڤارە کان، یان لێکۆڵیـ نەوە زانـ ستییەکان. ئە مە بە شێوەیەکی گشتی بۆ پۆلێنکردنی ڕێبازەکانی زمانەوانیی لە ناو کورددا.

لە بەرهە مەکانی (د.ئەوڕەحمان)یـ شدا سەرجەم بەرهە مە دەنگ سازی و وشە سازییەکان کەرە سەی خاوی لێکۆڵینەوە کەمانن. هەر چەندە هە ندێ بەر هەمی لە جار ێك ز یاتر بڵاوکراونە تەوە، بۆ یە ئێـ مەش لا یەنی مـ ێژوویی بڵاوکردنەوە کەمان ڕەچاوکردووە.

5- گرفت:

کێشەی نێوان قوتابخا نە زمانەوانیدیەکان دیاردە یەکی سرو شتییە، لە بەر ئەوەی ئا مانج و ڕێ باز و بۆ چوونی ج یاواز لە نێوانیا ندا هە یە. هەر چەندە لە کوردیـ شدا قوتابخا نە و بۆ چوونی ج یاواز هە یە و گفتو گۆی لە سەر دە کریٚ، بەڵام هێ شتا نەگەیشتۆتە ئەو قۆنا غەی ببێتە کێشە. نەگەیشتنی بەم قۆنا غە و نەبوونی بە کێشە خۆی لە خۆ یدا کێ شەیەکی زمانەوانی یە، سەر چاوەی ئەم کێ شەیەش بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوە لە بواری ڕێبازە کان و نەبوونی هێڵی جیا کەرەوە لە نێوان قوتابخا نەکان دەگەڕێتەوە.

6- هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە:

1- کورد هێ ندە لە م ێژ نی یە دە ستی بە لێکۆڵی نەوە کردووە لە زمانەکە یدا . ڕێزماننووس و زما نەوانانی کورد لەو ماوە مێژووی یە کور تەدا ئەرکێکی قور سیان لەسەر شان بووە، کە تیشك خستنەسەر هەموو لایە نەکانی ڕێزمان بووە، هەر بۆیەش زۆربەی بەرهەمەکانیان بۆ ئەوە تەرخان کردووە و نەپرژاونە تە سەر ئەوەی ئەم بابە تە پرۆگرامیانە تاوتویٚ بکەن، بۆیە لەم بوارەدا زمانی کوردی کەمی لێکۆڵینەوەی پێوە دەبینریٚ.

2- لە لایەکی تریشەوە تێکەڵ بوون و چوون بە ناو یەکی ڕێبازەکان لە زمانی کورد یدا بە کێشەیەکی پرۆگرامی دادەنریٚ، پێویستی بەوەیە گفتوگۆی لەسەر بکریٚ.

3- لە هەمووی گرنگتر، گرنگی و با یەخی (د. ئەوڕەحمان )ە لە زمانی کورد یدا، کە تە مەنێکی بەرهە مداری هەبوو لە بواری ڕێز مانی کورد یدا. وەك وەفاداری یەك بۆ هەو ڵەکانی بە پێویـ ستم زا نی، ئەم لێکۆڵینەوە یە بۆ بەرهە مەکانی ئەو مامۆ ستایە تەرخان بکەم.

7- ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیە لەم خاڵانە خراوەتەڕوو:

1- دەستنیـ شانکردنی بۆ چوونە زمانەوانیـ یەکان و سەرهەڵدان و خا سیەت و ڕابەرەکانیان لە ناو ڕێزمانی کوردی.

2- دەرخ ستنی کاریـ گەریی و خا سیەتەکانی ڕێ بازە ڕوو سیەکە لە لێکۆڵیـ نەوەی ڕێزمانی کوردی و پەیوەندیی ئەو ڕێبازە بە زمانەوانیی سۆڤیەتی.

3- دەستنیشانکردنی بۆچوونە زمانەوانییەکان لە بەرهەمەکانی (ئەوڕەحمان حاجی مارف)دا.

**8- ناوەڕۆك:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و پاشکۆیەك لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** بەشێکی تیۆرییە لە بارەی بۆچوونە زمانەوانییەکان، ئەم سەرە باسانە دەگرێتە خۆی: سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕێزمانی کوردی، بۆچوونی ڕێزمانی دێرین. هەروەها باس لە سەرهەڵدان و خاسیەت و کاریگەریی ئەو ڕێبازە ڕووسیە کراوە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی کوردی سەری هەڵداوە.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمە دەنگسازییەکانی (د. ئەوڕەحمان). لەم بەشەدا سەرەتا بە کورتی باسی ڕوانگەکانی فۆنیم کراوە. دواتر شەش خاڵ وەك بنەمایەك بۆ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی قوتابخانە جیاوازەکان خراوەتەڕوو، دواتریش ئەم خاڵانە کراون بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە دەنگسازییەکانی (د. ئەوڕەحمان)، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی دەستنیشانکراون.

**لە بەشی سێیەمیش:** بەرهەمە وشەسازییەکانی (د. ئەوڕەحمان) بەپێی ئەو شەش بنەمایەی لە بەشی دووەم خراونەتەڕوو هەڵسەنگێندراون. هەر لە سەر ئەم بنەمایەش ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەرهەمە مۆرفۆلۆجیەکانی ناوبراو دەستنیشانکراون.

بە چەند ئەنجامێك ڕیزکردنی سەرچاوەکان وپاشکۆیەك و کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی بەنامەکە هاتووە.

# بەشی یەکەم
# بۆچوونی زمانەوانی لە لای کورد

## لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی:

کورد ئەگەر چی نەتەوە یەکی کۆن و خاوەن مێژوو یەکی دوور و در یژە، بە ژمارەش نەتەوەیەکی گەورەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بەلام ئەو بارودۆخە سیا سی و کۆمەلایەتیەی تێیدا ژیاوە، وای لێ کردووە، بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی خۆی فەراموش بکات و لە بوارە فەرمی و تایبەتیەکا ندا بەکاری نەهێنێ. لەم بارە شدا چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێ، کە بواری بەکارهێنانی لە سەدە کۆنەکاندا نەبووبێ، تا ببێتە جێگای بایەخی زمانەوانەکان[*]. هەر بۆیەش دەبینین لە قۆناغی دێرینی زمانەوانیدا هیچ لێکۆڵینەوە یەك لە بارەی زمانی کوردی نەکراوە. هە ندێ جار بە دەگ مەن مێژوونووسان ئاماژەیەکیان بۆ بنەچەی زمانی کوردی کردووە[**]. ئەمەشیان زیاتر بە پاڵ نەری مێژوویی بووە، نەك زما نەوانیی. کە چی لە بواری ڕێزمان یدا ئەو ئاماژەپێکردنەش بەدی ناکرێ، تا نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە. لەبەر ئەوە مێژووی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی کوردی زۆر کۆن نییە، وەك گوترا لە سەدەی هەژدەوە دەستی پێکردووە، دەکرێ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی کوردی لە دوو شێوەدا بخرێتەڕوو، ئەوانیش:

1- ئەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی بێگانە نووسراون.

2- ئەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون.

## 1- ئەو لێکۆڵینەوانەی بەزمانی بێگانە نووسراون:

### أ- لێکۆڵینەوەکانی پێش سەدەی بیستەم:

ئەوەی جێگای سەرنجە سەرەتای لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردیدا لە لایەن کوردەوە نەبووە، بەڵکو بێگا نەکان ئەم کارە یان ئەنجا مداوە. ئەوەتا سەرەتای لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بە زمانی بێگا نە پەیوە ستە بە دەر چوونی یە کەمین ڕێزمانی کوردی بە ناوی ((ڕێزمان و وشەی زمانی کوردی))، کە لە لایەن (ماوریزۆ

---

[*] زمانەوانیی نوێ لە لێکۆڵینەوەی زمانەکا ندا گرنگی بەوە نادا، کە زمان لە ڕووی پا یەی کۆمەلایەتییەوە لە چ ئاستێکدایە، تەنانەت هەوڵدەدا لە زار و بەچکە زار و ئەو زمانانەش بکۆڵێتەوە، کە ژمارەی ئاخێوەرانیان کەمە.

[**] بۆ نموونە: الطبري، المسعودي، الدينوري... بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم وتارە بکە: (د.أحمد عثمان أبوبكر، ذكر الأكراد وأصولهم في كتابات المسلمين الأوائل، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، ب13، 1985.

گارزۆنی) قەشەی ئیتاڵییەوە لە ساڵی(1787ز) بە زمانی ئیتاڵی نووسراوە. (32: 8) ئەم کتێبە لە کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگێکی ئیتاڵی–کوردی پێکهاتووە. پاش ئەم کتێبە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەربارەی زمان و ڕێزمانی کوردی هیچ نووسراوێکی وەها پەیدا نەبووە، شایانی باسکردن بێت، جگە لەو چەند وتارەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە لایەن چەند گەڕۆکێکی وەك: گ.گیورنلی، ی. ریودیگیر، ئا.خۆدسکۆ، ئی. بیریزین...هتد دەربارەی گەلی کورد و دیالێکتەکانی زمانی کوردی نووسراون. (1: 10).

* لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە شدا هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی گەلی کورد و دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە لایەن زانایانی ڕووسییەوە، وەك: (ی.بیریزین، ف.دیتیل، خ.ئابۆڤیان، پ.لێرخ...) دەستی پێکردووە. (32: 10). لە ناو ئەو زانا ڕووسانەدا، کە بایەخیان بە کوردناسی داوە، ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (پیۆتر لێرخ) جێگەیەکی تایبەتی و دیاری هەیە و ناوبراو سێ بەرگە لێکۆڵینەوەی دەربارەی کوردی ئێران لە ساڵانی 1856، 1857، 1858دا لە پیترسبۆرگدا بڵاوکردۆتەوە، (سەر چاوەی پێشوو: 11) لە کتێبی یەکەمجگە لە خستنەڕووی بابەتەکان، هەڵسەنگاندنێشی بۆتێکڕای ئەو کارانە کردووە، کە دەربارەی زمانی کوردی نووسراون، لایەنگیری ڕای (ئا.پۆت)ی زانای ئەڵمانی کردووە، لەوەی کە گوتوویەتی: زمانی کوردی بە زمانێکی ڕەسەن و سەربەخۆی زمانە ئێرانییەکان دەژمێردرێت. لە کتێبی دووەمیش وێڕای لێکۆڵینەوە لە فۆنەتیك و تایبەتێتی زمانی کوردی، پاشان زمانی کوردی بە سەر پێنج دیالێکتدا: کرمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی، زازا دابەشکردووە، لە کرمانجی ژووروو و زازای کۆڵیوەتەوە. (1: 16–19)

* دوابەدوای ئەمانە زانای نەمساوی (ف.میوللەر) لە ساڵی(1864–1865)دا لەسەر بنچینەی بەرهەمەکانی (ی بیریزین، پ.لێرخ)دا، کورتەیەکی ڕێزمانی زمانی کوردی (کرمانجی ژووروو و زازا)ی بڵاوکردۆتەوە. تیایدا لە فۆنەتیکی کرمانجی ژووروو و زازای کۆڵیوەتەوە، لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی فارسی نوێ بەراوردی کردوون، ئینجا لە ناو و جێناو وکار دواوە. (32: 13).

* هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا (ئا. ژابا) لە ساڵی(1836–1869) لەسەر داوای ئەکادیمی (ب. ئا.دۆرن) دەستی کردووە بە فێربوون و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی. ئەم زانایە خزمەتێکی گەورەی کردووە لە بواری نووسینی ڕێزمان و فەرهەنگی کوردیدا. یەکێك لەو دەستنووسانەی شایانی باسە، ئەو ڕێزمانەیە کە بە هاوکاری مەلا مەحمودی بایەزیدی نووسیویەتی. (1: 21–23). هەر لەو ماوەیەدا

(س.ری) میسیونێری ئەمریکی تەمەنێکی درێژ لە ناوچەی هەکاری ژیاوە، لە ساڵی (1872)دا نووسراوێکی لە بارەی زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە بریتییە لە دوو بەش:

1- دەنگسازی و وشەسازی. 2- فەرهەنگۆکێکی کوردی-ئینگلیزی(10: 283).

* دوای ئەمانە (ف.یوستی)، کە یەکێکە لە ئێرانی ناسە بەناوبانگەکان، لە ساڵی (1880)دا ڕێزمانێکی زانستی کوردی بڵاوکردۆتەوە. کەرەسەی ئەم ڕێزمانە کارەکانی ئەم گەڕۆکانە یە: م. گارزۆنی، ئا.خۆد سکۆ، س.ری، پ. لێرخ و ئا.ژا با. (32: 14) بەشی یەکەمی ئەم ڕێزمانە باسی دەنگسازی‌یە و بەشێکیش تایبەتە بە وشەسازی، دوا بەشیش دەربارەی ڕستەسازییە. (1: 24).

* لە کۆتایی سەدەی نۆزدەشدا (ئا.سوتسین) و تارێکی کورتی ڕێزمانی بڵاوکردۆتەوە، ئەم وتارە لەسەر کەرەسەی زمانی کوردی داڕێژراوە، ناوبراو کەرەسەی وتارەکەی لەگەڵ (ی.پرایم) کۆکردبۆوە و دواتر بە جووتە چاپیان کردبوو. لەم وتارەدا بە کورتی باسی دەنگسازی و بەشە ئاخاوتنی ( ناو، جێناو، کار) یان کردووە. (32: 15).

* لەو کتێبەی (س.ئا. یەگیزارۆڤ) لە ساڵی (1891) دەربارەی ئەنتۆگرافیای کورد نووسیویەتی، هەندێ مەسەلەی گرنگی ڕێزمانی و هەروەها دوو فەرهەنگ بەرچاو دەکەون.

ئەوەی خستمانە ڕوو کورتەیەك بوو لە مێژووی ئەو لێکۆڵینەوانەی بەر لە سەدەی بیستەم ئەنجامدراون.

## ب- لێکۆڵینەوەکانی سەدەی بیستەم:

لە سەدەی بیستەمدا ئەو لێکۆڵینەوانە کایەیەکی فراوانتریان وەرگرت. تەنانەت ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوانە گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەردا هات. ئەگەر پێشتر بە هۆکاری ئاینی و بزوتنەوەی تەبشیری ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆکەکان ئەم کارەیان کردبێ، ئەوا لەم قۆناغەدا ئەکادیمیا و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەدەست هێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا، لە پاڵنەرانی ئەم کارە بوون، بۆ نموونە: کارەکەی (مەکارەس) و (مەکەنزی) بە لووتکەی ئەو کارانە دادەنرێت، جگە لەوانەش چەندین کاری دیکە هەن:

لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوانە، لە ساڵی(1904)دا، (دێ مۆرگان) بە زمانی فەڕەنسی نووسراوێکی دەربارەی شێوەکانی زمانی کوردی بڵاوکرۆدتەوە، ئەم کارەی لە (194)

لا پەڕەی گەورەدا دەرکەوتووە، تیا یدا لە گەلێك کێشەی دەنگ سازی و وشە سازی و کەرە سەی و شەی کۆڵیوە تەوە. دوای ئەوە (ئۆ سکەرمان)یش لە ساڵی(1906)، کتێبێکی بە قەبارەی (408) لا پەڕەو بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی شێوەی موکرییەوە بڵاوکرۆدتەوە، کە لە (106) لاپەڕەی پێشەوەی ئەم کتێبەی، لە ڕێزمانی زمانی کوردی (دەنگ سازی، وشە سازی، ڕستە سازی)دواوە. دی سانەوە ئەم زانا یە لە ساڵی(1909)شدا، کتێبێکی تری لە بارەی زمانی کوردییەوە لە چاپداوە، کە لە (51) لا پەڕەی یەکەمی دەربارەی زارەکانی کوردی و زمانی گفتوگۆی ناو چەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دواوە (10: 277-278).

* لە ساڵی (1913) شدا کتێبێکی تر بە ناونیشانی ((ڕێزمانی کوردی)) لە لا یەن (مێجەرسۆن)ەوە بە زمانی ئینگلیزی چاپکراوە. ناوبراو هەوڵی داوە سنورێك لە نێوان دیالێکتی ژووروو و خوارووی زمانی کوردی لە ڕووی وشەسا زیو لیکسیکۆلۆجیدا بکێشێ. ئەم کارەی ( سۆن) لە ڕووی قەوارە و کەرە سەوە بە سەرکەوتووترین کار دەژمێردرێت (32: 16)و لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: دەنگسازی و وشەسازی. (ل1-94).
بەشی دووەم: ڕستەسازی (ل95-112)
بەشی سێیەم: فەرهەنگێکی ئینگلیزی-کوردی (ل170-289).

ناوبراو لە ساڵی (1919)شدا لە بەغدا کتێبێکی تری بە ناونیشانی ((سەرەتاییێکی ڕێزمانی کرمانجی)) لە چاپداوە. جگە لە دیاریکردنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان بە شێوەیەکی کلاسیکیانە باسی کەرەسەی ڕستەی کردووە. (35: 58).

* هەر لە ساڵی(1919)دا (ل.و.فۆسۆم) کە میسیۆنێرێکی ئەمریکی بووە، لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە کتێبێکی دەرکردووە و لێکۆڵینەوەکەشی دەربارەی زمانی کوردی موکرییە. لەم بەرهەمەدا گەردان کردنی کار لەسەر شێوەی ڕێزمانی ئینگلیزی کراوەوچەند شێوە کار لە ئینگلیزیدا هەیە ئەوەندە شێوەشی لە کوردیدا دەستنیشانکردووەلە ساڵی(1922)ش (ر.ف.جاردین) بە زمانی ئینگلیزی لە بەغدا دەربارەی ڕێزمانی کوردی کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە، لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی بەشە دیالێکتی ناوچەی موسڵە، بەڵام ڕێزمانەکەی جاردین کورتە. هەر لەو ماوەیەدا (پۆل بییدار)یش لە ساڵی(1926)دا لە پاریس ڕێزمانێکی کورتی کوردی دەربارەی بەشە دیالێکتی ناوچەی موسڵ بڵاوکردۆتەوە. (32: 16-17) .

* بەهۆی ئەو بارودۆخە لە بارەی، کە لە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دوای شۆڕش لە

یەکێتی سۆڤیەتی جاران هاتبووە کایەوە، لەوێشدا کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە زمانی کوردی نووسراون، لەوانە:

* (ئا.خا چاتۆریان) لە ساڵی(1932) کتێبێ کی ڕێز مانی بە ناوی ((زماننا مەی کرمانجی)) بە ئەرمەنی و کوردی لە چاپداوە.

* لە ساڵی(1935)یش (خاچاتۆریان و حاجی جندی) بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان لە یەریڤان کتێبێکی ڕێزمانیان دانا، بە ناوی ((زماننامە ژا کرمانجی)) (35: 59).

* یەکێکی تر لەو کوردنا سانەی کە زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی تەرخانکردووە، قەناتی کوردۆ (کۆردۆییێڤ) یە. لەم ڕووەوە زۆر و تار و کتێبی نایابی دەرکردووە. لەوانە جگە لەوەی لە ساڵی(1949) کتێبێکی ڕێزمانی بە زمانی کوردی لە چاپداوە. لە ساڵی(1957) کتێبێکی تری بە ناونیشانی ((ڕێزمانی زمانی کوردی)) بە ز مانی ڕوو سی بڵاوکردۆ تەوە. ناوەڕۆکی ئەم دوو کتێ بە دەربای(دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی) بوون. لە ساڵی (1965) یش کتێبێکی تری بە ناونیشانی ((بەراوردکردنی ڕێزمانی دیالێکتەکانی کوردی)) (کرمانجی ژووروو و خواروو)ی لە چاپداوە، کە بریتییە لە نامەی دکتۆرایەکەی و دەکرێ بە یەکەمین لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی بەراوردکردنی دیالێکتەکانی کوردی دابنرێت. (1: 50-54). دیسانەوە لە ساڵی (1978) کتێبی ((دەستووری زمانی کوردی)) ( بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو و خواروو)ی لە چاپداوە.

* لە ساڵی(1958)، لە شاری نیۆیۆرك (ئەرنست مەکارەس) لێکۆڵینەوەی نامەی دکتۆرایەکەی لە ژێر ڕۆ شنایی ڕۆناز کاری ئەمریکی لە سەر شێوەزاری سلێمانی ئەنجامداوە(1). لە ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیەیدا باس لە نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و دەنگسازی و وشەسازی وشە داڕشتن و ڕستەسازی دەکات.

* لە ساڵی(1961)، کوردناسی ئینگلیز (د.ن.مەکەنزی) کتێبێکی لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوکردۆتەوە(2)، کە بریتییە لە دوو بەش:

بەشی یەکەم: دەربارەی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی ژووروووە.

بەشی دووەم: دەربارەی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی خوارووە.

---

(1) McCarus, E.N.(1958), A.Kurdish grammar, Discription of Sylaimaniyan, Iraq. new york.

(2) Mackenzie, D.N.(1961), Kurdish dialect studies, London: Oxford university press..

نووسەر هەریەك لەم بەشانەی بەسەر دەنگسازی و وشەسازی دابەشکردووە.دیارە ئەم بەرهەمەش بە یەکێك لە گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانە دادەنرێت، کە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی ڕۆنانکاری لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە.

* لە ساڵی(1961)دا، (د.ن.مەکەنزی) لە بارەی زاری هەورامی یەوە کتێبێکی تری بلاوکردۆتەوە(1). لەم کتێبەدا لە هەر سێ ئاستی (دەنگ سازی، وشە سازی، ڕستە سازی)ی کۆڵیوەتەوە. لە ئاستی دەنگسازی باسی دەنگەکانی زاری هەورامی کردووە. لە ئاستی وشەسازیش بەزۆری باسی پێشگر و پاشگر و جێناوی لکاو و گەردان کردنی کاری کردووە. لە ئاستی ڕستەسازیش باسی ڕستە و وەرگێڕانی ڕستەی کردووە بۆ ئینگلیزی.

* ساڵی(1962)، (ئی. ئی. تسۆکەرمان) کتێبێکی بە ناونیشانی ((ڕێزمانی زمانی کوردی))یەوە بە زمانی ڕووسی لە چاپداوە. (35: 61).

* چەرکەزی بەکۆ (باکایێڤ)، کە کوردی سۆڤێتی بووە و لە ئامۆژگای زمانەوانیی مۆسکۆ کاری کردووە، خاوەنی کۆمەڵێك وتار و نامیلکە و کتێبە بۆ نموونە:

1- فەرهەنگی کوردی-ڕووسی، لە ساڵی(1957) چاپکراوە، بە یەکەم فەرهەنگی لەم شێوەیە دادەنرێت.

2- زمانی کوردەکانی ئازربایجان، 1965.

3- بەشە دیالێکتی کوردی تورکمانستان، 1962.

4- زمانی کوردەکانی سۆڤیەت، 1973. (1: 56-57).

* دوای ئەمانەش، (مەکسیمی خەمۆ) لە ساڵی (1975) بڕوانامەی دکتۆرایەکەی لەبارەی (وشەسازی شێوەی بادینان) وەرگرتووە. (35: 63).

* (یو.یو. ئاڤالیانی)یش لە ساڵی(1940) بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر (جێناو لەزمانی کوردی)دا وەرگرتووە، ژمارەیەك وتار و نامیلکەشی دەربارەی زمانی کوردی نووسیوە. (کەریمی ئەیوبی و ئی.ئا.سمیرنۆڤا) بە هاوبەشی لە ساڵی (1968)دا جگە لە چەند وتارێکی بەنرخ، کتێبی ((دیالێکتی کوردی موکری))یان بلاوکردۆتەوە. (سەرچاوەی پێشوو: 58-59).

لە ساڵی(1973)دا (محەمەد مەعروف فەتاح) لە نامەی ماستەرەکەیدا کە بەزمانی

---
(1) Mackenzie, D.N.(1966), The Dialect of Awraman, London.

ئینگلیزی نووسیویەتی(١)، لە ڕوانگەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی لە چەند لایەنێکی دیالێکتی خوارووی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە.

* دواتر (وریا عومەر ئەمین) لە ساڵی (1976)، نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی ((چەند یاسایەکی بنجی داڕشتنی ڕستە لە زمانی کوردیدا))(٢) بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە، تیایدا باسی یاساکانی داڕشتنی ڕستەی سادە و ئاڵۆزی کردووە. ناوبراو لە ساڵی (1979)ش، نامەی دکتۆرایەکەی بە ناونیشانی ((لایەنەکانی داڕشتنی کاری زمانی کوردی))(٣) بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە، تیایدا لە چەند لایەنێکی ڕێزمانی کوردی دواوە. ئەوەی شایانی باسە (وریا عومەر ئەمین) لە هەردوو بەرهەمەکەی سەرەوەیدا لە ڕوانگەی ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە. لەم ساڵانەی دوایشدا بەتایبەتی لە بەشی ئینگلیزی زانکۆکانی کوردستان زۆر گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی دراوە.

لەم کورتە(*) باسەدا ئەوە دەردەکەوێ، کە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، تایبەت بوونە بە دیالێکتی ژووروو. کەم و کورتی هەرە گەورەی هەندێ لەو لێکۆڵینەوانەی، وەك: م.گارزۆنی، ی بیریزین، میوللەر... لەوەدایە، کە ئەوان بە تەواوی باسی هەموو لقەکانی وشەسازییان نەکردووە. هەندێکیش لەو لێکۆڵەرانەی لەوانە (ف.یوستی، ل.فۆسۆم، میوللەر...) لەسەر بناغەی ڕێزمانی زمانانی ترەوە لە زمانی کوردییان کۆڵیوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێکۆڵینەوانە بە بناغەی دامەزراندن و دانانی ڕێزمانی بەراوردکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی هاوچەرخ دەژمێردرێن. (32: 27-28).

## 2- ئەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون:

ئەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون، ئەوانەن کە ئێمە کاریان لەسەر دەکەین. ئەو لێکۆڵینەوانە بە زمانی کوردی لەلایەن ڕێزماننووسانی کوردەوە چ لە دەرەوەی کوردستان، چ لە ناوەوەی کوردستان نووسراون. هەرچەندە لە ناو کورددا لێکۆڵینەوە لە زمان زۆر درەنگ سەری هەڵداوە، کە هۆکارەکەشی بۆ ((بارودۆخی

(1) Fattah.M.M.(1973): The Aplication of a T-G model of grammar to Kurdish syntax (unpublished, M, A Theses), Berut-Lebanon.
(2) Amin, W.O. (1976), some Fundamental rules of Kurdish syntax.
(3) Amin, W.O. (1979), Aspects of verbl construction in kurdish.
(*) لەبەر ئەوەی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە بۆچوونە زمانەوانییەکان لەلای کورد، بۆیە بە پێویستمان نەزانی بە درێژی باس لەم لایەنە بکەین.

سیاسی و ژێردەستەیی و نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ و لە لایەکی تریشەوە زاڵبوونی هە ستی ئاینی بە سەر هە ستی نەتەوا یەتی)) (29: 8) دەگەڕێ تەوە. لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەکرێ بڵێین لە ناوەڕا ستی ذیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا قۆناغێکی تازە لە مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی دە ستی پێکردووە. ئەم قۆنا غەش لە ئەنجامی سەرهەڵدانی بیری نەتەوا یەتی هاتۆتەکا یەوە. قوڵبوو نەوەی هە ستی نەتەوایەتی لە ناو کورددا وای لە خوێندەوارانی کورد کردووە، کە خۆیان با یەخ بە توێژینەوە لە زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەیان بدەن. (1: 32) چونکە لەم کا تەدا کێشەی پێویستی نووسینی ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی بە تەواوی سەری هەڵدابوو، ئەو گۆڤار و ڕۆژناما نەی کە لە عێراق و سوریا و لوبنان بە زمانی کوردی چاپکراون، زنجیرەیەك وتاریان دەربارەی ڕێنووسی کوردی بڵاوکردۆ تەوە. (32: 17-18) بۆ نموونە: لە بەشێکی زۆری ژمارەکانی گۆڤاری (دیاری کوردستان: 1925-1926)دا سەبارەت بە گیروگرفتی نەبوونی هەندێ دەنگی کوردی لە ئەلفوبێی عەرەبیدا و هەوڵی چارەسەرکردنیان و بیروڕا دەربڕین لە بارەی نووسینی کوردی بە لا تینی، ژمارە یەك وتار بڵاوکراونەتەوە، کە وتاری مامۆستایان: (تۆفیق وەهبی، حەقی شاویس، پیرۆت، حەسەن کوردستانی) لە نێوانیاندا دیارن. (7: 36).

هەر لەو ماوەیەدا چەند کتێبێکیش لە بارەی ڕێزمانی کوردی لە چاپ دراون، کە تیایاندا بیرو بۆچوونی چەند ڕێزماننوسێکی کورد بەرچاو دەکەون. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕەچاو بکەین، کە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە ناو کورددا هەر لە سەرەتاوە تا ئەم سەردەمە، بە پ ێی لێکدا نەوە و ڕێ بازی کار و لێکۆڵی نەوەکانیان بە سەر دوو بۆچوونی جیاواز دابەش دەبن، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم/ بۆچوونی ڕێزمانی دێرین.
دووەم/بۆچوونی زمانەوانیی نوێ.

## یەکەم/ بۆچوونی ڕێزمانی دێرین

### أ- سەرهەڵدانی ڕێزمانی دێرین:

لە ز مانی کورد یدا بەرام بەر زاراوەی (د ێرین) زاراوەی ( کۆن، چاولێکەری، کلا سیکی)یش بەکاردێن. سەرهەڵدانی بۆ چوونی د ێرین لە زمانەوانی یدا بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەگەڕێتەوە لە زما ندا. ((ئەفلاتوون لە کتێبی (سۆفیست)دا ناو و کاری لە یەك ج یاکردبۆوە. ئەرستۆ وردە یەکی لێ ز یادکرد و بە شەکانی ئا خاوتنی لە زمانی یۆنانیدا بە سەر ناو و کار و پیت دا بەش کرد. دوای

ئەرستۆ فەیلەسوفە ڕەواقیەکان درێژەیان بە لێکۆڵینەوەکانی ئەودا)) (39: 17) نا بێ ئەوەش لە یاد بکەین، کە ڕێزماننووسانی دێرین خزمەتێکی گەورەی زمانیان کردووە. ڕێزماننووسانی کوردیش لەم ڕووەوە کەمتەرخەمییان نەکردووە و لێکۆڵینەوەکانیان گەلێ لا یەنی ڕێز مانی کوردی ڕوونکردۆ تەوە. بۆ یە دە کرێ بوترێ، کە: قۆ ناغی ڕێز مانی د ێرینی کوردی لە کۆ تایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕا بردوو دە ستی پێکردووە و تا ناوەڕاستی هەشتەکان لە برەو دابووە، بەڵام دوای کرد نەوەی خوێندنی باڵا لە بە شی کوردی زاذ کۆی سەلاحەددین لە ساڵی(1986)دا، ئیتر ئارا ستەی لێکۆڵینەوەکان گۆڕاوە و هەوڵدراوە زیاتر لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی زما نەوانیی نوێ زمانی کوردی شیبکرێتەوە.

**ب- قۆناغەکانی ڕێزمانی دێرین:**

لە سەردەمی بۆ چوونی دێرید ندا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی لێکۆڵینەوەکانەوە، هەست بە بوونی دوو قۆناغی جیاواز دەکرێت:

**قۆناغی یەکەم/** لە کۆتایی ساڵانی بیست تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە.

**قۆناغی دووەم/** سەرەتای ساڵانی حەفتا تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە.

## قۆناغی یەکەم:

لەم قۆناغەدا لێکۆڵینەوەکان لە ڕووی چەندایەتییەوە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕناکات، لەڕووی چۆنایەتیشەوە لێکۆڵینەوەکان سادە و ساکارن و زۆربەیان لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبی، یان ئینگلیزی و زیاتریش بۆ قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانەدا دانراون.

ێزماننووسانی ئەو قۆناغە زیاتر گرنگییان بە لێکدانەوەی بەشەکانی ئاخاوتن و دەنگسازی و کێشەکانی ڕێنووس داوە و کەمتر لە ڕستەسازی و شیکردنەوەی زمان دواون.

لەو قۆناغەدا جگە لە (تۆفیق وەهبی)، ڕێزماننووسانی تر شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە بواری ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا نەبووە، لە ڕووی زمانیشەوە کوردییەکی تێکەڵ بە وشە و دەستەواژەی عەرەبییان بەکارهێناوە، دیارترین ڕێزماننووسانی ئەو قۆناغە بریتی بوون لە: (سەعید سدقی، تۆفیق وەهبی، نوری عەلی ئەمین).

## قۆناغی دووەم:

دەکرێ ئەم قۆناغە بە سەردەمی زێڕینی بۆچوونی ڕێزمانی دێرینی کورد ناوزەد بکرێ، چونکە لەم ماوەیەدا لە پاڵ ئەو ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیریانەی لە سەرەتایی سالآنی حەفتای سەدەی بیستەم لە کورد ستان ڕوویا نداوە. لێکۆڵینەوەش لە زمانی کوردی لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە گۆڕانی بەخۆوە د یوە، لە ڕووی چۆنایەتییەوە زیاتر گرنگی بە شیکردنەوەی زمان و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی زمان دراوە. لە ڕووی چەندایەتیشەوە ژمارەی لێکۆڵینەوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە لە گۆڤارە کانی: ( بەیان، ڕۆ شنبیری نوێ، ڕۆژی کورد ستان، گۆ ڤاری کۆڕی زاذ یاری کورد...) بلأوکراونە تەوە. لە ڕووی زمانیشەوە تا ڕادە یەکی باش کوردی پەتییان بەکارهێناوە.

هەر لەم قۆناغەدا وا تە لە سەرەتای سالآنی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بە دواوە لێکۆڵینەوە لە ز مان بە شێوازێکی ئەکادیمیا نە سەری هە ڵداوە. هۆ کاری ئەم سەرهەڵدانەش سەرەتا بۆ کردنەوەی بەشی کوردی لە زاذکۆی سلێمانی دەگەڕێتەوە، چونکە لەو بەشەدا بەهۆی هەبوونی کادیری پسپۆڕ، بە شێوەیەکی زاذستی لە زمان کۆڵراوەتەوە. هەروەها دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد وەکو سەنتەرێکی ئەکادیمی و بایەخدانی بە لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و پا شانیش گەڕا نەوەی ژمارە یەك قوتابی کورد لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دوو هۆکاری تری سەرهەڵدانی ئەم دیاردە یە بوون. (29: 22).

### ج- تایبەتییەکانی ڕێزمانی دێرینی کوردی:

لە لێکۆڵینەوەکانی ڕێزماننووسانی دێرینی کورد ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە ڕەنگیان داوەتەوە:

1- وشەیان کردووە بە بنج بۆ شیکردنەوەی زمان.

2- واتایان کردووە بە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن.

3- لە پاڵ گرنگ یدان بە جیاکرد نەوەی بە شەکانی ئا خاوتن و دەستنیشانکردنی دەستور و یا ساکانی داڕشتنی ئەم بە شانە، گرنگییەکی زۆریشیان بە لێکۆڵینەوە لە بواری دەنگسازی و کێشەی ڕێنووس داوە.

4- لە ڕووی داڕ شتنەوە و شەیان بە سەر ( سادە) و (نا سادە) دابە شکردووە

5- زۆر گرنگییان بە پێناسەکردن داوە، بەلأم لە پێنا سەکانیاندا بنەما یەکی یەکگرتوو

نەبووە، جارێك پشتیان بە واتا بەستووە و جارێکی تر بە ئەرك و هەندێ جاریش هەستی دەروونی و دەرەوەی زمانیان کردووە بە بنەما بۆ پێناسەکان.

6- لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سنووری نێوان ئاستەکانیان فەرامۆش کردووە و سنوور بەزاندن بەدی دەکرێ بەتایبەتی لە نێوان ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازیدا، تەنانەت ئەمانەش تێکەڵ دەکرێنەوە بە ئاستی واتاسازی.

7- ڕێزماننووسانی دێرین لە ڕوانگەی ڕێزمانی دێرینی هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە زمانی کوردییان کۆڵیوەتەوە.

8- لە لێکۆڵینەوەی زماندا پەیڕەوی هیچ تیۆرێکی زمانەوانییان نەکردووە.

9- بایەخیان بە بواری ڕستەسازی نەداوە و فەرامۆشیان کردووە.

10- لە دانانی زاراوەکاندا نەیانتوانیوە لە نێوان ئەرك و واتادا خۆیان یەکلا بکەنەوە، بە واتایەکی تر دیسانەوە پشتیان بە بنەمای جیاواز بەستووە. بۆ نموونە زاراوەکانی (بکەر، بەرکار...) لەسەر بنەمای واتا دانراون، چەمکە لێکسیکییەکەی ئەم وشانە ڕاستەوخۆ گەیاندنی پێناسە واتاییەکەیانە، کە کەسێکە کارێك ئەنجام دەدات[٭] یان لە زاراوەکانی (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، جێناو) پشتیان بە بنەمای ئەرك بەستووە و تەنانەت بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەرەسانەی ئەرکیان وەك ئەوان بێ هەمان زاراوەیان بۆ داناون، وەك ئاوەڵناوی نیشانە و جێناوی نیشانە بە کاریگەریی ئەرکەکانیان کە وەك ئاوەڵناو و جێناون.

## د- ڕابەرانی ڕێزمانی دێرین:

ئەوانەی لە سەرەتادا کار یان لەسەر ڕێزمانی کوردی کردووە و بناغەی ڕێزمانیدێرینیان لە زمانی کوردی داڕشتووە، ئەوانە ڕۆڵی ڕابەرییەتییان بینیوە لەم بوارەدا، کەبریتین لە:

1- سەعید سدقی کابان.

2- تۆفیق وەهبی.

3- نوری عەلی ئەمین.

## ه- ڕێبازەکانی ڕێزمانی دێرین:

لە ڕووی میتۆدەوە سێ ڕێبازی جیاواز لە چوار چێوەی بۆچوونەکانی ڕێزماننووسانی دێرینی کورد بەدی دەکرێت:

---

[٭] ئەم دیاردەیە گرفتی زۆری بۆ ڕێزماننووسانی دوای خۆشیان و قۆناغەکانی دواتریش دروستکردووە. بۆ نموونە ناچار بوون بۆ ئەوەی لەو دۆخە واتاییەی لێکسیمی (بکەر) ڕزگاربن زاراوەکانی (کارا) و (نیهاد) یان دروستکردووە، بەڵام دیسانەوە سەرکەوتوو نەبوونە لەکارەکانیان.

1- ڕێبازی عەرەبی.

2- ڕێبازی ئینگلیزی.

3- ڕێبازی ڕووسی.

**1- ڕێبازی عەرەبی:**

**أ- سەرهەڵدانی ڕێبازەکە:**

سەرەتایی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی کوردی لەژێر کاریگەریی بۆچوونی زمانەوانە عەرە بەکان بۆ کتێبی ((مختصر صرف و نحوی کوردی)) دەگەڕێتەوە، کە لە لایەن( سەعید سدقی کا بان)ەوە لە ساڵی(1928) چاپکراوە. پا شان چەند ڕێزماننووسێکی تریش بەبێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیەکانی ڕێزمانی کوردی بە پێی هەمان ڕێباز زمانی کوردیان شیکردۆتەوە. هەرچەندە ئەم ڕێبازە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی ناگونجێت، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی نرخ و بەهای خۆی هەبووە.

**ب- خاسیەتەکانی ڕێبازەکە:**

خاسیەتەکانی ئەم ڕێبازە بە ئاشکرا لە ناو ڕێزمانی دێرینی کوردی لەم خاڵا نەی خوارەوە بەدی دەکرێت:

1- جیاکردنەوەی سێ بەشی ئاخاوتن: (ناو، کار، پیت).

2- دانانی(ژمارە، ئاوەڵکار، ئاوەڵناو، ...) بە بەشەکانی ناو.

3- تەنیا جێناوی کەسی: (1-جێناوی کەسی لکاو. 2- جێناوی کەسی جودا) یان جیاکردۆتەوە.

4- دابەشکردنی ناو لە ڕووی داڕشتنەوە بەسەر (سادە)و (لێکدراو).

5- دابەشکردنی بەشەکانی ڕستە بەسەر (نیهاد) و (گوزارە).

6- لە ڕووی وا تاوە ڕ ستەیان بە سەر (ڕ ستەی تەواو) و (ڕ ستەی نا تەواو) دابەشکردووە.

7- دەنگەکانی زمانیان بەسەر(دەنگدار) و (بێدەنگ) دابەشکردووە.

**ج- ڕابەرانی ڕێبازەکە:**

**1- سەعید سدقی کابان:**

**بەرهەمەکانی:**

- مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا، 1928.

**بۆچوونەکانی:**

ئەم بەرهە مە لە ڕووی مێژوویـ یەوە با یەخێکی گەورەی هە یە، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە لە کەم و کوڕی بەدەر نییە، چونکە کارە کەی زیاتر لێکۆڵینەوە بووە لە شێوەی دەرەوەی زمان، نەوەك شیکردنەوەی زمان، جگە لە مەش دە شێ کارە کەی بە وەرگێڕانێکی ڕێزمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی وەسف بکرێ.

(سەعید سدقی) بە ڕا بەری ئەو ڕێبازە دادەنرێت، چونکە یە کەم ڕێزماننووسی کوردە، لەژێر کاریگەریی بۆچوونی ڕێزماننووسانی دێرینی عەرەب لە زمانی کوردی کۆڵیوە تەوە و بە بیرێ کی پێوا نەیی (مع یاری) یا ساکانی ڕێز مانی عەرەبی بە سەر ڕێز مانی کوردی سەپاندووە(x). لە ڕووی بەکارهێنانی وشە و زاراوە و دابە شکردنی بابەتەکانیشەوە هەر لا سایی زمانەوا نە عەرە بەکانی کردوٚ تەوە، بۆ نموو نە لە (ل6)ی کتێبەکە یدا بە شەکانی ئا خاوتنی بە سەر ((ا سم، صفت، ضمیر، فـ عل، أدات)) دابە شکردووە و لە (ل11-28) یش لە ژێر ناونیشانی (بە شەکانی ناو) لە هەریە کە لە(جێناوی نیشانە، ژمارە، چاوگ، ئاوەڵکار، ئاوەڵناو)ی کۆڵیوەتەوە.

لە بە شی (جێناو)یـ شدا لە (ل28-34) تەنیا با سی جێناوی کە سی (لـ کاو)و (جودا)ی کردووە و جۆرە کانی تری جێناوی بە کەرە سەی تر دا ناون، بۆ نموو نە (جێناوی پرس، ئامرازی لێکدەر، نیشانەی بەراورد...)ی بە (أدات) دا ناوە. لە بارەی پێناسەی بەشەکانی ئاخاوتنیشەوە، دیسان لاسایی عەرەبەکانی کردوٚتەوە، بۆ نموو نە لە (ل7) بەم جۆرە پێنا سەی ( ناو)ی کردووە: (( ناو- کلمەیێ کە دانرا بێ بۆ ناوی انسانی، یا حیوانی، یا ناوی شتی)). جگە لە بەشەکانی ئا خاوتن نووسەر لە (ل3) لە پیتەکانی زمانی کوردی دواوە و نووسیویەتی: ((حرفان هیجای کوردی (36) حرفن)). جگە لەمانە ئەم بەرهەمە بە یەکەم کتێبی ڕێزمای کوردی دادەنرێت و نووسەرەکە شی هەروەکو ڕێزماننووسانی دێرین تەنیا لە بواری دەنگسازی و بە شەکانی ئا خاوتنی کۆڵیوەتەوە و خۆی لە ڕستەسازی نەداوە.

---

(x) کا تێ کە ئینگلیزە کان قوتابخا نەیان لە سلێمانی کردوٚ تەوە، داوا یان لە ( سەعید سدقی) کردووە کتێبێ کی ڕێزمانی بۆ قوتابخانەکان دابنێ. لەبەر ئەوەی ناوبراو مەلا بووە و تا کە سەرچاوەی ڕێزمانی عەرەبی بووەو هیچ سەرچاوەیەکیـ شی دەر بارەی ڕێز مانی کوردی لەبەردە ستدا نەبووە، و خۆی یە کەم سەر چاوە بووە، بۆ یە لەژێر کاریگەری ڕێزمانی عەرەبی ڕێزمانێکی بۆ کوردی داناوە. (30: 10).

## 2- نوری عەلی ئەمین:

**بەرهەمەکانی:**

1- قەواعیدی زمانی کوردی (لە صرف و نحو)دا، (ب1)، بەغدا، 1956.

2- قەواعیدی زمانی کوردی (لە صرف و نحو)دا، (ب2)، بەغدا، 1958.

3- ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1960.

4- ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، بەغدا، 1966.

**بۆچوونەکانی:**

( نوری عەلی ئەمین) یەکێکی تر بووە لەو ڕێزماننووسە کوردانەی، لە ژێر کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبی لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە، ئەم کاریگەرییەش لە کارە سەرەتاییەکانی زۆرتر بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە (ل11)ی (ب1) ((قەواعیدی زمانی سکوردی))دا بەشەکانی ئاخاوتنی بەسەر (ناو، کار، پیت) دابەشکردووە و لە (ل27)ی (ب2)دا هەمان بۆچوونی دووبارە کردۆتەوە.

هەر لە (ب1) لە (ل43-98) لەژێر ناونیشانی (ناو و جۆرەکانی) لە هەریەکە لە (جێناوی نیشانە، ئاوەڵکار، چاوگ، ئاوەڵناو، جێناو، ژمارە)ی کۆڵیوەتەوە. دواتریش لە (ل61-68)ی هەمان کتێبدا باسی جێناوە کەسییەکانی کردووە و بەسەر جێناوی کەسی (لکاو) و (جودا)ی دابەشکردوون، دواتریش باسی جێناوی (هەیی) و (خۆیی) کردووە.

لە بارەی پێناسەی (ڕستە)وە لە (ل11-12)ی (ب1)دا دەڵێ: ((ڕستە: ئەو ئاخاوتنەیە، کە لە دوو وشە یا پتر پەیدا ئەبێ و مەبەستێك ئەدا بە دەستەوە)) پاشان لە ڕووی واتاوە ڕستەی بەسەر (ڕستەی تەواو)و (ڕستەی ناتەواو) دابەشکردووە، هەر لە (ب1) و لە (ل98-112)ی کۆتایی کتێبەکەی لە (پیت و جۆرەکانی) دواوە، چەند جۆرێکی لێ یادا شت کردوون. وەك: ( ئامرازی پرسیار، ئامرازی نەفی، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی نادیار...).. بەهەمان شێوە لە (ل144-151)ی (ب2)ی کتێبەکەی باسی (ئامرازەکان)ی کردووە.

هەروەها نووسەر لە سەرەتای کتێبی ((ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی))دا لە دەنگەکانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە، لە ئەنجامدا (12) دەنگی بزوێن و (31) دەنگی نەبزوێنی دەستنیشانکردووە. دواتریش لە کۆمەڵێك گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی دواوە.

جگە لەمانە ( نوری عەلی ئەمین) هەر لە (ب1) و (ب2)ی ((قەواعیدی زمانی کوردی))دا بە زۆری زاراوەی عەرەبی بەکارهێناوە ، لە ڕووی دابەشکردنی (وشە،

ڕسته...)شەوە هەر لا سایی ڕێزماننووسە عەرەبەکانی کردۆتەوە. بۆیە دەکرێ نوری عەلی ئەمین بە درێژە پێدەری ڕێبازەکەی سەعید سدقی دابنرێت، بەڵام پەرەسەندنی پ یوە دیارە هەر ئەم پەرەسەندنە شە واێ کردووە لە کارە کانی ئەم دوایەێ یدا بۆچوونەکانی گۆڕانیان بەسەر دابێن.

## 3- جگەرخوێن:

**بەرهەمەکانی:**

1- آوا ئو دەستورا زمانێ کوردی، بەغدا، 1961.

**بۆچوونەکانی:**

(ج گەرخوێن)یش وە کو ئەو ڕێزماننووسانەی پێ شوو، لە ڕواڵ گەی بۆ چوونی ڕێزماننووسە عەرەبەکا نەوە لە ز مانی کوردی کۆڵیوە تەوە، بۆ نموونە لە (ل12)ی کتێبەکەیدا بەشەکانی ئاخاوتنی بەسەر (ناو، کار، پیت) دابەشکردووە و هەریەکە لە (ژ مارە، ئاوەڵ کار، جێ ناوی نیشانە)ی بە بە شەکانی ناو لە قە لەم داوە. لە باسی(جێناو)یشدا لە (ل62-64) تەنیا باسی جێناوی (کەسی لکاو، کەسی جودا، نیشانە، نادیار)ی کردووە.

سەبارەت بە پێنا سەی بە شەکانی ئا خاوتن، لە (ل29) بەم شێوە پێنا سەی (ئاوەڵناو)ی کردووە. کە ئەو (پەسن)ی پێگوتووە: ((پەسن: ئەوە کۆ بۆی پەسنێ (کەس)، یان (تەبا)، یان تشتکی تێ کردن)).

لە بارەی (دەنگسازی) شەوە لە (ل189) لە دەنگەکانی زمانی کوردی دواوە و (8)دەنگی بزوێن و (25)دەنگی نەبزوێنی دەستنیشانکردووە.

## 4- شێخ محەمەدی خاڵ:

**بەرهەمەکانی:**

1- فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، سلێمانی، 1960.

**بۆچوونەکانی:**

نووسەر لە سەرەتای بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکەیدا بە کورتی باسی هەندێ بابەتی ڕێزمانی و دەنگسازی کردووە، بۆ نموونە لە (ل30) باسی پیتەکانی زمانی کوردی کردووە و (27) پیتی دیاریکردووە. دوا تر لە (ل31) وە کو ڕێزماننووسە عەرەبەکان و شەی بە سەر(ناو، کار، پیت) دابەشکردووە. لە (ل32) باسی (کار)ی کردووە و لە ڕووی ڕۆنانەوە بەسەر (سادە)و (لێکدراو)ی دابەشکردووە.

له بارەی دەنگسازیشەوە لە (ل30) باسی پیتەکانی زمانی کوردی کردووە و (27) پیتی دەستنیشانکردووە.

5- ئەحمەد حەسەن ئەحمەد:

بەرهەمەکانی:

- ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1976.

بۆچوونەکانی:

نووسەر لە ژێر کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبی لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە. بۆ نموونە لە (ل 87)ی کتێبەکەیدا لە بەشەکانی ئاخاوتن دواوە، بەسەر (ناو، کار، پیت) دابەشی کردوون، لەو لاپەڕەیەدا لە بارەی پێناسەی (ناو)ەوە دەڵێ: ((ناو: وتەیەکە، کەسێك، گیانلەبەرێك، بێ گیانێك یان هەر شتێکی پێ دەناسین))، پاشان لە (ل90) لە ڕووی ڕۆنانەوە باسی ناوی (سادە)و (لێکدراو)ی کردووە.

دەربارەی (جێناو)یش لە (ل158) باسی جێناوەکانی کردووە و تەنیا جێناوی کەسی(لکاو)و (جودا)ی جیاکردۆتەوە، دواتر باسی جێناوی (نیشانە)و (هەیی) شی کردووە. ئیدجا نووسەر وەکو زۆر بەی ڕێزماننووسانی دێرین لە (ل13-15) لە دەنگەکانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە و (7) دەنگی بزوێن و (26)دەنگی نەبزوێنی دیاریکردووە.

6- لێژنەی(زمان و زانستەکان)ی کۆڕی زانیاری کورد:

بەرهەمەکانی:

- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لێژنەی زمان و زانستەکان، بەغدا، 1976.

بۆچوونەکانیان:

لێژنەی (زمان و زانستەکان) کە پێکهاتبوو لە (مەسعود محەمەد، د.نەسرین فەخری، صادق بەها ئەدین، نوری عەلی ئەمین). بەدانانی ئەم کتێبە کەلێنێکی گەورەیان لە بواری ڕێزمانی کوردی پڕکردۆتەوە. لە ڕووی زانستیشەوە ڕێبازێکی ئەکادیمیان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پەیڕەوکردووە. لە هەمان کاتدا ئاوڕیان لە گەلێك کێشەی نادیاری ڕێزمانی کوردی داوەتەوە و لێکدانەوەی دروستیان بۆ کردوون. لەم بەرهەمەدا کە لە ڕوانگەی ڕێزمانی دێرینی عەرەبی و ئینگلیزی لە بەشەکانی

ئاخاوتنيان کۆڵيوەتەوە، لە ڕووی زاراوەوە بە زۆری زاراوەی عەرەبيان بەکارهێناوە، لە ڕووی دابەشکردنی بابەتەکانيشەوە هەر لاسايی ڕێزمانی عەرەبييان کردۆتەوە، بۆ نموونە: لە (ل243–244) ليژنە لە دەستنيشانکردنی ئەو شانەی کە لە کار وەردەگيرێن، بە تەواوی لاسايی ڕێزمانی عەرەبييان کردۆتەوە، ناوی ئەو وشانەيان بەم شێوە ياداشت کردووە:

ناوی کارا (اسم فاعل)، ناوی بەرکار (اسم مفعول)، ناوی چاوگ (اسم مصدر)، ناوی جێگا (اسم مکان)، ناوی ئامێر (اسم اله)، ناوی ناسادە (الاسم المرکب).

لە (ل221–222)شدا ديسان وەکو عەرەبەکان کاری (داخوازی) يان بەسەر دوو ڕێژە دابەشکردووە: (فەرمانی صريح) و (فرمانی ناصريح).

جگە لەمانەی باسکران، لە زۆر شوێنی تريشدا لاسايی ڕێزمانی عەرەبييان کردۆتەوە.

## 2- ڕێبازی ئينگليزی:

### أ- سەرهەڵدانی ڕێبازەکە:

سەرەتايی لێکۆڵينەوە لە ڕێزمانی کوردی لەژێر کاريگەريی ڕێزمانی دێرينی ئينگليزی لە کتێبی ((دەستوری زمانی کوردی))ی (تۆفيق وەهبی) ڕەنگی داوەتەوە، کە لە ساڵی(1929) چاپکراوە. دواتر ڕێزماننووسانی تريش سووديان لەم ڕێبازە بينيوە و پەرەيان پێداوە، چونکە ئەم ڕێبازە گونجاوتر بووە بۆ لێکدانەوەی زمانی کوردی.

### ب- خاسيەتەکانی ڕێبازەکە:

ئەم ڕێبازەش وەکو ڕێبازەکانی تری ڕێزمانی دێرين لە شيکردنەوەی ڕێزمانی کورديدا، بەم خاسيەتانە دەناسرێتەوە:

1- جياکردنەوەی هەشت بەشی ئاخاوتن.

2- دانانی (ژمارە) بە بەشێك لە ئاوەڵناو.

3- جياکردنەوەی حەوت جۆر لە جێناو.

4- جياکردنەوەی کاری ناتەواو لە کاری تەواو، کە ئەمەش کۆپی (Verb to be)ی زمانی ئينگليزييە.

5- لە ڕۆنانی ڕستەدا زياتر جەخت لەسەر واتا دەکەن نەوەك لەسەر لايەنی مۆرفۆلۆجی.

6- هەر وشەیێك لە پاڵ ناو هاتبێت، ناویان لێناوە ئاوەڵناو، جا بە پێی جۆری وشەكە ئە گەر ژ مارە  بێ، ناو یان  ناوە ئاوەڵ ناوی ژ مارە، ئە گەر نیـ شانە  بێ، ناو یان  ناوە ئاوەڵناوی نیشانە.

## ج- ڕابەرانی ڕێبازەكە:

### 1- تۆفیق وەهبی:

**بەرهەمەكانی:**

1- دەستووری زمانی كوردی، بەغدا، 1929.

2- خوێندەواری باو، بەغدا، 1933.

**بۆچوونەكانی:**

نووسینەكانی (تۆفیق وەهبی) لە مێژووی لێكۆڵینەوەی زمانی كورد یدا ڕۆڵێكی گەورەیان بینـ یوە، تاوەكو ئەمڕۆش سوودبەخـ شن. لە ڕووی زانـ ستییەوە دە كرێ كارە كەی ئەو بە بەراورد لە گەڵ كارە كانی سەردەمی خۆی بە زانـ ستی تر دابـ نرێ، چونكە شارەزاییەكی با شی لە ز مانی ئینگلـ یزی و عەرەبی...هـ تد و دیالێكـ تەكانی زمانی كوردی و نەژادی زمانە كەی هەبووە. جیاوازیی گرنگ لە نـێوان ئەم بەرهە مە و بەرهەمەكەی (سەعید سدقی) ئەوەیە، كە: (سەعید سدقی) یاساكانی ڕێزمانی عەرەبی بەسەر زمانی كوردی سەپاندووە، كە چی (تۆفـ یق وەهـ بی) لەژێر كاریگەریی ڕێزمانی ئینگلـ یزی لە ز مانی كوردی كۆڵیوە تەوە، (تۆفـ یق وەهـ بی) بە ڕا بەری ئەم ڕێـ بازە دادەنرێت، چونكە یەكەم كەس بووە لە ژێر كاریگەریی ڕێزمانی ئینگلـ یزی لە زمانی كوردی كۆڵیوە تەوە. بۆ نموو نە لە (ل15)ی كتێـ بی ((دە ستوری ز مانی كوردی))دا هە شت بە شی ئا خاوتن: ((1- ناو. 2- سیفەت. 3- بۆ ناو. 4- فیـ عل. 5- ئەداتی تەواوی. 6- زەرف. 7- ئەداتی یەكـ خەر. 8- ندا))ی جیاكردۆ تەوە و (ژ مارە)ی بە بە شێك لە ئاوەڵـ ناو دا ناوە. سەبارەت بە(ڕ ستە)ش لە (ل11)دا بۆ بە شەكانی ڕ ستە (با سلێكراو)و ( باس)ی دەستنیـ شانكردووە و بەم جۆرە پێنا سەی ڕ ستەی كردووە: ((جومـ لە بەیان كرد نی حوكمێـ كە)). لە بارەی پێنا سەی (ئاوەڵـ ناو)یش لە (ل16) نووسیویەتی: ((سیفەت كە كلمەیێكە كە بۆ تەواوكیردنی مەعنای ناو یان بۆناو بەكەڵك ئەهێنرێ)).

هەر لەژێر كاریگەریی ڕێزمانی ئینگلیزی لە (ل43-44)ی كتێـبی یە كەمی با سی كاری (ناتەواو)ی كردووە لە زمانی كوردیدا، كە ئەو(باسی ناتەواو)ی پێگوتووە. دواتر

له (ل82–83)ی هەمان کتێبدا هاتۆته سەر باسی(جێناو) و حەوت جۆره جێناوی جیاکردۆتەوه، وەك جێناوەکانی: (کەسی، نیشانه، لێکدەر، نادیار، پرس، خۆیی، هەیی).

له گەڵ هەموو ئەمانه شدا، که چی له هەندێ بۆچوونی کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبیی بەسەردا بەدی دەکرێت، بۆ نموونه له (ل15)ی کتێبی یەکەمیدا (ندا)ی وەکو بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن دەستنیشانکردووه. هەر له (ل2)ی هەمان کتێبدا وەکو عەرەبەکان پیتەکانی زمانی کوردی بە سەر(حەرف دەنگی)و ( حەرف حەرکه) دابەشکردووه.

له کتێبی((خوێندەواری باو))یشدا نووسەر بە شێوەیەکی زانستیانه له شێوه و کاری پیتەکان و چۆنیەتی نووسینی کوردی به لاتینی توێژیوەتەوه و (8)دەنگی بزوێن و (25)دەنگی نەبزوێنی دیاری کردووه و دەنگی(y)شی به نیمچه بزوێن داناوه.

(تۆفیق وەهبی) نەك هەر له بواری ڕێزمان، بەڵکو وەکو شارەزایەك له لێکدانەوەی گەلێك بواری تری وەك: (فەرهەنگسازی، مێژووی زمان، ڕێنووس، خاڵبەندی، دانانی وشه و زاراوەی نوێ) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوه. (26: 199–201) ئەگەرچی (تۆفیق وەهبی) به یەکێك له ڕابەرانی بۆچوونی ڕێزمانی دێرین دادەنرێت، ((بەڵام ناکرێت هەموو کارەکانی به دێرین وەسف بکرێت، چونکه ئەو له ناو دێرینەکەش گرنگی به لایەنی ڕۆنان داوه))(*). بۆ نموونه کاتێ له (ل50–55)ی کتێبی یەکەمی باسی ڕۆنانی ناوی (داڕێژراو)ی کردووه، که ئەو ناوی (دروستکراو)ی پێگوتووه، دەڵێ: ((ئەتوانرێ له سیفەت، له فیعل و له ناو هەندێ چەشن ناو دروست بکرێ؛ ئەم چەشنه ناوانه پێیان ئەڵێن ناوی دروستکراو))، دواتر به چەند ڕێگایەك چۆنیەتی ڕۆنانی ناوی داڕێژراوی له (ئاوەڵناو، ناو، کار) بەپیارمەتی پاشگر ڕوونکردۆتەوه و هەموو ئەو پاشگرانەشی یادداشت کردووه، که بەشداری له ڕۆنانی ئەم جۆره ناوه دەکەن. له (ل13)ی هەمان کتێبیدا، له بۆچوونێکی تریدا دەربارەی کار، دەڵێ: ((فیعل ناووکی جوملەیه، حەتتا فیعلێکی گەردان کراوی کەسدار سەربەخۆ جوملەیێکه)).

ئەم بەڵگانەی سەرەوه ئەوه دەگەیەنن، که (تۆفیق وەهبی)ش وەکو زۆربەی ڕێزماننووسانی کورد له ڕێبازێك زیاتری له لێکۆڵینەوەکانیدا پەیڕەوکردووه.

---

(*) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ (پ.د.محەمەد مەعروف فەتاح) بەرواری 2009/4/14.

## 2- نوری عەلی ئەمین:

ئەگەر چی پێ شتر با سی ( نوری عەلی ئەمین)مان کرد، کە یەکێك بووە لەو ڕێزماننوو سە کوردا نەی لەژێر کارێ گەریی ڕێز مانی عەرەبی لە ز مانی کوردێ یان کۆڵیوە تەوە. بەڵام پێویستە ئەوە بگوترێ کە ناوبراو یەك ڕێبازی نەبووە، سەرەتا پەیڕەوی ڕێز مانی دێری نی عەرەبی کردووە و پا شان دوای شارەزابوونی لە ڕێبازو پرۆگرامی ڕێزمانی ئینگلیزی، دەستکاری بەرهەمەکانی کردووە. بۆ نموونە لە کتێبی ((ڕێز مانی کوردی))[٭] هە شت بە شی ئا خاوتن: ( ناو، جێ ناو، ئاوەڵ ناو، چاوگ، ئاوەڵ کار، ئامرازی پەیوە ندی، ئامرازی پێ بە ست، ئامرازی ندا)ی جیاکردۆ تەوە. دەربارەی (جێناو)یش لە (ل87-107)ی هەمان کتێبدا لەژێر ناونیشانی (بابە تەکانی ڕاناو) لە جێناوی کۆڵیوەتەوە و حەوت جۆرە جێناوی دەستنیشانکردووە.

## 4- لیژنەی (زمان و زانستەکان)ی کۆڕی زانیاری کورد:

### بەرهەمەکانی:

1- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکان، بەغدا، 1976.

هەروەکو پێشتر ئامارە مان پێکرد بوو، لیژنە لە ژێر کاریگەریی ڕێزمانی دێرینی عەرەبی و ئینگلیزی لە ز مانی کوردێ یان کۆڵیوە تەوە و چەند نموونەیەکی شمان دەربارەی کاریگەریی ڕێزمانی دێرینی عەرەبی خستەڕوو. ئێستاش چەند نموونە یەك دەربارەی کاریگەریی ڕێزمانی ئینگلیزی لەسەر بۆچوونەکانی لیژنە دەخەینە ڕوو، بۆ نموونە:

لیژنە هەشت بەشی ئاخاوتنی جیاکردۆ تەوە، کە ئەما نەن (( ناو، ڕا ناو، ئاوەڵناو، ( کار- چاوگ)، ئاوەڵ کار، ئامرازی پریپۆزێ شن، ئامرازی عەتف، ئامرازی ن یدا و تەعەجوب)). لە (ل88)یش باسی (ئاوەڵناوی ژمارەیی)یان کردووە، واتە (ژمارە)یان بە ئاوەڵناو داناوە. سەبارەت بە(جێناو)یش لە (ل27-74) باسی جێناو یان کردووە و لە شەش جۆر جێناو: (کەسی، خۆیی، هەیی، پرس، نادیار، لێکدەر)یان کۆڵیوەتەوە.

## 3- ڕێبازی ڕووسی(ڕۆژهەڵاتی):

ئەم ڕێبازە ئەگەرچی لە حەفتاکانی سەدەی ڕا بردوودا ڕۆ ڵی بەرچاوی هەبوو لە لێکۆڵی نەوەی ز مانی کوردی، بەڵام دە بێ ئەوەش لە بەر چاوبگرین، کە ئەم ڕێ بازە

---

[٭] نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1960.

نەیتوانی لە کوردستاندا گەشە بکا. جگە لەو چەند کەسەی کە لە سۆڤیەت خوێندنیان تەواوکردبوو و کاریگەریی قوتابخانەی سۆڤیەتییان لەسەر بوو، ژمارەیان زیادی نەکرد و ئەندامی تریان بۆ دروست نەبوو. یان بە واتا یەکی تر ئەم ڕێبازە نەیتوانی ببێتە قوتابخانە یەك و نەوەی نوێی زما نەوانیی لیٚ دەربچیٚ، یان در یژە بە بەردەوامی ڕێبازەکە بدریٚ. ئەوەش بە بۆچوونی ئێمە بۆ سیٚ هۆکار دەگەڕێتەوە:

1- ئەو پەیوەندی یە سیا سیەی حکوو مەتی ع یراق لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە حەفتاکاندا هەیبوو گۆڕانی بەسەرداهات، ئە مەش کاری کردە سەر بواری پەیوە ندیی ئەکادیمی و بە تایبەتییش ئەم ڕێبازە، ئەوەبوو دواتر قوتابیانی کوردیان بە مەبە ستی تەواوکردنی خوێندن بۆ سۆڤیەت نەدەنارد، بەڵکو ئاراستەی نارد نە دەرەوەی قوتابیان گۆڕا بۆ ڕۆژ ئاوا، ئە مەش ڕا ستەوخۆ بووە هۆی ئەوەی کە ئە ندامانی ئەو گروو پە بەداخراوی بمێننەوە و ئەندامی نوێیان نەبیٚ.

2- هۆکاری دووەم پەیوە ندیی بە خودی ئە ندامانی ئەو گروو پەوە هە یە، کە خۆ یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕێبازەکانی تر و کاڵبوونە تەوە لەو میتۆدە سۆڤیەتییەدا، ئەمەش ڕەنگە بۆ نەبوونی سەرچاوەی نویٚ و هاو چەرخ لە سەر زما نەوانیی سۆڤیەتی بگەڕێتەوە.

3- لە گەڵ درو ستبوونی ئەو کۆمە ڵە زمانەوا نە لە ناو کورددا، خوێ ندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە کوردستاندا نەبوو، دەستپێکردنی ئەم هەنگاوە دواکەوت تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، دیارە لەو ماوەیە شدا ڕێبازی تر زیاد بووە و کاڵبوونەوە و دوورکەوتنەوەی ئەوان زیاتر بووە، ئە مەش وای کردوون، ڕەنگدا نەوەی ڕێبازەکە لەسەر ئەو قوتابیانە زۆر کەم بیٚ، کە ئەوان سەرپەرشتییان کردوون، بۆ زیاتر ڕوونکرد نەوەی ڕێبازە کە لەم لێکۆڵینەوە یەدا هەو ڵدەدەین با سی چەند لا یەنێکی ئەم ڕێبازە بکەین:

## أ- بنەماکانی ڕێبازی ڕووسی:

لەبەر ئەوەی پێشبینی دەکریٚ، بنەماکانی ئەم ڕێبازە لە بیروڕا کانی زما نەوانیی ڕووسی سەرچاوەی گرتبیٚ، بۆیە پێش ئەوەی باسی ئەو ڕێبازە لە ناو ڕێزمانی کوردی بکریٚ، پێویستە سەرەتا با سی د یارترین ئەو ڕێباز و بۆ چوونانە بکریٚ، کە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ڕووسیاو دواتریش لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت لە ئارادابوونە:

**1- بیروڕای زمانەوانە هاوچەرخەکانی ڕووس:**

لە کۆ تایی سەدەی نۆزدە هەم و سەرەتایی سەدەی بیستەمدا بیرو بۆ چوونە تازەکانی چەند زما نەوانییك لە بواری زما نەوانیی ڕووسیدا ڕەنگی داوە تەوە، ئەما نە دوا تریش ناو یان لە ڕیزی ڕا بەرانی زما نەوانیی نویٚ دەبینریٚت، بەڵام بە هۆی بارودۆخی سیا سی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، نا چار بوو نە ڕووسیا جیٚبهیٚڵن و لە تاراوگە دریٚژە بە کارەکانیان بدەن.. هەندیٚ لەم زمانەوانانە ئەمانەی خوارەوەن:

* یەکیٚك لەو زمانەوانا نە (نیکۆلای تروبتسکۆی)یە، کە بە دامەزریٚنەری زانستی فۆنۆلۆج یا دادەنریٚت، لە ساڵی(1922)دا چۆتە (ڤیەنا)و لەویٚ زانستی زما نە سلاڤیەکان و ئەدەبی ڕووسی گوتۆتەوە. (51: 235-236)

* (ڕۆمان جاکبسۆن).. ئەمە پسپۆڕی ڕیٚزمانی بەراورد و زمانەوانیی سلاڤی بووە، لە ساڵی(1915)دا بەشداری کردووە لە دامەزرا ندنی قوتابخا نەی زما نەوانیی (مۆسکۆ)و دا نانی هە ندیٚ تیۆری ئەدەبی نویٚ، لە ساڵی (1920) ڕووی کردۆ تە ( براگ) و هاو کاری (تروبتسکۆی) کردووە لە دا نانی فۆنۆ لۆجی ڕۆ نانی، دوا تر لە ساڵی (1938)دا بۆ تە جیٚگری سەرۆکی یا نەی زما نەوانیی براگ. (سەر چاوەی پیٚشوو: 241-242).

هەر لەو ماوە یەدا دوو قوتابخا نەی زما نەوانیی بەناوبانگ لە ڕووسیا سەریان هەڵدا، زۆریٚك لە بۆچوونە سەرەکییەکانی زمانەوانیی نویٚ لە بیروڕاکانی دامەزریٚنەرانی ئەم دوو قوتابخانەیە سەرچاوەیان گرتووە، کە بریتیین لە:

**أ- قوتابخانەی کازان:**

ئەم ناوە ئەمڕۆکە بۆ گوزارشت کردن لەو بیروڕا زمانەوانییا نە بەکاردیٚت، کە لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا هەردوو زما نەوان: ( جان بودوان دی کورتینی)و (کروزتسیفسکی) گەشەیان پیٚدابوو. بیروڕای نویٚی ئەم زمانەوانا نە ئەو کا تە دروست بوو، کە (بودوان دی کورتینی) لە زانکۆی کازان لە ڕووسیا وانەبیٚژ بوو. بۆچوونە نویٚ یەکانی ئەم دوو زمانەوا نە لە بارەی زمانەوانی یەوە وایکرد بوو، کە لە بیرو بۆچوونەکانی تر جیابکریٚنەوە، بەڵام ئەم بۆچوونانەیان لە قۆناغیٚکی درەنگی سەدەی بیستەم بەرەو پیٚگەیین چوون، هەرچەندە ئەم دوو زمانەوا نە ماوە یەکی دریٚژ بەیە کەوە نەماونە تەوە تا بتوانن تیۆریٚکی زما نەوانیی گشتی، یان قوتابخانە یەکی زما نەوانیی دا بمەزریٚنن، کە چی دە توانین، بیرۆ کە سەرەتایەکانی زۆر یٚك لە بیرو بۆ چوونە

سەرەکییەکانی زمانەوانیی نویّ لە بۆچوونەکانی ئەم دوو زمانەوانە بەدی بکەین، بۆ نمونە: جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە، کە دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان قسەکردنی تاك و زمانی کۆمەڵ. (52: 159–160)

لەو سەردەمەدا بواری زمانەوانیی لە ڕووسیا زۆر گەشەی کردووە، چونکە ((قوتابخانەی کازان مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی فراوانکرد و لە یەککاتدا تیۆری و پراکتیکی بەرانبەر یەکتر ڕاگرت، بایەخێکی تایبەتی بە گەلاڵەکردنی تیۆری فۆنیم و گۆڕانی فۆنەتیکی و مۆرفیم و جۆرەکانی مۆرفیم و پرۆتسێسی وشەسازی دا)). (28: 42).

یەکەم چەمکی نویّ لە بارەی فۆنیمەوە هەر لە چوار چێوەی باسە زمانەوانییەکانی قوتابخانەی کازان سەری هەڵدا، بەڵام لەدوایدا ( بودوان دی کۆرتینی) وازی لەم بۆچوونە هێنا. گرنگی قوتابخانەی کازان لەوەدا دەردەکەوێت، کە بیروڕا زمانەوانییەکانی ئەم قوتابخانەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆرە نوێیەکانی هەریەکە لە (دی سۆسێر)و (ئەدقەی براگ)، بەڵام خەڵك لە سەرەتاوە هەستیان نەدەکرد ئەوە کاریگەریی قوتابخانەی کازانە. لە لایەکی تریشەوە هاوچەرخانی ئەم دوو زانایە زۆر بێ ئاگابوون لەو داهێنانە سەرسوڕهێنەرانەی لە بواری زمانەوانیی لە قوتابخانەی کازان دادەهێنران. (52: 161).

## ب– قوتابخانەی مۆسکۆ:

ئەم قوتابخانەیە لە سەردەستی (چاکبسۆن)و کۆمەڵێك لە قوتابیانی زانکۆی (مۆسکۆ) لە ساڵی (1915)دا دامەزراوە (51: 242) و گەشەی سەندووە. جا ڕابەرانی ئەم گرووپە بە (کۆمەڵی خاوەن بۆچوونی وشەسازی)، یان ( سنوورییەکان)، یان (ڕواڵەتیەکان)، یان بە کۆمەڵی ئۆپۆجاز(Opojz) ناو دەبرێن، کە کورتەی ڕوانگەیەکی ڕووسی پێکدێنێت بە ناوی (کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی شیعری).بۆچوونەکانی ئەم کۆمەڵە زمانەوانییەکانگایەکە لە کانگاکانی بونیادگەری (سۆسێر)و بۆچوونە زمانەوانیی و ڕەخنەییەکەی لەسەر وازهێنانی بونیادی بۆچوونی کلاسیکی دامەزراوە، کە دیاردە زمانەوانییەکان لەسەر بنەمای تەوەرەیی پەیوەندیی پتەوی نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆك شرۆڤە دەکات. لە دیارترین بۆچوونەکانیان ئەوەیە کە شیعر لە لای ڕابەرانی خۆی بەکارهێنانێکی ئەدەبی تیایە بۆ زمان. ئەدەب لە لای ڕواڵەتیەکان سیفەتێکی هەیە کە بەکارهێنانێکی تایبەتیی زمانە(40: 45–46).

* (فیلیپ فیدوروڤیتش فۆرتۆناتۆڤ)، که دامەزرێنەری قوتابخانەی زمانەوانیی (مۆسکۆ)بووه و هەر لە زانکۆی مۆسکۆش پرۆفیسۆری ڕستەسازی بەراورد بووه. بۆچوونەکانی ئەم زمانەوانە لە بارەی زمانەوە بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتوو بووه و لە کارەکانیدا درکی بەوه کردووه، کە پێویستە جیاوازی بکات لە نێوان لایەنی مێژوویی(Diachrony)و لایەنی ئێستایی(Synchrony) لە لێکۆڵینەوەی زمانندا و لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووه، کەوا نەهێڵێ دەروونناسی بێتە ناو زمانەوانیی، بۆ ئەوەی بە پێوەرە تایبەتیەکانی زمان لە زمان بکۆڵرێتەوە. (52: 167).

((قوتابخانەی زمانەوانیی مۆسکۆ شان بە شانی تۆێژینەوە لە کێشەی جۆر بەجۆری دەنگسازی و وشەسازی هیندو ئەوروپایی لە مێژوویی زمانی ڕووسییان کۆڵیوەتەوە و درێژەیان بە نەریت و ڕێبازی زمانەوانانی وەك :(ی.ی.سریزنێڤسکی)و (ف.ی.بۆسلاییڤ)و (ئا.ئا.پۆتێبنیا)داوە. (فۆرتۆناتۆڤ) و هەڤالانی لە ساغکردنەوەی ڕێزمانی گشتییدا ئەنجامی باشیان وەدەست هێنا، بەتایبەتی لە بارەی لێکۆڵینەوەی فۆرمی وشە و فۆرمی دەستەواژە)) (28: 44).

(فۆرتۆناتۆڤ) ژمارەیەکی زۆر نووسینی لە دوای خۆی جێنەهێشتووه، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا قوتابخانەیەکی زمانەوانیی بەناوبانگی دامەزرا ندووه. بیرو بۆچوونەکانی بوونە تەسەر چاوەی ئیلهامی کاری ژمارەیەك زمانەوانیی ناوداری قوتابخانەی سلاڤی وەکو: (بشکۆڤسکی، شاخماتۆڤ، بیلیتش...)، هەروەها ئەو وانانەی لە زانکۆ گوتبوویەوه کاریگەریی زۆری هەبووه لەسەر زمانەوانانی تر (52: 167). ئەم قوتابخانە زامانەوانیە لە ساڵی(1934) پەرت دەبێت و کۆتایی پێدێت. (40: 48).

## 2- سەرهەڵدانی زمانەوانیی سۆڤیەتی:

بیرو بۆچوونەکانی قوتابخانەی(مۆسکۆ) لە یەکێتی سۆڤیەتدا تا ساڵانی یەکەمی شۆڕشی ڕووسی هەر بەردەوام بوون، بەڵام بە ماوەیەکی کەم بەر لەوە ئاڕاستەیەکی بیری نوێ لە زمانەوانیی سۆڤیەتیدا سەری هەڵدا، ئەم ئاراستەیە بە تیۆری(مار) ناوزەد دەکرێت، کە لە لایەن (نیکۆلای یاکوفیلیفیتش مار) داهێنرا بوو. ( مار) ئاراستەی لێکۆڵینەوەی خۆی لە سایەیی کەلتوری زانایانی ڕستەسازیی نوێ دەستپێکرد، بەڵام زۆر بە خێرایی ناو بانگی ئەوەی بۆ دروست بوو، کە ئەمە پسپۆڕێکی دیارە لە زمانەکانی قەوقاز، لەم بارەیەوە ژمارەیەك دانراوی دیاری بڵاوکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام خەریکی تیۆری زمانەوانیی گشتی بوو، ئەگەرچی لەمەدا سەرکەوتنی زۆر کەمتری بەدەستهێنا. (52: 171).

به گشتی بیروڕا زمانەوانییەکانی(مار) لە سێ خاڵدا کۆدەبنەوە:

1- مار پێی وا بوو هەموو زمانێکی ئەو سەردەمە لە بنجدا لە یەك زمانی سەرەکی سەرچاوەیان گرتووە. ئەوە شی ئا شکرا کرد، کە ئەم پێکها تە دەنگیا نە (Sal، Ber، Jon، Roš) ڕە گەزی دەنگی سەرەکی بوو نە، تەواوی زما نەکانی جیهان لە ڕێگەی مامەڵەکردنی هاوشێوەیان لەگەڵ یەکتردا لەوا نەوە سەرچاوەیان گرتووە. (سەرچاوەی پێشوو: 172).

2- بە بۆ چوونی(مار) ز مانی نە تەوەیی بوونی نی یە، ئەوەی هە یە ز مانی چینە کۆمەڵایەتیەکانە. (مار) پێی وا بوو زمان دیاردە یەکی کۆمەڵا یەتی و ئابووریە خاوەن تایبەتمەندیی چینایەتی ڕوون و ئاشکرایە. هەر قۆناغێکی تایبەتیش لە قۆنا غەکانی گە شەی ز مان بە ستراوەتەوە بە هەڵوێ ستی ئابووری و کۆمەڵا یەتی قۆناغە کە، بەم شێوەیە بنیاتی زمان لەگەڵ بنیاتی کۆمەڵگا و بنەما ئابورییەکەی گۆڕانی بەسەردا دێ. (49: 331).

3- زما نەکان لە ڕێ گەی یەکگرتن و تێ کەڵبوون درو ستدەبن و لە گەڵ گە شەکردنی قەوارە سیاسیەکان دەڕۆن. (52: 174).

بیروڕاکانی(مار) لە سەرەتادا پێچەوانە بوو لە گەڵ ڕا ڤەی مارکسی بۆ زمانی بنج، بەڵام بیروڕاکانی قۆناغەکانی کۆتایی تە مەنی گو نجاو بوون لە گەڵ بۆ چوونی مارکسی بۆ زمان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، لەبەر ئەوە بۆ ساڵانێکی درێژ لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕێگەی ئەوە نەدەدرا ڕەخنە لە بیروڕاکانی (مار) بگیرێت. (سەرچاوەی پێشوو: 175).

گرنگترین ئەو بۆ چوونانەی لە ناو تیۆرە کەی مار ڕەنگی داوە تەوە ئەوە یە ((زمان لە بنجدا یە کە، هەمیشە زما نەکان دەگە نە یەك پ لەی گە شەکردن کە ئەویش بنیاتی سەروی کۆمەڵا یەتی و ئابووری یە، کە خاوەن تایبەتمە ندیی چینایەتی ڕوون و ئا شکرایە)). (سەر چاوەی پێ شوو: 174). ئە مەش پ ێی دە گوترێ ت یۆری ماری و مارکسی. (49: 331).

تا ساڵی (1950) بیروڕا کانی مار باڵی بە سەر زما نەوانیی سۆڤیەتیدا کێشابوو، بەڵام لەو ساڵەدا (ستالین) لەپڕ بە تەواوی پێچەوانەی بیروڕاکانی ( مار) قسەی کردووە و ئا ماژەی بەوە کردووە، کە ز مان لە سەر ڕێکخ ستنی ئابوری ناوە ستێت، چونکە دەبینین، خودی زمانی ڕووسی زمانێکی باش بووە بۆ هەریەکە لە سەرمایەداریی پێش شۆڕش و شوعیەتی دوای شۆڕش، ئەم بۆچوونە بەو ڕوونیە پێشتر ڕانەگە یەنرابوو، بەڵام کە (ستالین) وای گوت، ئیتر بووە هۆی ئەوەی چیتر تیۆرەکانی ( مار) پلەو پا یەی

باڵکێشانیان بە سەر گۆڕە پانی زما نەوانیی سۆڤیەتیدا بۆ نەمێنێ تەوە. (سەر چاوەی پێشوو: 332) ئیتر لەو کاتەوە زما نەوانانی سۆڤیەتی بە شێوەیەکی بەهێز تێکەڵاوی زانایانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بوون، گەشەکردنە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی گەرم و گوڕ و بەرهەمدار خرانە بەرباس و گفتوگۆ. لە زمانەوانییدا گرنگی تایبەتی بە فەرهەنگ درا. لە بواری زما نەوانیی مێژوویی و بەراوردیشدا، لێکۆڵینەوە سلاڤیەکان کە پێشتر بەهۆی بیرو ڕاکانی( مار)ەوە دامرکێنرابوو نەوە، پێشکەوتنی زۆر گەورەیان بەخۆوە بینی. (سەرچاوەی پێشوو: 332).

## 3- زمانەوانیی سۆڤیەتی و ڕێبازی ڕۆنانکاری:

(سیرجی کلاسفل) لە ماوەی نێوان ساڵانی(1917-1919) هەندێ لە بیروڕا کانی سۆ سێری لە زانکۆی (مۆسکۆ) خستەڕوو، بەڵام بە هۆی هەلو مەرجی تایبەتی ئەو کا تەی وڵات بیروڕا کانی سۆ سێر کاریگەری یەکی ئەوتۆیان نەبوو، چونکە ڕێ بازی (مار)ی باڵی بەسەر زمانەوانیی کلاسیکی کێشابوو، هەر ڕێبازێکی نوێش بە تایبەتی ئەوەی لە ڕۆژ ئاواوە دە هات بە تو ندی ڕەت دەکرا یەوە، بۆ نموو نە: ئەو کا تەی زما نەوانیی ئە مەریکی ( ساپیر) لە لای زۆری نەی زما نەوانان نا سراو نەبوو، ئەو ڕەخنا نەی شوێنکەوتوانی ڕێبازی ( مار) ئارا ستەیان دە کرد، وا یان کرد کە ( ساپیر) دەربکەوێ. تەنانەت بە کەسێکی ڕەگەزپەرست وەسفکرا، بۆیە ئیتر شوێنی بۆ نەمایەوە لە سۆڤیەت تا ساڵی(1956)، لەو ساڵەدا کە بابە تەکانی لە سەر لا پەڕەکانی گۆ ڤاری (ئاری شەکانی زما نەوانیی- Voparocy Jazikoznauija) کەوت نە بەر چاوی خوێنەران، ئیدجا ( ساپیر) نرخی بۆ پە یدابوو. لە لا یەکی ترەوە هەر لە گەڵ بە ستنی کۆنگرەی بی ستەمی حز بی شیوعی لە ساڵی (1956)دا، قسە کەو تە سەر ئەوەی، پێوی ستی وا دەخوازێت چەندەها ئامێر بۆ وەرگێڕان درو ست بکرێت، لە بەر ئەوەی زما نەوانانی سۆڤیەتی هە ستیان کرد، پێوی ستییان بەوە یە شارەزای پرۆگرا می ڕۆناذ کاری و لۆجیکی بیرکاری بن. سەرەتای ئەو کارە یان لە زانستی دەنگ سازی و دەنگ سازیی تاقیگەیی دە ستپێکرد، کە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا لە یەکێتی سۆڤیەت فەرامۆش کرابوو. هەروەها ئەو زانایا نە گرنگیان بە بەکارهێنانی ڕێوەرە ئاماریەکان بۆ لێکۆڵی نەوەی زما نەوانیی. ئەوەبوو هەر لەو ساڵەدا گۆ ڤاری (ئاری شەکانی زما نەوانیی)، لە بارەی نرخ و بەهای پرۆگرا می ڕۆناذ کاری لە زمانەوانی یدا، گفتوگۆ یەکی خستە سەر لا پەڕەکانی، گفتوگۆیە کە بە سەرکەوتنی ئا شکرای ڕۆنانکارە کان بە کۆ تا هات.(س.ک. شاومیان) د یارترین زما نەوانیی ڕۆناذ کاری

سۆڤیەتی بووە، کە شارەزایەکی با شی لە بارەی پرەنسیپەکانی قوتابخا نەی (براگ) هەبووە. (52: 208).

سەرهەڵدانی ڕۆنانکاری لە یەکێتی سۆڤیەتدا گرنگ یەکی زۆری هەبوو لە مێژووی زمانەوانیی نوێدا، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا تا هەرەسهێنانی تیۆرەکانی (مار).لە سەرەتادا وا هەست دەکرا ، کە ڕۆنانکارە سۆڤیەتییەکان ئاراستەیەکیان هە یە بەرەو زما نەوانیی دەروو نی دەڕوات، چاوەڕوانیش دەکر ێت نەوەی نوێی ڕۆناذ کارە سۆڤیەتییەکان داهێنانی نوێ و ڕەسەنیان هەبێت. (سەرچاوەی پێشوو: 199).

## 4- زمانەوانیی سۆڤیەتی و ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی:

لە وڵا تە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زما نەوانیی بیرکاری پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، بەتایبەت لە ساڵانی دوای شەڕی دووە می جیهانی. لە ساڵی(1958)پێشەوە بەرنا مەی خوێندنی زما نەوانیی بیرکاری و وەرگێڕا نی ئامێری بە سەر قوتابخانەکانی زما نەوانیی و بیر کاری لە تەواوی زانکۆ کانی یەکێتی سۆڤیەتدا دابە شکرا (سەر چاوەی پێ شوو: 400) بۆ یە هەر چەندە ڕستە سازیی گوێزا نەوە لە ئە مەریکا سەری هە ڵدا، بەڵام زانا یانی زما نەوانیی سۆڤیەتی بە گەرم یەکی زۆرەوە وەریانگرت، هۆی ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕستە سازی گوێزا نەوە توا نای هە یە لە وەرگێڕا نی ئامێری پراکتیزە بکرێ، دوا تر کێبڕ کێ هە یە لە نێوان زمانەوانیی ئەمریکی و زما نەوانیی سۆڤیەتی، ئا مانجی ئەم کێبڕکێیە بەدە ستهێنانی ئەنجامە لە بواری لێکۆڵینەوەدا. (سەرچاوەی پێشوو: 386).

## 5- خاسیەتەکانی زمانەوانیی سۆڤیەتی:

زمانەوانیی ڕووسی لە سەردەمی سۆڤیەتدا هەنگاوی گەورەی ناوە و دیاترین خاسیەتەکانیشی بریتین لە:

1- زما نەوانیی سۆڤیەتی پ شتی بە فەل سەفەی مارک سیزم- لینینیزم و تەجرو بەی پێکهاتنی زمان لە یەکێتی سۆڤیەت بەستووە و کەڵکی لە نەریت و ڕێبازی زما نەوانیی خۆماڵی و هەندەران وەرگرتووە.

2- داننان بە کۆمەڵایەتی سروشتی زمان و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵا یەتی زمان. یەکێ لە لایەنە بەهێزەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی سۆڤیەتیی، بریتییە لە سازکردنی تیۆری کێش(Norm)ی زمان و زمانی ئەدەبی.

3- تەجروبەی پێشکەوتنی زمانی ئەدەبی زمانانی جۆر بەجۆری میللەتانی سۆڤیەت و سازکردنی تیۆری زمانی ئەدەبی جێگەیان لە تیۆری و پراکتیکی زما نەوانیی نێو

میللەتا ندا د یارو تایبە تە، لە تـ یۆری ز مانی ئەدەبی ڕووی کۆمەڵا یەتی و سیا سی و کێ شەی کێ شی ئەدەبی و کەلتوری ئا خاوتنیش لە بەر چاو گیراوە.
4- ئەنجامی گەورە لە مە سەلەی لێکۆڵێ نەوەی دیالێک تدا وەدە ست هێ نراوە و نووسینی زانستی و تێرو تەسەل سەبارەت بە د یالێکتی گەلیّ زمان بڵاوکراونە تەوە و ژمارەیەك فەرهەنگ لەو بوارە لەدایك بوون.
5- ڕێبازی مێژوویی تیۆری زما نەوانیی بە ڕێی بارودۆخی خۆی گە شەی سەند، لە ڕێی ئەم تـ یۆرەوە یا سا گـ شتی و تایبەتـ یەکانی پێ شکەوتنی زمان، ڕێ باز و شێوازی بەراوردی مێژوویی، ڕێزمانی مێژوویی ساغکرانەوە و نووسراون. لێکۆڵینەوە لە زما نە هیندۆ ئەوروپییەکان و لە نێو ئەوانیشدا زما نە سلاڤییەکان و ڕێزمانـ یان با بەتی هەرە دیاری کاری بەراوردی مێژوویی بوون.
6- لە زما نەوانیی سۆڤیەتی لە سەر بنا غەی کەرە سەییێکی زۆری زما نانی ج یاواز، توانرا تـ یۆری دابە شکردنی زمان بە ڕێی باری وشە سازی ئەنجام بدرێ. ئەوە بوو (ی.ی.میشانیکۆڤ) دابەشکردنی واتایی-ڕستەسازیی زمانی داهێنا.
7- ڕوویێکی دیار و بەرچاوی زما نەوانیی سۆڤیەتی بریتیە لە هێنا نە کا یەی تـ یۆری سیـ ستەمی ز مان و پێ شکەوتنی چالاکی زما نەوانیی، کە لە ئا سۆی جیاج یای سیستەمی ز مان دەکۆڵێتەوە، ئە مەش نەك هەر بووە هۆی دابیندکردن و چە سپاندنی دەنگ سازی و وشە سازی و ڕستە سازی و لێک سیکۆلۆجی، بەڵکو و شە ڕۆ نان و فرێزۆلۆجیشی وەك چالاکییێکی سەربەخۆی زمانەوانیی جیادەکردەوە. (28: 47-50).

زمانەوانیی سۆڤیەتی لەسەر دەستی زۆرێك لە زما نەوانانی ئەو سەردەمە گە شەی سەندووە، لەوانە: (ی.ی.میشانیکوڤ)، کە خاوەنی چەندان بەرهەمی بە نرخی وەك: (ئەندا مەکانی ڕ ستە و بە شەکانی ئا خاوتن- 1945 و...هـ تد)ە و ڕۆ ڵی هەبووە لە دۆزینـ نەوەی تـ یۆری مەفهوومی حا ڵەت و جۆرە کانی دابە شکردنی مۆرفۆ لۆجی- سینتاکس و ڕێ بازی ئەرکی وا تا. هەروەها (ل. ڤ.شێربا)، کە دا نەری ئەو تـ یۆرە زمانەوانییە بوو، کە پشت بە تێبینی و ئەزموونی زما نەوانیی و ڕێڕەوی بنە چەیی لە دەنگسازیدا دەبەستیّ و خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمە، لەوا نە: لە ساڵی (1974) هە ندیّ کاری هەڵبژاردەی بە ناوی ((سیستەمی زمان و چالاکی ئاخاوتن))ەوە بڵاوکراونە تەوە. هەروەها (ڤ.ڤ.فینۆگرادۆڤ) کە قوتابی(شا خمە تۆڤ) و (شێریا) بوو، گەورەترین زما نەوانیی ڕوو سی ناوەڕا ستی سەدەی بیـ ستەمە. یەکێك لە کارە گرنـ گەکانی ((لێکۆڵینـ نەوە لە بارەی ڕێز مانی ڕوو سییەوە- 1975)) بووە، لە دابە شکردنی

ئاخاوتنیشدا لێکۆڵینەوەییێکی نوێی هێنایە ئەنجام، بناغەی لێکۆڵینەوەی فریزۆلۆجی و وشەڕۆنان و مێژووی زمانی ئەدەبی پتەوکرد. (سەرچاوەی پێشوو: 50-51).

### ب- سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕووسی:

لە سەرەتای سالآنی حەفتای سەدەی بیستەم بە دواوە، ژمارە یەك قوتابی كورد لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دوای ئەوەی بڕوانامەی ئەکادیمیان لە بواری لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بەدەستهێناوە، گەڕاونەتەوە وڵات. ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکانیان بە زمانی ڕووسی نووسراون و کورد کەمتر سوودی لێ وەرگرتوون، بەلآم دەکرێ بڵێین سەرەتایی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بە شێوازێکی زانستی لە کارەکانی ئەوانداد دەستی پێکردووە. هەر دوای گەڕانەوەشیان ڕێبازێکی تازە لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی سەری هەڵداوە، ئەم ڕێبازەش لە ناو کورد بە ڕێبازی ڕووسی، یان (ڕۆژهەلآتی)، یان (سۆڤیەتی) ناسراوە، بەلآم ناکرێ ئەم ڕێبازە بە بەشێکی تەواو سەر بە بۆچوونی دێرین دابنرێ، چونکە هەندێ جار لە کارەکانیاندا لە پاڵ بۆچوونە دێرینەکە بۆچوونی (ڕۆنان)یش بەدی دەکرێت.

### ج- خاسیەتەکانی ڕێبازەکە:

لەو لێکۆڵینەوانەی ڕێزماننووسانی ئەم ڕێبازە لەسەر زمانی کوردی ئەنجامیان داوە، چەند خاسیەتێکی هاوبەش بەدی دەکرێت، بەلآم مەرج نییە ئەو خاسیەتانە لای هەموو ڕێزماننووسەکان وەکو یەك ڕەنگی دابێتەوە، ڕەنگە خاسیەتی وا هەبێ تەنیا لای یەکێك لەمانە بەدی بکرێت.. خاسیەتەکان بریتین لە:

1- پێدا چوونەوەی کارەکانی پێش خۆیان: یەکێك لە تایبەتیەکانی ئەم ڕێبازە پێدا چوونەوە بووە بە سەر ئەو کارانەی، پێشتر لەم بوارەدا ئەنجا مدراون. ڕێزماننووسانی ئەم ڕێبازە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانیان بە خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێش خۆیان دەستپێکردووە، هەوڵیان داوە، بە شێوازێکی زانستی کەم و کوڕی و لایەنە باشەکانی ئەو کارانە دەستنیشان بکەن، پاشان هاتوونەتە سەر لێکۆڵینەوەکەی خۆیان.

3- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژوورووو بەشە دیالێکتەکانیان: ڕێزماننووسانی ئەم ڕێبازە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ئەم جۆرە بەراوردکردنە خاسیەتە لێکچوو و جیاوازەکانی نێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە و بەشە دیالێکتەکانیان دەستنیشان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لە دەقە ئەدەبی و فۆلکلۆریەکانی ئەو

بەشە دیالێکتە وەرگرتووە، بۆ نموونە (ئەوڕەحمان) لە کارەکانیدا د یالێکتی خواررووی بەسەر سێ شێوەزار دابەشکردووە:

أ- شێوەزاری سلێمانی: لە لێکۆڵی نەوەی ئەم شێوەزارەدا، سەرەتا هەوڵی داوە نموونەکان لە شیعرە کۆنەکانی نالی، یان مەحوی، یان زێوەر دە ستەبەر بکات، ئەگەر دە ستی نە کەوتبێت هاتۆ تە سەر شیعری شاعیرانی هاو چەرخ و فۆلک لۆر و چیرۆکنووسانی ناوچەکە.

ب-شێوەزاری سۆرانی: لەم شێوەزارەدا بە زۆری نموونەکانی لە هۆنراوەی فۆلکلۆی و پەندی پێشینانی ئەو ناوچەیە وەرگرتووە.

ج- شێوەزاری موکری: لەم شێوەزارەدا بە زۆری نموو نەکانی لە دە قە فۆلکلۆر یەکانی ناو کتێبی (توحفەی موزەفەرییە)(٭) وەرگرتووە.

د یالێکتی ژووروو شی بە سەر شێوەزاری بادی نان و هەر یەك لە شێوەزاری کوردە کانی سۆڤیەت و ئازربا یجان و تورکماذ ستان و ئەرمەذ ستان دابە شکردووە، لە لێکۆڵی نەوەی ئەو شێوەزارانەدا نموو نەی لە دە قە شیعریەکانی ( مەلای جز یری، ئەحمەدی خانی، جگەرخوێن...)و دەقی فۆلکلۆری و چیرۆکی ئەو ناوچانە وەرگرتووە.

4- بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی: ڕێزماننووسانی ئەم ڕێ بازە هەوڵیان داوە، لە ڕێ گەی بەراوردێکی م ێژوویی لە ذ ێوان ز مانی کوردی و زما نانی تری هاوخێزانی وەکو ز مانی ئاڤێستا و فار سی کۆن و ناوەڕا ست و نوێ و هیندی و بلوجی و پشتۆ...هتد، سرو شتی پەیوە ندیی خزما یەتی و جیاوازیی ذێوان ز مانی کوردی و ئەو زمانا نە لە ڕووی پێکهاتنی دە نگ و وا تای ڕە گی و شە و گیرەك دەربخەن، بەڵام ئەم ڕێزماننوو سانە بە ئەنجا مدانی ئەو جۆرە بەراوردکرد نە، جارێکی تر لایەنی مێژوویی و لایەنی ئێستایان لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییدا تێکەڵ کردووە.

5- بایە خدان بە بۆ چوونی زما نەوان و کوردنا سانی سۆڤیەتی: ڕێزماننوو سانی ئەم ڕێبازە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زۆر بایەخیان بە سەرچاوە ڕووسییەکان داوە، ڕەذگە ئەو بایەخ پێدانەش بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە:

أ- ئەو ڕێزماننوو سانە دەر چووی قوتابخا نەی زما نەوانیی سۆڤێتی بوو نە و و ێرای زانینی زمانی ڕووسی و شارەزاییان لە دەستوور و بنەماکانی زمانەکە، کاریگەریی ئەو قوتابخانەیەشیان لەسەر بووە.

---

(٭) ئۆسکەرمان، تحفقء مظفریە، بەرگی یە کەم و دووەم، بەرلین، 1950. پیشەکی و ساغکردنەوە و هێنا نە سەر ڕێنووسی کوردی(هێمن موکریانی)بەغدا، 1975.

ب- ئەو لێكۆڵیـنەوە زاذ ستیانەی كوردنا سانی وە كو: ( كۆردۆییێڤ، با كاییڤ، زاری یو سف، تسابۆلۆڤ...) لە سەر زمانی كوردی ئەنجامیان داوە، بوونە تە سەر چاوەی سەرەكی لێكۆڵینەوەكانی ڕێزماننووسانی ئەم ڕێبازە.

6- نوو سینی پەراوێز: لە نوو سینی پەراوێزدا شێوازێكی تایبەتییان هەبووە، كە جیاواز بووە لە شێوازی ڕۆژئاوایی یەكان. ئەو شێوازە تایبەتیەش لەكارەكانی ( ئەوڕەحمان) زۆر ڕەنگی داوە تەوە، چونكە ناوبراو لە لێكۆڵینەوەكانیدا لە پاڵ ڕیزكرد نی سەر چاوەی زۆر چەندان ڕوونكرد نەوەی چڕو پڕی شی لە پەراوێزەكا ندا نووسیوە، جگە لەمانە هەندێ جار ژمارەیەكی زۆر نموونەی ئەدەبی و فۆلكلۆریشی لە پەراوێزەكاندا نووسیوە.

ئەو ڕێزماننوو سانە لە زۆر بەی كارەكانیا ندا تا كۆ تایی لێكۆڵینەوە كە یەك زنجیرەی ژمارەییان بۆ پەراوێزەكان داناوە.

7- ڕیزكرد نی سەر چاوەی زۆر لە لێكۆڵینەوەكانیا ندا: تایبەتێكی تری ئەم ڕێبازە ڕیزكرد نی سەر چاوەی زۆرە لە لیستی سەر چاوەكاندا. ڕەنگە یەكێك لەهۆكارەكانی ڕیزكردنی ئەو ژمارە زۆرەی سەرچاوە، ئەوەبێ، ڕێزماننوو سانی ئەم ڕێبازە سەرەتای كارەكانیان بە پێدا چوونەوەی كارە كانی پێش خۆیان دە ستپێكردووە، ئە مەش وای كردووە ناوی هەموو ئەو سەرچاوانە یاداشت بكەن، كە هەڵیان سەنگاندوون.

هۆكارێكی تریش ئەوە بووە، كە جگە لەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگرتوون ناوی ئەو سەرچاوانەشیان یاداشت كردووە، كە پەیوەندییان بە باسەكەیانەوە هەبووە. هۆ كارێكی تریش ئەوەبووە، ڕەنگە هەوڵیان دا بێ سوود لە زۆر ترین سەر چاوە وەربگرن، تاوەكو كارەكانیان زانستی تر و فراوانتر دەربچێت.

8- سەر چاوەی نموو نەكان: ڕێزماننوو سانی ئەم ڕێ بازە لە كۆ تایی زۆر بەی كارەكانیاندا، ناوی ئەو سەرچاوە ئەدەبی و فۆلكلۆریا نەیان یاداشت كردووە، كە بۆ سەلماندنی بۆچوونەكانیان نموونەیان لێ وەرگرتوون.

**د- ڕابەرانی ڕێبازەكە:**

ڕا بەرانی ئەو ڕێبازە تەنیا ئەو قوتابیە كوردا نەن، كە بڕوانا مەی زانستییان لە یەكێتی سۆڤیەت لە بواری لێكۆڵینەوە لە زمانی كوردی وەرگرتووە، وەك: د.نەسرین محەمەد فەخری، د.ئەوڕەحمان حاجی مارف، د.فاروق عومەر سدیق، د.ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم، د.كوردستان موكریانی.

**هـ- ڕۆلی(د.ئەوڕەحمان) لە ڕێبازەكەدا:**

(د.ئەورەحمان) هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەمەوە تا کاتی مردنی، بەبێ حەسانەوە خزمەتی زمانی کوردی کردووە و درێژەی بە ڕێبازەکەی داوە، بۆ یه مافی خۆ یەتی چ لە ڕووی ژ مارەی بەرهە مەکانی و چ لە ڕووی ئا ستی زاذ ستی بەرهەمەکانی، بە ڕابەری ئەم ڕێبازە دابنرێ.

ئەم ڕێبازە لە ماوەیەکی مێژوویی د یاریکراودا خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی کردووە، بەڵام مردنی(د.ئەورەحمان)ڕەذ گە هۆکارێ یك بێت بۆ ئەوەی ئەم ڕێ بازەش بەرەو نەمان بچێت، چونکە نەیانتوانیوە نەوەی تازە پێبگەینن، تاکو درێژە بە ڕێبازەکەیان بدەن.

## و- کاریگەریی ڕێبازەکە لەسەر زمانی کوردی:

کاریگەریی ئەو ڕێبازە لەسەر زمانی کوردی لە چەند خاڵێك خۆی دەبینێتەوە:

1- لێکۆڵینەوە لە زمان بە شێوازێکی زانستی بە پلەی یەکەم لە لایەن ڕابەرانی ئەو ڕێبازە سەری هەڵداوە، چونکە ئەوان هەم شارەزاییان لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە هەبووە و هەم شارەزاییان لە دەستور و یاساکانی زمانی کوردی و فارسی و ڕووسی...هەبووە.

2- لێکدانەوەی زانستییان بۆ گەلێك کێشەو لایەنی نادیاری ڕێزمانی کوردی کردووە، کە تا ئەو کات باس نەکرابوون، یان ڕوون نەکرابوو نەوە، لەوا نە (لێکدا نەوەی دیالێکتەکان، ئێتیمۆلۆجی، ڕستەسازی...هتد).

3- تا ڕادەییێك ڕێزمانی کوردییان لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبی دوورخستەوە.

4- هەندێك جار بە بیرێکی پێوانەیی لە زمانی کوردییان کۆڵیوەتەوە، بۆ نموو نە وەکو زمانەوانە ڕووسەکان دە بەشی ئاخاوتنیان لە زمانی کوردی جیاکردۆ تەوە و هەریك لە (ژمارە، پارتیکڵ)شیان بە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ داناوە.

5- سەرەتای شیکردنەوەی زمان لە کارەکانی ئەوان دەستی پێکردووە.

6- بە شێوەیەکی گ شتی ج گە لە هەر سێ ئا ستی دەنگ سازی و وشە سازی و ڕستەسازی لە ڕێنووسیشیان کۆڵیوەتەوە.

7- لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زۆر گرنگیان بە پێناسەکردنی هەر دیاردەیەکی ڕێزمانیوەك: ناو، ئاوەڵناو، بکەر، بەرکار..

# دووەم/ بۆچوونی زمانەوانیی نوێ:

بە شێوەیەکی گ شتی لێکۆڵی نەوە لە ز مانی کوردی لە ڕواذ گەی تیۆرە کانی زمانەوانیی نوێ خۆی لە دوو بۆچوون دەبینێتەوە:

أ- بۆچوونی زمانەوانیی ڕۆنانی.

ب- ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە.

## أ- بۆچوونی زمانەوانیی ڕۆنانی:

### 1- سەرهەڵدانی زمانەوانیی رۆنانی:

لە بواری زمانەوانییدا زاراوەی ڕۆنانکاری بۆ هەر ڕێبازێکی شیکردنەوەی زمان دەگەڕێتەوە، کە لە شیکردنەوەکەدا سیماکانی زمانەوانیی لەسەر بنچینەی ڕۆنان و سیستەم وەسف بکرێت. سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لە زمانەوانییدا بۆ هەوڵەکانی (فیرناند دی سۆسۆر) دەگەڕێتەوە. (56: 330) لە سییەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵێك زمانەوان پەیدابوون ناویان لەخۆنابوو ڕۆنانکار، چونکە زیاد لە پێویست گرنگییان بە دیوی ناوەوەی پێکهاتەی زمان دەدا. (24: 39) لەم قۆناغەدا زمانەوانان دەستیان کرد بە جەختکردن لەسەر وەسفکردنی زمانە جوداکان لە قۆناغێکی دیاریکراودا. ئەو گۆڕانکارییە، سەرەتایەکی نوێی داڕشت لەمەڕ بونیادنانی زمانەوانیی وەسفی، وای کرد زیاتر گرنگی بدرێ بە ڕەوشتی زمان لە کاتێکی دیاریکراودا، نەك لە قۆناغە یەك لەدوایەکەکانی پەرەسەندن و گۆڕانی زماندا. (23: 15-16).

سەرەتای سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەی ڕێبازی ڕۆنانکاری بە شێوەیەکی سەرەتایی لە کتێبی ((سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی))ی (محەمەد ئەمین هەورامانی)(*) ڕەنگی داوەتەوە. لەبەر ئەوەی ناوبراو شارەزاییەکی باشی لە زمانی ئینگلیزی هەبووە، بۆیە سوودێکی زۆری لە زانستەکانی زمانەوانیی نوێ وەرگرتووە. بۆ نموونە: نووسەر (ل109: 128)ی کتێبەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری مۆڕفۆلۆجی تەرخان کردووە. سەرەتا لە (ل109-111) دەربارەی (مۆڕفۆلۆجی) دەڵێ: ئەو زانستەیە لە (مۆڕفیم)ی وشە، دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی قەوارە و جۆر و واتاوە. پاشان هاتۆتە سەر پێناسەی (مۆڕفیم)و دەڵی: مامۆستا (بلومفیلد) بەم جۆرە ناونیشانی(مۆڕفیم)ی هەڵداوە، کە دەڵێ: بریتییە لە: ((بچووکترین پارچەی واتاداری زمان))، دواتر دەڵێ: (هات) بچووکترین دانەی واتادارە، مۆڕفیمە. پاشان دەڵێ: (هاتم) لە دوو مۆڕفیم پێکهاتووە:

هات ← مۆڕفیمێکی فەرهەنگییە.

---

(*) محەمەد ئەمین هەوارمانی، سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا، 1973.

م←مۆڕفیمێکیڕێزمانییه.

له ڕووی ڕۆنانەوە مۆڕفیمی بەسەر دوو جۆر: (مۆڕفیمی سەرە = root) و (مۆڕفیمی بەند = affixes) دابەشکردووە. مۆڕفیمە(بەند)ەکانیشی بەسەر(پێشبەند، پاشبەند، ناوبەند، گۆڕان = Replacives، هێز = Superfixes) دابەشکردووە و دوای پێناسەکردنیان بە دوورو درێژی و بە نموونەوە، ڕوونی کردوونەتەوە.

نووسەر لە بەشی (ڕستەسازی)شدا لە (ل130–131) سەرەتا (دە) ڕستەی بە نموونە هێناوە تەوە، (ئا شتی دوا کەوت) ڕ ستەی یەکە مە. پا شان دە ڵێ: هەر ڕ ستەیەك لەم ڕستانە دوو بەشە:

1– بە شی یە کەمی ڕ ستەکە ئەوە یە، کە و شەیەکی سەرە لە ناو یدا هە یە، هەر چی وشەکانی ترن دەس و پێوەندی ئەون.

2– بەشی دووەمی ڕستەکە، بریتییە لە تەواوکەری وشە سەرەکە.

ئە مەو دوا تر لە جۆرە کانی ڕ ستە لە ڕووی قەوارەوە دواوە و نموو نەی بۆ هێناونەتەوە.

لە گەڵ ئەوەی زۆر بەی کارە کانی (محە مەد ئەمین هەورامانی) دە چنە ناو بواری لێکۆڵی نەوەی بەراوردی و مە ێژووی ز مان، کە چی دەب ینین سەرەتای بۆ چوونی ڕۆنانکاریش هەر لە کارەکانی ئەو سەری هەڵداوە، هەر لە هەمان بەرهە مدا لە هە ندێ ڕووەوە کاریگەریی بۆچوونی دێرینەکانیشی لەسەر بووە، بۆ نموونە لە (ل163) وە کو دێرینەکان دەربارەی پێناسەی ئاوەڵناو نووسیویەتی: ((ئاوەڵناو شتێکە، کە تاریفی ناو یا ڕاناو دەکات)).

هەر لە بارەی سەرهەڵدانی بۆچوونی ڕۆنانکاری (د.ئەوڕەحمان ) لە کتێبی ((وشە ڕۆ نان لە زمانی کورد یدا))(٭) بە وردی با سی ڕۆ نانی وشەی کردووە، بۆ نموو نە لە (ل23) دەربارەی مۆڕفیم دەڵێ: ((مەبەست لە مۆڕفیم بچووکترین دانەی واتادار، ئەوەیە ناتوانرێ بچووکتر بکرێتەوە، بە مەرجێ وا تای نە فەوتێ)) . لە (ل30–32) مۆڕفیمی بەسەر سێ جۆر دابەشکردووە و باسی ڕۆنانی هەریەکەیانی کردووە:

1– مۆڕفیمی ڕیشەیی.

2– مۆڕفیمی وشەداڕێژ.

3– مۆڕفیمی وشەگۆڕ.

---

(٭) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، 1976.

هەر لە باسی (مۆرفیم)دا لە (ل24)دا دەڵێ: مۆرفیمە بەندەکان (ئاڤێکسەکان) دوو ڕۆڵی گرنگ دەبینن:
یەکەم/ ڕۆنانی وشە. ئەم کارە (پێشگر و پاشگر) بە جێی دەهێنن.
دووەم/ گۆڕینی ڕێژەی وشە، کە (نیشانە) سازی دەکا.

دوا تریش لە (ل47) لە ڕووی ڕۆنا نەوە و شەکانی ز مانی کوردی بە سەر دوو بەش دابەشکردووە:

1- ئەو وشانەی بەسەر مۆرفیمدا دابەش دەبن، وەك: کۆگا، دەست بڕ، بەڕێز...هتد.
2- ئەو وشانەی بەسەر مۆرفیمدا دابەش نابن، وەك: سەر، دار، شەو...هتد.

پاشان جۆری یەکەمی بەسەر (داڕێژراو، لێکدراو) دابەشکردووە و لە چۆنیەتی ڕۆ نانی جۆرەکانی وشەی داڕێژراو و لێکدراوی کۆڵیوەتەوە.

ئەم دوو هەوڵە لە مێژووی سەرهەڵدانی بۆچوونی زما نەوانیی نوێدا، گرنگی تایبەتی خۆ یان هە یە، چونکە ئەو ماوە یە بە قۆ ناغی گوێزا نەوە دادەنر ێت، بەڵام بە هۆی بەردەوام نەبوونی نووسەرەکان ئەو کات ڕێبازەکە نەچەسپاوە و تا ساڵانێکی درەنگتر دواکەوتووە.

## 2- خاسیەتەکانی زمانەوانیی ڕۆنانی:

بۆچوونی ڕۆنانکارەکان لە بواری ڕێزماندا لەم خاڵانەی خوارەوە ڕەنگی داوەتەوە:

1- ڕۆنانکارەکان لە توێژینەوەکانیاندا زیاتر گرنگییان بە فۆڕمی زمان دەدا. بە بڕوای ئەوان لە بەر ئەوەی دەنگ سازی و وشە سازی دوو با بەتی بەرجە ستەن، بۆ یە جێگەی گرنگی ئەوان بوون، هەرچی واتا بوو، ئەوە لە دەرەوەی گرنگی ئەوان بوو. لەو بارەوە بلۆمفیلد دە ڵێ: واتانا سی هەر پەیوە ست نی یە بە زمانەوانی یەوە، بەڵکو لە هەموو زانستەکاندا هەیە، بۆیە دەکرێ لە دەرەوەی زمانەوانیی دابێت. (24: 39).

2- ڕۆنانکارە کان لە بواری وشە سازی جێ پە نجەیان د یارە، گرنگترین دە سکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕا ستیەیە، کە: و شە خاوەنی ڕۆ نانێکی ناوخۆیە و کەرت دە کرێ بۆ پار چەی ورد تر، پار چەی وە ها کە وا تا، یان ئەرکی ڕێز مانی هەبێت. بەم جۆرە ڕۆنانکارە کان وشە سازییان کرد بە بە شێك لە زما نەوانیی، ئەرکی لێکدا نەوە و ڕێکخ ستنی مۆرفیم یان لە ناو چوار چێوەی و شەدا پێ سپارد (38: 7). وا تە ڕۆنانکارەکان لە جیاتی وشە مۆرفیمیان کردووە بە بنج بۆ شیکردنەوەی زمان.

3- ڕۆنانكارەكان باوەڕیان وابوو، كە زمان سیستەمی هە یە، لە بەر ئەوەی دەنگەكانی ئا خاوتن دیاردەیە كە لە هەموو ئا ستەكانی تر دە كرێ بەرجە ستە بـ كرێن، (24: 4) ئە مەش وای كرد ڕۆنانكارە كان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ز مان بكۆڵ نەوە و گرنگی سەرەكی بە دەنگسازی بدەن، لە دوای دەنگسازی ئینجا وشەسازی و ڕستەسازی.

4- گرنگترین دە سكەوتی ڕۆنانكارە كان لە بواری دەنگسازی و وشە سازی بوو، لەم بوارەدا دەیان چەمك و بیری نوێیان داهێنا وەك: (فۆن) كە بـچووكترین دا نەی دەنگە لە ئاستی دەنگ سازیدا. ( فۆنیم) بـچووكترین دا نەی دەنگە، كە توا نای گۆڕینی وا تای وشەی هە یە. ( مۆرف) ئەو كەرە سەیەیە مامە ڵەی لە گەڵ دە كرێ. هەروەها جۆرە كانی مۆرفیم وەكو مۆرفیمی (بەند، سەربەخۆ، داڕشتن، ڕێزمانی...) لە بواری ڕستەسازیشدا هەوڵیا ندا چەند یەكە یەكی نوێ دابهێنن، وەك: ( تاگمیم، ئەلۆتاگم) بەڵام لـ ێرەدا سەركەوتوو نەبوون لەبەر ئەوەی:

1- خۆیان بە كەرەسەی بینراو و كۆكراوە دەبەستەوە، پشتیان لە واتا كردبوو.

2- زۆربەی كاتیان بۆ شیكردنەوەی ئاستی سەرەوەی ڕستە بوو[1].

5- ڕۆنانكارەكان لە شیكردنەوەی ڕستەدا هەمان تەكنیك و كەرتكردن و پۆلێن كرد نی ئەو سەردەمەیان بەكاردەهێنا، واتە: ڕستەكانیان دەكردە دوو بەش، هەر یە كەیان لەم بە شانە چۆم سكی ناوی لێ نابوو (تاك سۆنۆمی)، ئەم بەشانە شیان كەرت دە كرد بۆ كەرتی دیكە، تادەگەیشتنە بچووكترین دانەی ڕێزمانی، كە مۆرفیمە، وەك:

كوڕە زیرەكەكە / هات

كوڕ | ە | زیرەك | ەكە | هات ( سەرچاوەی پێشوو).

6- تایبەتمەندیەكی تری ڕۆنانكارەكان ئەوەبوو ئا ستە جیاوازە كانی زمان بە جیا لە یەكتر ڕابگیرێن و سەیربكرێن. لە پێشدا دە بێ دەنگەكانی زمان بێ گوێدا نە زانیاریە ڕێزمانیەكان بدۆزرێ نەوە، پا شان دە ست بدرێ تە مۆرفێ مەكان (وا تە بـ چوكترین یە كە سینتاكسییەكان)و شێوەی لێكدانی ئەوان، ئەو كارەش دە بێ بێ گوێدا نە زانیاری واتایی جێ بە جێ بكرێ. (39: 89).

7- بە بڕوای ڕۆنانكارە كان ڕێز مان لقێ كی زمانەوانیە یە، ڕێز مان لە چۆنیەتی ڕێكخ ستنی دا نە مۆرفیم یەكان لە پێكهاتە یەكی گەورەتر لە و شە دەكۆڵێ تەوە. ڕۆنانكارە كان بۆ ئەوەی ز یاتر چەمكی ڕێز مان ڕوون بكە نەوە چەندەها ئامرازی ڕستەسازییان بەكارهێنا، وەك:

---

[1] پ.د.یوسف شریف سعید، زمانەوانیی تیۆری، وانەكانی خوێندنی باڵا، ماستەر(2007-2008).

أ- ڕێزبوونی وشەکان: ڕیزبوونی وشەکان دەبێ بە گوێرەی پێکهاتەی ڕێزمانی زمان بێت، هەر پاش و پێشییەك تەواوی واتای فرێزەکە یاخود ڕستەکە دەگۆڕێت.
ب- شێوازی هێز: دیارکردنی شوێنی هێز لە گرێ و ڕستەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستەسازیدا. (24: 45-46)
8- ڕۆنانکارە کان سەبارەت بە نا سینەوە و جیاکرد نەوەی ب چووکترین یە کە ڕێزمانیـ یەکان (مۆرفیـ مەکان)، هەروەها سەبارەت بە ب چووکترین یە کەی دەنـ گی (فۆنیمەکان)، لێکۆڵینەوەی زۆریان کرد، بەڵام لەسەر ئەوەی، کە یە کە گەورەترەکان لە مۆرفێم کامانەن و چۆن دەبێ بناسرێنەوە، شتێکی ئەوتۆیان نەهێنا گۆڕێ. لە ڕا ستیدا لە نـ ێوان ڕ ستە و مۆرفێمەکا ندا یە کەکانی دیـ کە بە ئا شکرا نەنا سێندراون. لە گەڵ ئەوە شدا، ئەوان لەو بڕوا یەدابوون، کە کاری زما نەوانیی تەنیا نا سینی مۆرفیـ مەکان نییە، بەڵکو دەبێ ئەوەش دەربڕێ، کە ئەو مۆرفیمانە چۆن دەچنە پاڵ یە کدی، چونکە وا تای ڕ ستەیەك هەر بە وا تای مۆرفیـ مەکانی نەبە ستراوەتەوە، بەڵکو بە ڕیزکرد نی ئەوانیشەوە بەستراوەتەوە. (39: 98)
9- ڕۆنانکارەکان خۆیان لە پێناسەکردنی ڕستە و بە شەکانی ئا خاوتن دوور گرتووە، بۆ نموونە: لە جیاتی پێناسە، هەوڵیان داوە لەسەر بنەمای ڕێزمانی، ئەرکی بەشەکانی ئا خاوتن لە یەکتری جیابکە نەوە. بۆ نموو نە ( ناو) لە ڕووی وشە سازییەوە دە شێت نیـ شانەی نا سیاوی و نەنا سیاوی و کۆ... وەربگر ێت، لە ڕووی ڕستەسازیـ شەوە دەتوانێت ببێتە سەرەی گرێی ناوی، بکەر، بەرکار...هتد(*).
10- خا سیەتێکی تری ڕۆنانکارە کان دا نانی پـ ێنج بـ نەما بوو بۆ جیاکرد نەوەی بە شەکانی ئا خاوتن. مەرجیش نیـ یە هەموویان لە یەکێك کۆببـ نەوە، وا تە دە توانرێ یەکێك لە بنەماکان بکرێت بە پێوەر بۆ دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن:
أ- گیرەکی ڕێزمانی: بۆ نموونە (ناو) گیرەکی ڕێزمانی (ەکە، ان...) وەردەگرێت.
ب- گیرەکی داڕشتن: (ناو) گیرەکی داڕشتنی (گەر، ستان...) وەردەگرێت.
ج- شوێنی کەرەسەکان لە ڕستەدا: (ناو) بە زۆری لە سەرەتای ڕستە دێت.
د- ئەرکی کەرەسەکان لە ڕستەدا: (ناو) دەبێتە (بکەر، بەرکار...).
هـ- هـ ێز: هـ ێز دە چێتە سەر بڕ گەی کۆ تایی ( ناو) لە ز مانی کورد یدا. (سەر چاوەی پێشوو).
11- داهێـ نانێکی تری ڕۆنانکارە کان لە بواری زمانەوانیـ یدا، دۆزیـ نەوەی پەیوە ندیی نـ ێوان ئا ستەکانی ز مان بوو، کە بە (مۆرفۆ فۆنیم) و (مۆرفۆ سینتاکس)، یان

(*) پ.ی.د. ساجدە عەبدوڵڵا فەرهادی، مۆرفۆلۆجی، وانەکانی خوێندنی باڵا، ماستەر، (2007-2008).

(مۆرفۆفۆنۆسینتاکس) ناودەبرێت. لێرەدا ((ئەو یا سایانەیان دەستنیشانکردووە، کە لە کارلێکی نێوان ئاستەکان دێنەکایەوە)). (سەرچاوەی پێشوو).

12- ڕۆنانکارەکان کاری شیکردنەوە و ناساندنی زمانیان لەسەر بناغەی فۆڕمی زمان کە مشتێك ڕستەی کۆکراوەن دادەنا، بە واتا یەکی تر تێدەکۆشان ڕێزمان لە کردەی زمانیەوە دەربکێشن و گەلاڵەی بکەن. (39: 135)

13- ڕۆنانکارەکان تەنیا لە پێکهاتەی سەرەوەی ڕستەیان دەکۆڵیەوە، بڕوا یان وابوو کە ڕستە تەنیا پێکهاتەی سەرەوەی هەیە، بۆیە بە بڕوای ئەوان هەموو ئەو ڕستانەی لە ڕووی ڕستە سازییەوە یەك بکەر و کار و تەواوکەریان هەیە، تەنیا یەك پێکهاتەیان هەیە. (24: 52)

14- ڕۆنانکارەکان بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیم یا مۆرفیم، کەڵکیان لە پەیوەندی ستوونی وەرگرتووە. (39: 91) واتە بە لە بریتی دانانی فۆنیم و ئەلۆفۆن و مۆڕف، مۆرفیم، ئەلۆمۆرفیان لە یەکتری جیاکردۆتەوە.

**ب- ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە:**

چۆمسکی لە کتێبی (پێکهاتە سینتاکسییەکان-1957) زاراوەی( بەرهەمهێن)ی داهێناوە و مەبەستی ئەوە بووە: ئەو ڕێزمانە ئامانجە بە توانای ڕێزمانێك دەکات، کە پێناسەی کۆمەڵێك ڕستەی ڕێزمانی لە زمانێکدا بکات. چۆمسکی بە داهێنانی ئەو ڕێزمانە ویستی ئامانجی زمانەوانیی بگۆڕێ و مەبەستی بوو، ئەو ڕێزمانە گەشە پێبدات، بەوەی وەسفێکی تەواوی ئەو زانیارییە خۆڕسکە بکات، کە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە لە بارەی زمانەکەیەوە هەیەتی، ئەو وەسفە دەبێت لە کۆمەڵە یاسایەك پێك بێت، کە بتوانن ڕستەی ڕێزمانی لە زمانەکە پێك بهێنن. لە تیۆرەکەی (چۆمسکی)دا ئەو یاسایانەی، ڕستەی ڕێزمانی پێکدەهێنن و ڕستەی ناڕێزمانی پێك ناهێنن، بەو ڕێزمانە دەگوترێ ڕێزمانی بەرهەمهێن یاخود پێکهێنەر. (24: 58

سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان مێژوویەکی کۆنی نییە، ئەو زمانەوانانەی کە ڕۆڵی ڕابەرایەتیان هەبووە لەم بوارەدا، ئەمانەن:

## 1- د.وریا عومەر ئەمین:

بەرهەمەکانی:

1- نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی:

((Some Fundamental rules of Kurdish syntax structure))

((چەند یا سایەکی بنجی داڕشتنی ڕستە لە زمانی کورد یدا)) لە ساڵی (1976) بە زمانی ئینگلیزی پێشکێش بە زانکۆی لەندەنی کردووە.

**بۆچوونەکانی:**

لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ یەکەمجار یا ساکانی داڕشتنی ڕستەی سادە و ئاڵۆز لە زمانی کوردی بە پێی ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی خراونەتە ڕوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆ مەڵێك با بەتی ڕێز مانی گرتۆ تەخۆ وەك: ( چەمکی مۆرفیم و جۆرە کانی، دەستنیشانکردنی تایپۆلۆج یای ز مانی کوردی وەك ز مانێکی(Sov)و نوو ساو (Agglutinative)، یاساکانی داڕشتنی فرێز، هێلکاری درەختی یاساکانی داڕشتنی ڕستەی سادە و ئاڵۆز لە زمانی کوردی، لێڵی لە ڕستەسازیدا، ئاڵوگۆڕبوونی ئەرکی جێناوە لکاوەکان بە گۆڕینی کاتی کاری ڕستە).

2– نامەی دکتۆرایەکەی بە ناونیشانی:

((Aspects of verbl construction in kurdish))

((لایەنەکانی داڕشتنی کاری زمانی کوردی)) لە ساڵی(1979) بە زمانی ئینگلیزی پێشکێش بە زانکۆی لەندەنی کردووە.

**بۆچوونەکانی:**

لەم لێکۆڵینەوەدا بە پێ یی ڕێ بازی گوێزانەوەی چۆم سکی ز مانی کوردی شیکردۆتەوە و لایەنە ڕێزمانییەکانی خستۆتەڕوو، وەك: فۆنۆلۆجی ز مانی کوردی ڕیزبوونی وشە لە ڕستەی کوردی، یا ساکانی فرێزی ڕستەی کوردی، داڕشتنی کار، ئەرکی جێناوە لکاوەکان، کاری ویست و ئارەزوو، بکەر نادیار، کۆزەتیڤ، ئێرگەتیڤ). هەر چەندە ئەم دوو کارەی (د.ور یا) بە ز مانی ئینلگ یزی نوو سراون و نا چنە ناو باسەکەی ئێمە، کە تایبەتە بەو لێکۆڵینەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون، بەڵام بە هۆی گرنگ یان لە بواری م ێژووی لێکۆڵینەوەی ز مانی کوردی بە پێوی ستمان زا نی ئاماژەیان پێبکەین.

3– ((بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی)):

لەگەڵ ئەوەی (د.وریا) لە هەردوو لێکۆڵینەوەکەیدا باسی یا ساکانی داڕشتنی فرێزی لە زمانی کوردی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی نووسراون وەك پێوی ست جێگا یان نەگرت. دوای گەڕانەوە شی لە دەرەوەی وڵات لە ساڵی(1981) بەدواوە، لە دەست پێشخەریەکدا زنجیرە یەك و تاری ڕێزمانی لە ڕوانگەی زما نەوانیی نوێ بڵاوکردۆ تەوە، گرنگترینیان: ((ڕێکەوتن لە زما ندا)) ساڵی (1982)، ((ڕێزمانی

ڕا ناوی لکاو)) ساڵی (1983)، ((ڕێزمانی گشتی)) ساڵی(1984)...هتد. له ساڵی (1986) له وتارێکی تردا به ناونیشانی ((بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی)) نووسەر پشتی بەستووە بە گرنگترین بنەماتیۆر یەکانی چۆمسکی، کە لە (ڕۆنانە سینتاکسییەکان-1957)دا هاتووە، نووسەر هەستاوە بە دارشتنی (یاساکانی ڕۆنانی فرێز)، کە ئەم یاسایانەش بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهێنی سینتاکسی، کە تاکە پێکهێنی بەرهەمهێنانە لە سیستەمی ڕێزمانی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا، چونکە ڕستە بەرهەم دێنێت.

(د.وریا) لە سەرەتای وتارەکەیدا لە (ل183) دەڵێ: ((ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، ئامانجی هەرە سەرەکی ڕێزمان پێناسینی ڕستەیە، ڕستەش پێ نانا سرێت بێ پێناسین و دەستنیشانکردنی سروشت و چۆنیەتی ئەو کەرسانەی دروستی دەکەن و جۆری پەیوەندی نێوانیان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا)).

پاشان هاتۆتە سەر دیاریکردنی کەرەسەکانی زمان، وەکو(دەنگ، فۆنیم، بڕگە، مۆرفیم، وشە، فرێز)، دواتر هاتۆتە سەر باسی ڕستە و دەڵێت: ((ڕستە لە هەر زمانێك لە چەند بەشێکی بنجی (ڕیشە) پێکدێت... هەر دانەیێکی ڕێزمانی بتوانێ دەوری بەشێکی بنجی ڕستە بگێڕێ (فرێز)ێك پێکدەهێنێ))، نووسەر لە درێژەی باسەکەیدا، باسی ڕۆنانی ڕستەی سادە و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی لە زمانی کوردی کردووە، ئەویش بە دیاریکردنی سیستەمی ڕۆنانی یاساکانی فرێز پێکهێنان، لە پاشاندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە سادەترین ڕستە لە دوو فرێز پێکدێت:

1- فرێزی ناوی (ف.ن).

2- فرێزی کاری (ف.ك).

هەر لە بارەی (ف.ن) و (ف.ك)ی، دەڵێ: سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك یا ڕاناوێك پێکدێت، سادەترین فرێزی (کار)یش لە ڕەگی فرمان و ڕاناوێکی لکاو پێکدێت، ئەرکی ڕاناوە لکاوەکە دەربڕینی ڕێکەوتنە لە نێوان بکەر و کاردا. ئیدجا لە وێنەیەکدا بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی ڕوونکردۆتەوە:



بکەر                                    ڕەگ                                    ڕاناوی لکاو

ڕێکەوتن

لە دواییدا بە وردی لە چۆنیەتی ڕۆنان و فراوانکردنی (ف.ن) و (ف.ك)ی کۆڵیوەتەوە و هەشت یاسای بۆ ڕۆنانی (ف.ن)ی داڕشتووە.

ئەم و تارە بە سەرەتای ڕەنگدا نەوەی تـ یۆری (بەر هەمهێنان و گوێزا نەوە)ی چۆمسکی دادەنرێت لە ڕستەسازی زمانی کوردیدا، دوای ئەم وتارە لە وتارێکی تریدا کە لە ساڵی (1989) بە ناونیشانی (( بنج و سیماو یا ساکانی گوێزا نەوە)) بڵاوی کردۆتەوە، لەم وتارەدا بەشێوەیەکی فراوان یاساکانی ڕێزمانی گوێزا نەوەی چۆمسکی لە شیکردنەوەی ز مانی کورد یدا ڕ یادەکردووە. (د.ور یا) لەم ڕووەوە خز مەتێکی بەرچاوی زمانی کوردی کردووە، گەلێ زاراوە و بیر و چەمکی زما نەوانیی و تەکنیکی شیکردنەوەی نوێی پێشکەش بە زما نەوانیی کوردی کردووە، گەلێ یا سای ڕێزمانی کوردی دەستنیشانکردووە، کە پێشتر باس نەکراون.

## 2– د.محەمەد مەعروف فەتاح:

### بەرهەمەکانی:

(د.محەمەد مەعروف)یش وەکو یەکێك لە ڕابەرە دیارەکانی بۆچوونی زما نەوانیی نوێ، ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبووە لە چەسپاندن و هێنا نە ناوەوەی ڕێبازە نوێیەکانی زمانەوانیی لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا.

سەرەتای ڕەنگدانەوەی یاساکانی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزا نەوە لە کارە کانی ناوبراودا بۆ نا مەی ما ستەرەکەی دەگەڕێ تەوە[1]، کە لە ساڵی(1973)دا بە ز مانی ئینگلـ یزی نوو سیویەتی، پا شانیش لەو ز نجیرە وتارا نە ڕەنـ گی داوە تەوە، کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە دواوە بە زمانی کوردی بڵاوی کردوونە تەوە، لەوانە: لە ساڵی(1989)دا وتارێکی بە ناونیشانی ((کار پۆلێن کردن بە پ یێی ڕۆ نان)) بڵاوکردۆ تەوە. لەم و تارەدا نوو سەر بۆ یە کەمجار بە پ یێی یا سا پێکهێ نەرەکانی داڕ شتنی کار لە ز مانی کورد یدا و لە چوار چێوەی ڕێز مانی گوێزا نەوەدا پۆلێنێکی تازەی بۆ ڕۆنانی کار خستۆتەڕوو. لەم پۆلێنەدا بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوەکانی پێش خۆی لە ڕووی ڕۆنانەوە کاری بەسەر (داڕێژراو)و (لێکدراو) دابەشکردووە.

---

(1) Fattah.M.M (1973) The Application of a T-G model of grammar to Kurdish syntax(unpublished, M.A, Theses) Beirut-lebanon.

له (ل 41)دا به شێوەیەکی زاڵ ستیانە کارە کانی پێش خۆی ڕەتکردۆ تەوە و نووسیویەتی: ((لێرەدا دەما نەویێ بە هۆی لێکدانەوە یەکی وردو و قوڵی (کار)ەوە لە ڕووی وا تا و ئەر کەوە ئەو بنەما لاوازا نە هەڵبوە شێنینەوە، کە پۆلێ نە کۆ نەکان بۆ جیاکردنەوەی کاری داڕێژراو و لێکدراو، یان داڕێژراو و سادە دایان ناون)).

هەر لە درێژەی وتارەکەیدا لە (ل44)دا دەڵێ: ((دەبێ لە پۆلێنکردنی کاردا جیاوازی نەکرێ لە نێوان گیرە کی ڕێز مانی و ناڕێز مانی و هەموویان هەر بە مۆرفیمی بە ند دانرێن. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنەمایەدا بەلای ئێمەوە کاری سادە لە کورد یدا نییە، بە وا تای ئەوەی کە کار لە کورد یدا دەبێت بەلای کە مەوە لە دوو کەرت ( مۆرفیم) پێکبێت)).

پاشان هاتۆتە سەر کاری داڕێژراو و لە ڕووی ڕۆنانەوە کاری داڕێژراوی بەسەر دوو جۆر دابەشکردووە:

1- کاری داڕێژراوی دیار: وەك: (هەڵکرد، دادەشکێنمەوە...).

2- کاری داڕێژراوی نادیار: وەك: (هەڵدەدرێتەوە، نووسرایەوە...).

لە (ل45) دەربارەی کاری داڕێژراوی د یار و ناد یار دە ڵێ: ((ڕە گی د یار دە می کات پیشان دەدات، بەڵام ڕەگی نادیار ڕابردوو و ڕانەبردوو دەرناخات)).

هەر لە هەمان وتاردا لە (ل46) بەم شێوە گوزارشتی لە کاری لێکدراو کردووە: ((کاری لێکدراو بریتییە لەو کارەی کە کارێکی داڕێژراو بەشداری لە پێکهێنانیدا بکات، بەڵام جگە لەمەش دەبێ بە لای کەمەوە کەرەسەیەکی تریشی لەگەڵدا بێت، ئەم کەرەسەیە، کە بە زۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆیە لە شێوەی ناو، یان ئاوەڵناو، یان ئاوەڵکاردا ئاسایی پێش کارە داڕێژراوەکە دەکەوێ)). هەروەها لە (ل 47)دا دوو جۆر کاری لێکدراوی لە یەکتر جیاکردۆتەوە:

1- کاری لێکدراوی ڕووداوگێڕ: وەك: (لەبەرکرد، سوێندی خوارد...).

2- کاری لێکدراوی بارگەیەن: وەك: (پاك بوو، سوور هەڵگەڕا...).

پاشان دە ڵێ: ((ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوە یە، کە ئەم دوو کۆمەڵە بە هۆی جۆری کەر تەکانی پێشەوە جیاناکرێنەوە وەك هە ندێ زما نەوان هەوڵی داوە، بەڵکو بەهۆی جۆری ئەو کارە داڕێژراوە دەبێ، کە بەشداری دەکات لە ڕۆنانی کارە لێکدراوەکە)).

وتاری ((کار پۆلێن کردن بە پێی ڕۆنان)) بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت چ لە بواری ڕێز مانی کوردی و چ لە ناو کارە کانی نووسەر، چونکە ئەم و تارە شۆڕ شێك بوو بەرامبەر بۆچوونی دێرینەکان . هەر لە سەرەتاوە لە لا یەن (د.وریا عومەر ئەمین)ەوە

پشتگیری لێوەکراوە و پاشانیش بووە بە تیۆرێك و هەموو زمانەوانانی کورد پەیڕەوی دەکەن.(د.محەمەد مەعروف ) لە وتارێکی تردا بە ناوی ((هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا)) کە لە ساڵی (1990) بڵاوی کردۆتەوە. کۆمەڵێك زانیاری تازە و بەسوودی لە بارەی ئاوەڵناو خستۆتەڕوو، کە پێشتر باس نەکرابوون. پێویستە ئەوەش بڵێین کارەکانی ناوبراو لە بواری زمانەوانیی، وەنەبێ هەر تەنیا بریتی بێت لەم دوو وتارە، بەڵکو تا ئێستا (18) وتاری بە زمانی کوردی و (16) وتاری تریشی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە و سەرپەرشتی زیاتر لە (30) نامەی ماستەر و دکتۆرای لە زمانی ئینگلیزی و کوردیدا کردووە.

## – کاریگەریی بۆچوونی نوێ لەسەر لێکۆڵینەوەکانی خوێندنی باڵا:

کاتێ خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی (1986) کراوەتەوە، لەو کاتەوە هەوڵدراوە بە شێوەیەکی تەواو زانستی و بە پشت بەستن بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆنانگەری لە بنج و بنەوانی زمانی کوردی بکۆڵرێتەوە، لە لێکۆڵینەوەکاندا سەرەتا دوو ئاراستەی جیاواز بەدی دەکرێت:

1- ئاڕاستەیەکی دێرین: زۆر بەی ئەو نامانەی کە (د.کوردستانی موکریانی، د.ئەوڕەحمان ) سەرپەرشتیان کردوون، ئاراستەیەکی تەقلیدییان وەرگرتووە، بەڵام ئەم نامانە ژمارەیان زۆر کەمە.

2- ئاڕاستەیەکی نوێ (ڕۆنانی): ئەو نامانەی (د.محەمەد مەعروف، د.وریا عومەر ئەمین...) سەرپەرشتیان کردوون، ئاراستەیەکی ڕۆژئاوایی یان وەرگرتووە و لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی زمانەوانیی نوێ زمانی کوردییان شیکردۆتەوە. لە دوای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئەم ئاراستە ڕۆژئاواییە تەواو جێگیر بووە. لێرەدا پێویستە ڕۆڵی (د.محەمەد مەعروف) چ وەکو مامۆستا و چ وەکو سەرپەرشتیار لە جێگیرکردنی ئەم ئاراستە نوێیە لە لێکۆڵینەوەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەددین بەرز بنرخێنین، کە تا ئێستاش نەك هەر لە زانکۆی سەلاحەددین بەڵکو لە زانکۆکانی تریش پەیڕەوی ئەم ڕێبازە دەکرێت. لە بارەی ڕێبازەکەشەوە (د.محەمەد مەعروف) دەڵێ: (( ئەم ڕێبازە لەوەدا هی خۆمە، کە بۆ یەکەمجار هەندێ بنەمای ڕێزمانی ئەهێنمە ناو زمانی کوردی، سەرەتا لەسەر بنەمای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە کارم دەکرد. لە دواییدا گوێزانەوەکەم لێ لا بردووە و تەنیا کار لەسەر بەرهەمهێنانەکە دەکەم))(*).

---

(*) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ(پ.د.محەمەد مەعروف فەتاح) کۆلێژی زمان، بەرواری 2009/4/14.

لە بارەی خا سیەتی ڕێبازە کەش دە ڵێ: ((ڕێبازە کە ڕۆنانکاری یە، ئە گەر بـ تەوێ لەسەر زمانێك پیادەی بکەی، دە بێ زمانە کە شیبکەیتەوە لە بچووکترین دانە یەوە تا گەورەترین دا نەی. مەرج نی یە لە ڕ ستەدا بوە ستێ، چونکە دوای ڕ ستەش شتی تر هەیە، سەرەتا لە گوێزانەوەکەدا هەوڵمان دەدا لە نێوان ئاستی سەرەوە، کە دەنگەکا نە و ئا ستی ژ ێرەوە، کە واتا یە چەند ئا ستێکی تر بدۆزی نەوە، بەڵام لە دوای ساڵی (1992) وازم لە گوێزانەوە کە هێ نا. داهێنانە کەی من لەوەدا یە، کە یە کەمجارە ئەم ڕێبازە لەسەر ڕا ستیەکانی زمانی کوردی پیادە دەکرێ،لێرەدا گرنگ ئەوە یە، کە من ڕا ستیەکانی زمانی کوردی نە شێوێنم. ناکرێ لە بەر خاتری ڕێبازە کە و بنەماکانی و یا ساکانی هە ندێ ڕا ستی زمانی کوردی تێک بدەم، بۆ ئەوەی لە گەڵ بنەماکان بیان گونجێنم. زۆرجار نەك هەر لە نامەکا ندا لە نوو سینەکانی خۆ شمدا باس لەوە دە کەم، ئەو جۆرە ڕێزمانانە ئەبێ گەشەی پێبدرێ بۆ ئەوەی بە کەڵکی زمانێکی وە کو کوردی بێ. بۆیە من چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە گەورە دە کەم. ئەم جۆرە بۆ چوونە لە کۆ تایی شە ستەکانەوە هە یە، کە بۆ چوونەکانی چۆمسکییەو بە چەند قۆناغێکدا ڕۆی شتووە. لێرەدا منیش هەوڵدەدەم بۆ گونجا ندنی پێوەرە کانی تیۆرە کە لە گەڵ ڕا ستیەکان، کە ئەمەش بە ڕۆنانگەری ناودەبرێت. لەم ڕووەوە تەنانەت بۆچوونەکانی چۆمسکیش هەر پێی دەگوترێ ڕۆنانکاری، هەرچەندە ناوی جیاوازیشی هە یە، بەڵام هەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆنانکاری، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سۆسێر)).(سەرچاوەی پێشوو)

پێویستە ئەوەش بڵێین، کە زمانی کوردی لە سایەی ئەو ڕێبازەوە پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە دیوە، لە ئێستادا چەندان زما نەوانیی تریش لەناو کورد ڕابەرا یەتی ئەم ڕێبازە دەکەن. لە چاوخشاندنێکماندا بەو لێکۆڵینەوانەی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1988-2000) پێشکێش بە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراون، بە مەبە ستی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە زمانی کوردی، کە ژمارە یان (26) نامە یە، تەنیا چەند دانە یەکی کەم لەم نامانە لەسەر ڕێبازی دێرین نووسراون.

# بەشی دووەم
## بەرهەمە دەنگسازییەکانی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)و بۆچوونی زمانەوانی

**سەرەتا:**

دەنگ سازی لە ذ یوەی یە کەمی سەدەی بیستەمدا لە لا یەن زمانەوانەکا نەوە بایەخەکی یەکجار زۆری پێدرا، تەنا نەت سەرەتاکانی چەسپاندنی زما نەوانیی لە سەر شانی ئا ستی دەنگ سازی بوو، لە بەر ئەوەی بنەما زاذ ستیەکانی ز یاتر تێدا بەدی دە کرێ و بواری ئەوەی هە یە لە تاقیگەکا ندا تاقیکرد نەوەی زاذ ستی لە سەر ئەنجام بدرێ، هەر بۆیەش بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی تری زما ندا دەنگسازی بە شی شێری بەرکەوتووە، چ لە ڕووی چەندێتی و چ لە ڕووی زانستیەتی لێکۆڵینەوەکاندا.

دەنگسازی وەنەبێ لەسەر یەك بنەما و ڕێباز خرابێتەڕوو. وەك هەموو بوارێکی تری زانستی لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە قسەی لەسەر کراوە. بە تایبەتیش فۆنیم کە بە کەرەسەی خاوی ئەم بوارە دادەنرێت.

بۆ نا سین و جیاکرد نەوەی یان پێنا سەکردنی فۆنیم کۆ مەڵێ ڕێباز و قوتابخا نەی جیاواز دروست بوون، هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە سەیری فۆنیمی کردووە.

لە بەر ئەوەی کارە کەی ئێ مەش تایبە تە بە لێکدا نەوەی ڕێ بازی زما نەوانیی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، بە پێویستی دەزانین ئەم ڕوانگانە بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی هەڵوێست و ڕێبازی (ئەوڕەحمان) لە نێو ڕوانگەکاندا دیاری بکەین.

## ڕوانگەکانی فۆنیم:

### 1- ڕوانگەی ئەرکی:

بەپێی ئەم بۆ چوونە فۆنیم لە سەر بنەمای ئەو ئەرکە پێنا سە دە کرێ، کە لە ز مانێکی د یاریکراو دەیبینێ، بەم پێ یە (( فۆنیم بچووکترین دانە یە کە ئەرکی جیاکرد نەوەی وا تا دەگرێتە ئە ستۆ)). (37: 63) دوا تر (تروبتسکۆی) چەمکی فۆنیم شیدەکاتەوە و دە ڵێ: (( ئەو دا نە فۆنۆلۆجیا نەی، کە لە ز مانێکی د یاریکراودان و ناتوانرێت بۆ یەکەی فۆنۆلۆجی بچووکتر شیبکرێنەوە پێیان دەگوترێت فۆنیم)). (50: 122) جگە لە (تروبتسکۆی) زما نەوانانی تریش لەم ڕوانگەوە پێنا سەی فۆنیم یان کردووە، لەوانە (بلۆمفیلد) هەمان تێڕوانینی تروبتسکۆی بۆ بیردۆزی فۆنیم هەبووە، فۆنیم بەوە پێناسە دەکات، کە: ((بچووکترین دانە یە، کە جیاوازی لە وا تادا درو ست

دەكات لە نێو یەكەكانی زماندا))(*). (44: 15) بەم پێیە ((فۆنیم نە دەنگە و نە خێزانە دەنگ، بەڵكو دانەیەكی ڕووتی (مجرد) تیۆریدیە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا بە پێی ئەو جیاوازیانەی لە ماناكەدا بەدی دەهێنێ دیاری دەكرێ)) (37: 63). لەم ڕوانگەوە لە زمانی كوردیشدا خستنە جێی فۆنیمێك لە شوێنی فۆنیمێكی تر گۆڕانی واتای لێ دەكەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر /ش/ لە وشەی (شیر) بگۆڕین بۆ /ب/، وشەكە دەبێت بە (بیر) و واتاكەشی دەگۆڕێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: لە ڕوانگەی ئەركییەوە فۆنیم بچوكترین دانەی فۆنۆلۆجییە، كە ئەركی جیاكردنەوەی واتا دەبینێت.

## 2- ڕوانگەی هۆشەكی- دەروونی:

بە بڕوای لایەنگرانی ئەم بۆچوونە، فۆنیم: بریتییە لەو دەنگە نموونەییە، كە قسەكەر دەیەوێ دەری بهێنێ، بەڵام هەرگیز كت و مت بۆی نایەتە بەرهەم، لەبەر دوو هۆ:

1- دوو دەنگی دووپات كراو هەرگیز كت و مت لە یەكتری ناچن.
2- هەموو دەنگێك لە ژێر كاریگەریی دەنگەكانی دەوروبەریدا دەگۆڕێ. (سەرچاوەی پێشوو: 60) ئەم بۆچوونە لە لایەن زمانەوانیی ڕووسی (بۆدوان دی كورتینای)یەوە دانراوە، هەرچەندە سەرەتا لە ڕوانگەی ئەركییەوە پێناسەی فۆنیمی دەكرد، بەڵام پاشان لەژێر كاریگەریی دەروونیەكاندا جارێكی تر پێناسەكەی داڕشتۆتەوە، كە دەڵێت: ((فۆنیم وێنەیەكی مێشكی نەگۆڕە لە بەرامبەر وێنەی گۆڕاودا، كە هێنانی فیزیایی دەنگی كردارییە بۆ وێنە مێشكییەكە)) (52: 231).

لە پاش (دی كورتینای) زمانەوانیی تریش لە هەمان ڕوانگەوە پێناسەی فۆنیمیان كردووە، كە گرنگترینیان زمانەوانیی ئەمریكی (ئەدوارد ساپیر)ە، بەوە پێناسەی كردووە: فۆنێم: ((كە دەنگێكی نموونەییە هەوڵ دەدەین لە دركاندندا لاسایی بكەینەوە، بەڵام لە دەركردنی بەو شێوەی كە دەمانەوێ، یاخود بەو شێوەی كە گوێمان لێی دەبێ سەركەوتوو نابین)) (48: 175).

ئەم بۆچوونە لە لایەن هەندێ زمانەوانەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. بە باوەڕی (تواديل) پێناسەكەی (دی كۆرتینای) درشت و بێ سوودە، چونكە ناتوانین بگەینە مێشكی

(*) د. ئەورەحمانی حاجی مارف لە هەمان ڕوانگەوە پێناسەی فۆنیمی كردووە كە دەڵێت: ((فۆنیم بەو دەنگانە دەوترێ كە لەزماندا وشە یێك دەهێنن و بە گۆڕان و لا چوونیان واتا دەگۆڕن))، بڕوانە: (زمانی كوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیكدا، بەغدا، 1976، ل15).

مرۆڤ. هەروەها (تروبتسکۆی) لەو باوەڕەدایە کە لە پێناسەی فۆنیمدا دەبێ لە دەروون و مێشك دوورکەوینەوە، چونکە فۆنیم دانەیەکی زمانییە نەك دەروونی(37: 60). ئەم ڕووانگە یە تاڕادە یەك لە تیۆری (نموو نەیی)ی ئەفلاتوون دەچێت، کە دەڵێت: ئەو دەنگانەی دەردەبڕێن وێنەی ڕاستەقینەی دەنگەکە خۆی نییە، کە لە مێشکدا وێنەی بۆ گیراوە، بەڵکو هەموویان هەر لاسایی کەرەوەی ئەم دەنگەن (45: 18).

ئەنجامی ئەو پێنا سانە ئەوە دەگە یەنن، کە فۆنیم بەپێی بۆچوونی هۆشەکی، وێنەیەکی مێشکییە بۆ ئەو دەنگانەی، لە مێشکی قسەکەرانی هەمان زماندا هەیە.

## 3- ڕوانگەی فیزیکی:

ئەم بۆچوونە بوونی فیزیکی کردۆتە بنەما بۆ پێنا سەکردنی فۆنیم. بەم پێیە ((فۆنیم بوونێکی فیزیایی هەیە و ئەو دەنگانەی سەر بە فۆنیمێکن، تایبەتیەتی دەنگی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بە واتای ئەوەی لە ڕووی فۆنەتیکەوە لەیەکتر دەچن)). (37: 61).

ڕا بەری ئەم بۆچوونە (دانیال جۆنز-Danial Jones)ە، سەبارەت بە پێنا سەی فۆنیم دەڵێ: ((فۆنیم لە هەر زمانێکدا خێزانە دەنگێکن، لە تایبەتمەندێتیدا لە یەکترەوە نزیکن)). (18: 8) جۆنز جەخت لەسەر ئەوە دەکا تەوە: ئەو کۆمەڵە دەنگە هەرگیز لە هەمان ژینگەی دەنگیدا دەرناکەون، دەڵێ: ((خێزانێکن لە دەنگی زمانی، کە لە ڕووی دەربڕین و بیستنەوە نزیکییان هەیە و هەرگیز لە هەمان ژینگەی دەنگیدا دەرناکەون)). (سەر چاوەی پێشوو: 8) بۆ نموو نە بزوێ نی /ی/ لە زمانی کوردی لە دوو شێوەی سەرەکیدا دەبینرێ و بە هەردوو شێوەکە فۆنیمی /ی/ پێکدێنن:

1- /ی/ کورت لە بڕگەی بێهێزی کۆتایی وشەدا دێ. وەك: شاری، دەزانی...

2- /ی/ درێژ لە شوێنەکانی تردا دێ، وەك: دەچین، شیر... ئەگەر بکەوێتە کۆتایی و شەش، دەبێت بڕگە کە بەهێزبێت، وەك: (ئا.زا.یی).هەر چەندە ئەم دوو شێوەیە لە درێژی و کورتی یدا جیاوازن، کە چی هاوبە شی فۆ نەتیکیان زۆرە، هەردووکیان لەو بزوێنانەن، کە بەرزن و پێشەوەی زمان دروستیان دەکات، لێو خڕ نابێت لەگەڵیاندا، لە ڕووی ژینگەشەوە شوێنی یەکتری ناگرنەوە (37: 62).

دانیال جۆنز پێی وا یە، یەکێك لەم شێوانە ئەندامی سەرەکین، کە مەبەستی(فۆنیمە)ە، ئەوانی تر لاوەکین، کە مەبەستی (ئەلەفۆنەکان)ـە (44: 19) لەم بۆچوونانەدا ئەوە دەردەکەوێتن، کە ڕوانگەی فیزیکی لە پێناسەکردنی فۆنیمدا تەنیا لایەنی فۆنەتیکی لەبەرچاو گرتووە.

## 4- ڕوانگەی ڕووت-مجرد:

ئەم بۆ چوونە فۆنیم بە شتێکی نابەرجە ستە دادە نێ، شوێنکەوتووانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە، کە فۆنیم ڕاستیەکی ماددی، یان دەروونی نییە، بەڵکو یەکە یەکی ڕوو تی خەیاڵی یە، لێکۆ ڵەر هەڵدە ستێ بە دەرهێ نانی لە کرداری دەربڕی ندا، دوای داماڵینیی و گەیشتن بە هۆیەوە بۆ یەکەی سەربەخۆ.(20:44)

زانای ئەمریکی( تواد یل-Twaddell) ڕابەرا یەتی ئەم بۆ چوونە دەکات و دەڵێ: فۆنیم نە لە ڕووی ئەندامی و نە لە ڕووی دەروونیەوە، بوونی ڕاستەقینەی نییە، بەڵکو یەکەیەکی نابەرجەستەی ئەفسانەییە (44: 20). هەروەها دەڵێ: فۆنیم شتێکی ڕووتە، بەڵام لە ڕێ گای دەنگەکانی یەوە دەردە کەوێت (48: 199). بۆ یە ئەوەی دەدرکێ نرێ ئەلەفۆنەکانن نەك فۆنیم، کە بچووکترین یەکەی دەنگییە.

(هیلم سلیف-Louis Hjelmslv) کە ڕابەرا یەتی قوتابخا نەی (جلو سیمی-Glossematices) دە کرد، هەمان بۆ چوونی (تواد یل)ی هەبوو، بە شێوەیەکی وا سەیری فۆنیمی دە کرد، کە یەکە یەکی دا ماڵراوە، بە مەش ڕووە مادی-فیزیکی- یە هەستپێکراوەکەی پشتگوێ خست (52: 236).

## تایبەتمەندییەکانی فۆنیم:

فۆنیم لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە چەند تایبەتمەندییێکی هەیە، لەوانە:

1- بچووکترین دانەی دەنگییە، کە کەرت ناکرێ بۆ دانەی بچووکتر.

2- ئەرکی هەیە. واتە بە گۆڕینی لەگەڵ فۆنیمێکی تر واتای وشە دەگۆڕێ (53: 53).

3- هەست بە بوونی فیزیکی دەکرێت (31: 52)

## - خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە دەنگسازییەکانی (د.ئەوڕەحمان):

**أ-بنەماکانی هەڵسەنگاندنەکە:** لەم بەشەدا دوای ئەوەی لە دەستپێکدا بە کورتی باسی ئەو ڕوانگا نەمان کرد، کە لە ئەنجامی پێنا سەکردنی فۆنیم هاتونە تە ئاراوە. لێرەدا هەوڵدەدەین هەریەك لە بەرهە مە دەنگسازییەکانی (د. ئەوڕەحمان) هەڵبسەنگێنین، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا ناوەڕۆکی هەریەك لە بەرهە مەکانمان خستۆتەڕوو، دوا تریش بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە دەنگسازی و وشەسازییەکان بە پشت بە ستن بە بنەماکانی ئامار چەند تایبەتمەندیەکمان دەستنیشان کردووە، کە لە لا یەن پسپۆڕانی زما نەوە(*)

---

(*) ئەم بنەمایانە لە لایەن هەردوو زمانەوان: (پ.د.محەمەد مەعروف فەتاح)و (پ.د.یوسف شەریف سەعید) پەسند کراون.

لە ڕووی زاذ ستیەوە پە سند کراون مەرجیش نی یە ئەنجامی هەڵ سەنگاندنەکان ڕێژەیەکی تەواوی دابێت بە دەستەوە، بەڵکو ئەنجامەکان ڕێژەیین وبنەکانیش بریتیینە لە:

**1– سنووری لێکۆڵینەوە:** مەبەستمان ئەو پانتاییەیە، کە لێکۆڵەر کاری لەسەر کردووە. سنوری لێکۆڵینەوە یەکێکە لەو پانتاییانەی، ڕۆنانکارەکان بە بایەخەوە تێی دەڕوانن. مەبەستیش لە سنووری لێکۆڵینەوە ئەو سنوورە جوگرافیا یەی ذێوان ئا ستەکانە، کە دیارە سنووربەزاندن و بازدان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر لە لێکۆڵینەوە دیاردە یەك بوو، ڕۆنانکارەکان دژی وە ستاونەتەوە، تەنا نەت لە لێکۆڵینەوەی زما ندا باوەڕیان بە پرنسیپی (لێکترازانی ئاستەکان) هەبووە، پێیان وابووە، هەر ئا ستێکی زمان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دە بێ دا بڕێ لە ئا ستەکانی تر، تەنا نەت هەر ئا ستێك ج گە لەوەی، تایبەتمە ندیی خۆی هە یە زاراوە و تەکنیك و شێوازی لێکۆڵینەوە شی جیا یە لە گەڵ ئاستێکی تر، کەچی لە لای دێرینەکان بایەخ بەو ترازاند نە نەدراوە و ئا ساییە لە یەك بەرهەمدا چەند ئاستێك تێکەڵ یەکتری بکرێ.

ئێمەش ئەمە دەکەین بە خاڵێك وەك پێوەرێك بە کاری دەهێنین بۆ ئەوەی بزانین (د.ئەوڕەحمان) تا چ ڕادە یەك پابە ند بووە بە سنووری لێکۆڵینەوە کەی؟ ئا یا ڕێبازی ڕۆنانکارەکانی پەیڕەو کردووە؟ یان کاریگەریی دێرینەکانی لەسەر بووە؟

**2– بەسەرداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:**

هەر چەندە با بەتی بەسەردا چوونەوەی کارە کانی پێ شوو نابێ تە خاڵێکی جیا کەرەوە لە ذێوان قوتابخا نەی د ێرین و نو ێدا، بەڵام لە ڕێزمانی کورد یدا با بەتی بەسەرداچوونەوەی کارەکانی پێشتر، بە دەگمەن لە قوتابخانەی دێریندا بەدی دە کرێ، تەنانەت ڕۆنانکارە کانیش لە سەرەتای بە سەر کارە کانی پێش خۆیاندانە چوونەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گ شتی لە بەرهەمەکانیا ندا ڕێبازە نوێیەکانی زمانەوانیی‌دا بەدی دەکرێ، هەر بۆیەش پابەند بوون بە بەسەردا چوونەوەی کارە کانی پێشتر، وەك خاڵێك لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ڕێبازە نوێیەکانی زمانەوانیی دادەنرێت.

**3– لایەنی مێژوویی و ئێستایی:**

یەکێك لە سیما جیاکەرەوەکانی زمانەوانیی نوێ، کە سۆسێر بنەمای بۆ داڕشت، جیاکردنەوەی لایەنی مێژوویی زمان و ئێستایی زمان بوو. بۆیە لە زۆربەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکاندا، کە بە لێکۆڵینەوەیس (وەسفی) ناودەبردرێن خۆیان لە لایەنی گەشەی زمان و لایەنی مێژوویی زمان دەپارێزن، زمان وا لێکدەدە نەوە وەك ئەوەی کە

ئێستا هەیە. لە ڕێبازە دێرینەکەدا تێکەڵ کرد نی ئەم دوو لایە نە دیاردە یەکی ئا سایی بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی (ئەوڕەحمان)، لا یەنی ئێستایی زمانیش دە کەین بە پێوەرێك، بۆ ئەوەی بزانین تا چەند پابەند بووە بە پاراستنی بنەما وە سفیەکەی زمان، یان تا چ ڕادەیەك فەرامۆشی کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ سەر لایەنی مێژوویی.

## 4- کەرەسەی لێکۆڵینەوە:

زمانەوانە دێرینەکان هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە سەیری زمانە کۆنەکانیان دە کرد، گوایە کە ڕەسەنایەتیی تێدا یە و تەنا نەت لە هە ندێ باردا هەوڵی ئەوە شیان دەدا، کە خەڵك فێر بکەن چۆن وە کو کە لە شاعیر و نوو سەرە دێرینەکان قسە بکەن، بەرام بەر ئەوەش بە چاوێکی سوك سەیری زمانی خەڵکیان دە کرد، هەر لە سەر ئەم بنەما یەش کەرەسەی خاوی لێکۆڵینەوە و نموونەی پێویست بۆ گو تەکانیان هەڵدە بژارد. هەر بۆ نموو نە عەرە بەکان لە کێ شە ڕێزمانیەکانیا ندا تا نموو نەی ناو قور ئان هەبێ ئەو بەکاردێنن، ئیذجا هەنگاوی دووەم بۆ شیعری شاعیران و دیوا نە کۆ نەکان دە گەڕێن، بەڵام زمانەوانیی نوێ بە پێچەوانەوە بایەخ بە زمانی سروشتی دەدا، کەرە سەی خاوی زمانەوانیی نوێ قسەی ڕۆژانەی خەڵکە.

بەم پێیە ئە مەش دەبێتە خاڵێکی جیا کەروە بۆ ئەوەی ئەم دوو ڕێبازە دێرین و نوێیە لە یەکتری جیابکا تەوە، هەر بۆیەش بە پێویستمان زا نی لە ڕوانگەی کەرە سە خاوە کان بەرهە مەکانی (ئەوڕەحمان) هەڵبسەنگێنین، بۆ ئەوەی بزانین لە کام ڕێباز نزیکترە.

هەرچەندە ئەوەشمان لەبەرچاو گرتووە، کە لە کورد یدا زمانی قسەکردن و زمانی شیعرە کۆ نەکان جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە نێوا ندا نیيە، تا ڕادە یەکی زۆر لە یەکتری نزیکن، ئە گەر بەراورد بکرێ لە گەڵ زمانی قسەکردن و نوو سینی عەرەبیدا. ئەوەش بەهۆی ئەو کاریگەری یە مێژووی یەوە بووە، کە گە شە و گۆڕان لە ماوە یەکی دوور و درێژدا بەسەر زمانی عەرەبیدا هێناویەتی، بەڵام دروستبوونی زمانی نووسینی کوردی ئەو مێژووە دووور و درێژەی نیيە، بۆ یە لە زمانی قسەکردن ئەوە ندە جیانەبۆ تەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا باوەڕیان وایە، کە پەنابردن بۆ نموو نەکانی شیعری کلا سیکی کوردی و دە قە کۆ نەکان لەو باوەڕەی دێرینەکا نەوە سەر چاوە دە گرێ. هەر بۆ یەش کردمان بە خاڵێکی جیاکەرەوە.

## 5- بەراوردكردنی دیالێكتەكان:

لە لێكۆڵینەوە وەسفیەكاندا زمانەوان خۆی لە باری بەراوردكردن دەپارێزێ، ئەوەش بەو واتا یە نییە، كە ڕێبازی ڕۆناذ كاری دژی بەراوردكردن بوو، بەڵام لێكۆڵینەوەیەك كە بە وەسفی ناوبرابێ، تایبەت بێ بە بارێكی دیاریكراو لە سیستەمی ڕێزمانی زمانێكی دیاریكراو، تەنیا باسی ئەو زمانەیان كردووە و لەگەڵ دیالێكتەكانی تردا بەراوردیان نەكردووە.

بۆیە تێكەڵ كردنی هەردوو حاڵەتی وەسفی و بەراورد دەبێتە خاڵێكی نەرێنی لە لێكۆڵینەوەدا و بە دووركەوتنەوە لە ڕێبازە ڕۆنانكار یەكان دادە نرێ، دیسانەوە ئەوەشمان كرد بە خاڵێك بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەكانی (ئەوڕەحمان).

## 6- بەراوردكردنی زمانی كوردی لەگەڵ زمانەكانی هاوخێزانی:

لە پۆلێن كردنی قۆناغەكانی گەشەكردنی زمانەوانیی ئەگەر سێ قۆناغ دیاری بكرێ، كە بریتین لە دێرین و بەراورد و نوێ، بەڵام زۆرێك لە زمانەوانان قۆناغی بەراودیش لەگەڵ دێرینەكە پۆلێن دەكەن. واتە تەنیا دوو ڕێبازی گشتی لە زماندا جیادەكەنەوە، كە ئەویش قۆناغی دێرین و قۆناغی نوێیە. گرنگترین خاسیەتی قۆناغی بەراورد، بریتی بوو لە بەراوردكردنی زمانە هاوخێزانەكان لە ئاستەكانی دەنگ و ڕێزماندا.

لە ڕێبازە نوێیەكاندا بە تایبەتی لە لێكۆڵینەوە وەسفیەكاندا حاڵەتی بەراوردكردن بەدی دەكرێ، تێكەڵ كردنی ئەو دۆخەش بە حاڵەتێكی نەرێنی دادە نرێ و بە پاشماوەی بیری قۆناغەكانی پێش پەیدابوونی زمانەوانیی نوێ لێكدەدرێتەوە. هەر بۆیەش ئەم بنەمایەشمان كرد بە خاڵێك لە هەڵسەنگاندنی كارەكانی (د.ئەوڕەحمان).

ئەم شەش خاڵەی باسمان كرد، دەبن بە ئاماژەیەك لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ دەستنیشانكردنی ڕێباز و قوتابخانەی (د. ئەوڕەحمانی )، لە پاڵ ئەوانەشدا بە پێویستمان زانی چەند خاڵێكی تر بخەینەڕوو، كە پەیوەندی بە جیاكردنەوەی قوتابخانە زمانەوانییەكان نییە، بەڵام گرنگن بۆ هەڵسەنگاندنی سەرجەم كارەكانی (د.ئەوڕەحمان)، ئەوەش لەبەر ئەوەی مۆركێكی تایبەتی دەدا بە بەرهەمەكانی ناوبراو و جیای دەكاتەوە لە زمانەوانانی تر، وەك بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و كوردناسانی سۆڤیەت و ڕێبازی وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەكان و شێوازی نووسینی پەراوێز و فەرهەنگی زاراوەكان و لیستی سەرچاوەكان.

## ب- بەرهەمە دەنگسازییەکان:

## بەرهەمی یەکەم:

- زمانی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا، 1976. :

**خستنەڕووی بەرهەمی یەکەم:**

**ئەم کتێ بە (85) لاپەڕە یە و لە پێ شەکی و چەند با سێك پێك هاتووە پێ شەکی: لە (ل3-13) بە کورتی لە مێژووی سەرهەڵدان و ئەرکی فۆ نەتیکی کۆڵیوەتەوە،پا شان لە هە ندێ لا یەنی دەنگەکانی ز مانی کوردی دواوە، دەر بارەی (فۆ نەتیك)یش لە (ل15-16) پێنا سەی فۆ نەتیکی کردووە و بە بە شێك لە زاذ ستی زمانی لە قەڵەم داوە. پا شان هاتۆ تە سەر(فۆنیم) و (شێوەی فۆنیم-Allophone) و پێناس سەی کردوون بە نموو نەوە. پا شان (ل18-24)ی بەرهەمە کەی بۆ بە سەر داچوونەوەی کارەکانی پێش خۆی تەرخانکردووە، دوا تر لە (ل24-31) هاتۆ تە سەر دەنگەکانی زمانی کوردی و دوای دابەشکردنی دەنگەکان بەسەر بزوێن و نەبزوێن و پێنا سەکردنی دەنگە بزوێ نەکان، (8)دەنگی بزوێنی دەستنیشانکردووە و شوێنی دەر بڕینی هەریەکەیانی د یاریکردووە. هەروەها با سی خا سیەتی چەند ئە ندامێکی ئاخاوتنیشی کردووە لە کاتی دەربڕینی دەنگە بزوێنەکاندا.**

**لە (ل32-35) با سی هەر یەك لە نیمچە بزوێن و بزوێنی دوولا نەی کردووە بە نموونەوە. لە (ل35-46)یش دوای پێناسەکردنی دەنگە نەبزوێنەکان (28)دەنگی لێ دەستنیشانکردوون و بە سەر ( ئاوازدار) و ( کپ)دا دابە شی کردوون. پا شان لە خشتەیەکدا شێوەی دەربڕین و شوێنی دەربڕینی نیشانداون. هەر لەم بارەوە نووسەر لە (ل48-51)ی باسەکەیدا، لە ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنی هەندێ لە دەنگەکانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە و لە (ل54-64) باسی چەند خاسیەتێکی فۆنەتیکی زمانی کوردی کردووە، وەك: کورتکردنەوە، تێچوونی بزوێن، پەیدابوونی نیمچە بزوێن...هتد. پاشان لە (ل64-67) بەراوردێکی لە نێوان خا سیەتە فۆنەتیکیەکانی د یالێکتی خواروو و ژووروو ئەنجا مداوە. سەبارەت بە بڕگەش لە (ل69-71) پێنا سەی بڕگەی کردووە و دوو جۆرە بڕگەی یاداشت کردووە: 1- بڕگەی کراوە. 2- بڕگەی داخراو.**

**لە (ل72) شدا دوای پێنا سەی هێز، با سی هێزی وشە و هێزی ڕستەی کردووە. لە (ل72-74) با سی گۆڕانی وا تای کردووە، سێ هۆکاری بۆ گۆڕانی وا تا لە زمانی کوردی دیارکردووە : 1- دەنگەکانی ئاخاوتن. 2- هێز. 3- ئاواز**

-هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی یەکەم:

1- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری کارەکەی (د.ئەورەحمان) لێکۆڵینەوەیە لە دەنگەکانی زمانی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی زانستی فۆنەتیکدا، بەڵام نووسەر سنووری باسەکەی بەزا ندووە و با سی چەند لا یەنێکی فۆنۆلۆجیشی لە زمانی کوردی کردووە، وەك: (بڕگە، هێز، گۆڕانی دەنگەکان...). نووسەر لەم بەرهەمەدا دیاردە فۆنۆلۆجییەکانیشی هەر بە فۆنەتیك لە قەڵەم داوە، بۆ نموونە لە (ل54) (گۆڕانی دەنگەکان)ی بە چەند خاسیەتێکی فۆنەتیکی زمانی کوردی لە قەڵەم داوە، نەوەك بە گۆڕانی فۆنۆلۆجی دەنگەکان.

2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د.ئەورحمان) لە (ل18-24)ی بەرهەمەکەی بۆ پێداچوونەوەی (24) کاری پێش خۆی تەرخان کردووە، بەڵام لەم بەرهەمەدا تەنیا بۆچوونەکانی نیشانداوە، زۆر کەم هەڵسەنگاندنی بۆ کردوون، بۆ نموونە دەربارەی یەکێك لەو کارانەی قسەی لەسەر کردوون، لە (ل21) دە ڵێ: (( لە نوو سراوەکەی د.ن.مە کەنزی دا، کە دەر بارەی (دیالێکتەکانی زمانی کوردی)[1] نوو سیویێتی لە بە شی فۆنەتیکدا بۆ دیالێکتی کرمانجی خواروو (9) بزوێن و بۆ کرمانجی ژووروو (8) دەنگی بزوێن دیاری کراوە و بە شێوەیەکی زانستی لەو مەسەلەیەی کۆڵیوەتەوە، ئەوەی کەم و کورتیش بێت، ئەوەیە، کە: لێك جیاکردنەوەی کورتی و درێژی دەنگە بزوێنەکانی نەسەلماندووە)). ڕەنگە زۆر گرنگی نەدان بە هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوو لە لایەن نووسەرەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە زۆر بەی کارەکان زانستی نەبوو نە و زیاتر باسی ژمارەی دەنگەکانیان کردووە و لە دەستنیشانکردنی دەنگەکانیش بۆچوونێکی یەکگرتوویان نەبووە.

3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د. ئەورەحمان) کەرە سەی خاوی لێکۆڵینەوە کەی لە دە قە کۆنەکا ندا وەرنەگرتووە، بەڵکو لە زمانی سروشتی خەڵك وەری گرتوون، خۆشی لەبەر ئەوەی قسەکەرێکی ئەو زمانەیە نموونەکانی بەپێی پێویست هێناوەتەوە. بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەم کارەی ئەو زیاتر پێویستی بە دانەی فەرهەنگی هەیە نەك داڕشتنی ڕێزمان، بۆیە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بەدوای نموونە نەگەڕاوە. لە بری ئەوە بۆ سەلماندنی بیروڕاکانی، نموونەکانی لە زمانی ئاخاوتن وەرگرتووە. بۆ نموونە لە (ل 59)

[1] D.N.Mackenzie, Kurdish dialect studies, London, 1961, pp.1-30.

دەربارەی (دەنگە گۆڕکێ) نووسیویەتی: ((هەندێ جار دەنگێ جێگای دەنگێکی دیکە وەردەگرێ، یاخود لە یەك نزیك دەبنەوە، وەك:

هەسپ  ئەسپ

باخ – باغ ))

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

هەر چەندە دەستنیشانکردنی جیاوازی و لێک چوونی دیالێکتەکان لە ڕووی دەنگسازییەوە دەچێتە ناو بواری فۆنۆلۆجی نەوەك فۆنەتیك، کەچی (د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا زۆر گرنگی بە دیاریکردنی ئەو جیاوازیانە داوە، کە لە نێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەدا هەیە لە ڕووی فۆنەتیکەوە، بۆ نموونە لە (ل 64-67)بەراوردێکی لە نێوان فۆنەتیکی دیالێکتی خواروو و ژووروو ئەنجامداوە و چەند جیاوازیەکی نێوانیانی خستۆتەڕوو، لە یەکێك لەو جیاوازیانەدا دەڵێ: ((لە گەلێ شوێندا، لە کرمانجی ژووروودا (ڤ) بەرامبەر بە(و  w)ی کرمانجی خواروەوە، وەك:

| کرمانجی ژووروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- |
| چاڤ | چاو |
| شەڤ | شەو...)). |

## 5- بەراوردکردنی هەندێ حاڵەتی دەنگسازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:

ئەم دیاردەیە لەم بەرهەمەدا زۆر کەم بەدی دەکرێت، تەنیا لە دوو شوێن نەبێت (د. ئەوڕەحمان) لەم دیاردەیە دواوە، بۆ نموونە لە (ل 71) دەڵێ: ((ئەگەر لە زمانی کوردیدا لە هێز وردبینەوە و لەگەڵ چەند زمانێکدا بەراوردی بکەین، ئەوە هەندێ ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەبێ، بەوێنە هێز لەزمانی کوردیدا وەك هەر زمانێکی دیکەی سەر ڕووی ئەم زەمینە، دەخرێتە سەر بزوێن، دەکرێ لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر بگوازرێتەوە و، دەتوانێ دەوری واتاگۆڕی ببینێ... هەر بەو چەشنە لە زمانی فارسی و ئینگلیزی و ڕووسی و ئیتالی...دا کار دەکات)). لێرەدا ئەوە دەرکەوێت کە نووسەر زۆر گرنگی بەم بنەمایەش نەداوە لەم بەرهەمەدا.

## 6- لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

لەم بەرهەمەدا (د. ئەوڕەحمان) گرنگی بە باسکردنی لایەنی مێژوویی و قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی کوردی نەداوە، بەڵکو تەنیا لە باری ئێستای زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەرۆکی بەرهەمی(یە کەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنیشانکراو، لەم خشتەی خوارەوەدا ڕێژەی پابەندبوونی (د. ئەوڕەحمان) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر لەم بەرهەمەدا بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆنانی دیاریکراوە، کە ڕێژەکەی(زۆر پابەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | ✓ | | |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕێژەی دوورکەوتنەوە لە نموونەوەرگرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | ✓ | | | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | | | ✓ |
| 5 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی زمانە هاوخێزانەکان. | | ✓ | | |
| 6 | پابەندبوون بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی ئێستای زمان. | ✓ | | | |
| ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | زۆر پابەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:

لەم بەرهەمەدا (د. ئەوڕەحمان) زۆر گرنگی بە سەرچاوە ڕووسییەکان داوە و لە کۆی(67) سەرچاوە (25)سەرچاوەی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی بەکارهێناوە. لە زۆربەی بۆچوونەکانیشی ئاماژەی بە سەرچاوەکانی ئەوان کردووە. بەڵام وەنەبێ هەر سوودی لێ وەرگرتبن، جاری واش هەیە ڕەخنەی لێ گرتوون، بۆ نموونە نووسەر لە (ل 40) لە خشتەیەکی گەورەدا شێوەی دەربڕینی دەنگە نەبزوێنەکانی نیشانداوە، لە پەراوێزی(ل39)دا دەڵێ: لە ڕێکخستنی ئەم خشتەیەدا جگە لە تەجروبە و زانینی خۆم، هەروەها سوودم لە هەندێ نەخشەی دەنگەکانی زمانی ڕووسی و هەروەها ئەو نەخشانەی مامۆستایان: ق. کوردۆ، چ. بەکۆ، کەریمی ئەیوبی و

ئی.ئا.سمیرنۆڤا...دایانناوە وەرگرتووە، ئەوەی لەم ڕووەوە جێگەی سەرنج بێ ئەوە یە، ئەوان(ه)یان بە دەنگی ئاوازەدار داناوە، کە ئەمەش بە ڕای من هەڵە یە، چونکە(ه) نەك هەر ئاوازدار نییە، بەڵکو زۆر کپە.

## 9- ڕێبازی وەرگرتن:

(د. ئەوڕەحمان) لەم لێکۆڵینەوەدا گەلێك جار بە شێوەی ڕا ستەوخۆ و بێ دەستکاری دە قی وەرگر تووە، بۆ نموو نە نوو سەر لە (ل 50) ڕا ستەوخۆ بۆ چوونێکی ( نوری عەلی ئەمین)[٭] ی لە بارەی دەنگەکانی ز مانی کوردی وەرگر تووە. ئە مەش دەقەکە یە ((...هە ندێ لەو باوەڕەدان کە پیتی(ح، ق) لە کورد یدا نی یە، بەلآم هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە)). هەندێ جاریش نووسەر سوودی لە بۆ چوونەکانی پێش خۆی وەرگرتووە و پەرەشی بە بۆچوونەکانیان داوە، بۆ نموو نە نوو سەر لە پەراوێزی (ل63) نوو سیویەتی ((مامۆ ستا چ. بەکۆ لە کتێ بی (ز مانی کوردە کانی سۆڤێت)[٭٭]، پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە، کە دەنگی (ڕ) لە سەرەتایی و شەدا بەکارناهێنرێ))، بەلآم نووسەر زیاتر پەرەی بەم بۆ چوونە داوە و لە (ل63–64) دە ڵێ: ((لە ز مانی کورد یدا دەنگی (ڕ) و (ڵ) بە هیچ جۆرێك لە سەرەتایی وشەدا بەکارناهێنرێن)).

## 10- پەراوێز نووسین:

لەم بەرهە مەدا (د. ئەوڕەحمان) با یەخێکی بەرچاوی بە نوو سینی پەراوێز داوە، لەم بایەخ پێدانەش دوو مەبەستی هەبووە:

یەکەم: بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ چەمکی نادیاری ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە.

دووەم: ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بەکاری هێناون بە پێی ناوی نووسەرەکان.

لە هەردوو بارەکەشدا یەك زنجیرە ژمارەی بۆ ناوی سەرچاوە و ڕوونکردنەوەکان داناوە و تا کۆ تایی بەرهەمە کە ژمارە یان گەیشتۆتە(84) پەراوێز. نوو سەر بە شێوەیەکی گشتی لە نووسینی پەراوێزدا شێوازێکی تایبەتی پەیڕەو کردووە، کە خۆی لە درێژی ڕوونکردنەوەکان و ڕیزکردنی سەرچاوەی زۆر خۆی دەبینێتەوە.

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

د یارە (د. ئەوڕەحمان) دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە کەی لە (ل 75–78) فەر هەنگێکی بە هەر سێ ز مانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەو زاراوە

---

[٭] نوری عەلی ئەمین، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، بەغدا، 1966.

[٭٭] چ.خ.باکایێڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤیەت، مۆسکۆ، 1973.

زمانەوانییا نە درو ست کردووە، کە لەم لێکۆڵی نەوەدا بەکاری هێ ناون. دەر بارەی سەر چاوەی زاراوە کانیش بە شێك لەو زاراوا نەی بەکاری هێ ناون لەو سەردەمەدا باوبوونە، وەك: (فۆنیم، گونجان، نەگونجان...). بەشێکی تریش لە زاراوە کان نوو سەر خۆی داڕشتوون، وەك: (شێوەی فۆنیم، ئەوك، لەرۆك...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

(د.ئەوڕەحمان) لە دوای فەرهەنگی زاراوەکان لە (ل 79-83) ناوی سەرچاوکانی نوو سیوە، کە ژمارە یان دەگا تە (68)سەر چاوە. نوو سەر جگە لە سەر چاوەی زمانی کوردی سوودی لە (9)سەرچاوەی عەرەبی و (24)ی ڕووسی و (10) سەرچاوەی زمانە ڕۆژئاوای یەکانیش وەرگر تووە و بە ڕ یێی ئەلف و ب یێی ناوی نوو سەرەکانیان ڕ یزی کردوون. دیارە ڕیزکردنی سەر چاوەی زۆریش بە یەکێك لە تایبەتییەکانی کارە کانی نوو سەر دادەنر ێت. هۆکارەکە شی بۆ ئەوە دەگەڕێ تەوە کە نوو سەر ج گە لەو سەرچاوانەی سودی لیٚ وەرگرتوون، ناوی ئەو سەرچاوانە شی یادا شت کردووە، کە پەیوەندییان بە باسەکەیەوە هەبووە.

## بەرهەمی دووەم:

- گیروگرفتەکانی ڕێنوو سی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی(*)، گۆ ڤاری کۆڕی زاذ یاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی نۆهەم، 1982.

-خستنەڕووی بەرهەمی دووەم :

ئەم وتارە(61)لاپەڕەیە. (ئەوڕەحمان) لە (ل 16-28) لە جیاوازی ذێوان دە نگ و پیت دواوە، لە (ل28-38) لە گیروگرفتی وێنەی چەند دەنگێکی وە کو بزوێنی (و، ی) در یژ و کور تە بزوێنی (i)و کوذ ستانتی(و، ی)و دیڤ تۆنگی(وێ)و کوذ ستانتی (ر)ی قە ڵەوی کۆڵیوە تەوە، دوا تریش هاتۆ تە سەر گیرو گرفتی نوو سینی و شەکان و تێکبە ستنیان، لەو بارە شەوە لە چەند کێشەیەك دواوە. لەوا نە لە (ل 38-54)با سی کارێ گەرییی هە ندێ گۆڕانی فۆنۆ لۆجی دەذ گەکان وەك:( کورتکرد نەوە و تێ چوون، تواند نەوە، کارتێکردن...)ی کردووە لە سەر ڕێنوو سی ڕ یت و پەیڕەوی نەکردنی پاراسستنی بناغەی وشە و کاری فۆنەتیکی لە ڕێنووسدا. هەروەها لە (ل 54-60) لە نووسینی وشەی سادە لەگەڵ مۆرفیمە ئەڤیکسییەکانی کۆڵیوەتەوە. لە (ل 60-69)ش لە گیروگرفتی نووسینی وشەی لێکدراو و ناڕاستی لکاندنی هەندێ وشە بە پێش یان

(*) ئەم بەرهەمە تایبەتە بە ڕێنووس، بەلاّم هەڵمان سەنگاندووە، چونکە ناوەڕۆکە کەی زۆر پەیوە ندی بە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجییەوە هەیە.

به پاش وشەی ترەوە دواوە. لە کۆتایشدا لە (ل68-71) لە تێکبەستنی پیتەکان و نووسینی وشەی بێگانەی کۆڵیوەتەوە.

- هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی دووەم:

1- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە کێشەی ڕێنووس لە زمانی کورد یدا، لە بەر ئەوەی ڕێنوسیش ناچێتە ناو ئاستەکانی زمان و بە شێك نییە لە ڕۆنانی زماندا، کەوا تە کارەکە تایبەت نییە بە ئاستێکی دیاریکراو، بەڵکو (د. ئەوڕەحمان) بە شێوەیەکی گشتی لە کێشەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی دواوە.

2- پێداچوونەوە بەکارەکانی پێشوو:

(د. ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا هەموو کارەکانی پێش خۆی بەسەر یەکەوە هەڵ نەسەنگاندووە، بەڵکو لەو شوێنانەی ئاماژەی بە بۆچوونەکانیان کردووە، ئەگەر ڕای پێچەوانەی هەبووبێ قسەی لەسەر کردوون. بۆیە کاتێ نووسەر لە (ل 29) باسی بزوێنی دوو لانە(Diphthong)ی کردووە ڕەخنەی لە بۆچونێکی(محەمەد ئەمین هەورامانی) گرتووە، کە نووسیویەتی لە زمانی کورد یدا بزوێنی سێ لانە و چوار لانەش هەیە، نووسەر لەم بارەوە دەڵێت: ((بەلای منەوە لە زمانی کورد یدا دەتوانرێ سێ بزوێنی دوو لانە دەستنیشان بکرێ:

1- وێ، وەك:

نوێژ...

2- وی، وەك:

هەنگوین...

3- وی، وەك:

دویر...))

وەك ئەوەی لە بەرهەمەکانی تریدا بەدیکرا نووسەر لەم بەرهەمەشدا بەشێویەکی زانستی جگە لە خستنەڕوو، بیروڕای خۆی دەربارەی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی (18) لە کارەکانی پێش خۆی نیشانداوە.

3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د. ئەوڕەحمان) لەم وتارەشیدا بە پێچەوانەی زۆر بەی کارەکانی تری وەکو لێکۆڵینەوەوەسفیەکان بۆ سەلماندنی بیروڕاکانی نموونەی لە شێوەی ئاخاوتنی

د یالێکتی خواروو وەرگر تووە. بۆ نموو نە لە (ل 52) سەبارەت بە ( کارتێکردن)ی دەنگەکان لە یەکتری، دە ڵێ: ((دەنگی (ك، گ) کە دەکەو نە پێش دەنگی(ێ، ی، وێ، وی) شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕ ێت و تاڕادە یەك لە تە لەفوزی دەنگی (چ، ج) نێز یك دەبنەوە، وەك: کێرد، کیسە، کوێ...)).

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

(د. ئەوڕەحمان) لە وتارەکە یدا چەند جار ێك لەم دیاردە یە دواوە، بۆ نموو نە دەربارەی شێواندن و گۆڕینی دەنگەکان لە (ل 53-54) نوو سیویەتی: ((ئەگەرچی لە ئاخاوتنی ئێستای سلێمانیدا تەنیا(ئە) بەکاردەهێنرێ و (دە) بە تەواوی لە بیرچۆتەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئە مە گۆڕانێکی شێواوە و سەرەڕای ئەوەش چونکە نەك هەر لە دیالێکتی ژووروودا، بەڵکو لە بە شە دیالێکتەکانی تری خوارووشدا هەر شێوەی(دە) ماوە تەوە بۆ یە ڕا ست وا یە لە زمانی ئەدەبی و نوو سیندا واز لەو جۆرە تایبەتی یە ناو چەییانە بهێ نرێ)) .گرنگ یدانی نوو سەر بەم جۆرە بەراوردکرد نە جارێکی تر گەڕانەوەی نووسەر بۆ سەر ڕێبازە دێرینەکە دەگەیێنێت .

## 5- بەراوردکردنی هەندێ حاڵەتی ڕێنووسی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا تەنیا یەك جار گوزارشتی لەم لایەنە کردووە، ئەویش لە (ل 64-65)ەو بە بڕوای نوو سەر پێوی ستە ئەو(و)ەی دوو و شە پێ کەوە دەبەستێتەوە، کە ئەو ئامرازی پەیوەندی پێگوتووە بە جیا بنووسرێت. هەرچەندە لە کاتی درکاندا لەگەڵ وشەی پێش خۆیدا دێت. جا ئەمەش وای لە زۆر کەس کردووە لە نووسیندا بە وشەی پێشەوەی بلکێنن. پا شان نوو سیویەتی ئە گەر ئاوڕێك لە زمانی ئینگلیزی و ڕوو سی بدەی نەوە ئەوە با شتر سەربەخۆ نوو سینی(و) ئا شکرا دە بێ، بەوێ نە لە زمانی ئینگلیز یدا (and)ی پەیوە ندی لە نوو سیندا بە هیچ و شەیەکەوە نال کێ. لە ڕووسی شدا(ئی)ی پەیوە ندی هەر چەندە لە گەڵ و شەی دوای خۆ یدا دەدرکێنرێ، بەڵام لە نووسیندا پێوەی نالکێنن. گرنگی نەدان بەم بوارە گرنگی نەدانی نووسەر بە یەکێك لە خاسیتەکانی ڕێبازی دێرین دەگەیێنێت.

## 6- لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

(.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا بە شێوەیەکی گشتی لە باری ئێستای زمانی کوردی کۆڵیوە تەوە، تەنیا یەکجار نەبێت با سی لا یەنی مێژوویی زمانی کوردی کردووە، ئەویش لە (ل 53)دا با سی نیشانەی (دە)ی ڕا نەبردووی کردووە، کە لە ئا خاوتنی

ئێستای شێوەی سلێمانیدا دەکرێ بە(ئە). بەڵام لە دیوانی شاعیرە کۆنەکانی وەك نالی هەر (دە) بەکارهاتووە، دوا تریش لە شیعرەکانی مەحو یدا هەر (دە) بەکارهاتووە، جارجارەش (ئە) دەبینرێت، بەڵام لە شیعرەکانی (زێوەر)دا بە زۆری (ئە) بەکارهاتووە.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەر هەمی(دووەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنی شانکراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابە ندبوونی (د. ئەوڕەحمان) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی (د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا بە بـ نەماکانی ڕێـ بازی ڕۆ نانی د یاریکراوە، کە ڕێژەکەی(زۆر پابەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | | | ✓ |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دوورکەوتـ نەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | ✓ | | | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | | | ✓ |
| 5 | دوورکەوتـ نەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەکان. | ✓ | | | |
| 6 | پابە ندبوون بە لێکۆڵیـ نەوە لە لا یەنی ئێـ ستای زمان. | ✓ | | | |
| | ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | زۆر پابەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:

(د. ئەوڕەحمان) لەم وتارە شدا لە لیـ ستی سەرە چاوەکاندا ناوی کۆ مەڵێك سەر چاوەی ئەو زما نەوان و کوردنا سە سۆڤیەتییانەی ڕیز کردووە، کە سوودی لێ وەرگرتوون. لەناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەش ئا ماژەی بە بۆ چوونەکانیان کردووە، جاری واش هەبووە لە پاڵ ئەوەی سوودی لە بۆچوونەکانیان وەرگرتووە، ڕەخنە شی لێیان گرتووە. بۆ نموونە لە (ل 30) دەڵێ: (وی) ئەم دەنگە بزوێنە دوو لایەنە یە لە بە شێکی

زۆری دیالێکتی ژووروودا باوە. هەرچەندە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا لەگەڵ (وی) دیالێکتی خوارووودا وەك یەك دەنووسرێن، بەڵام شێوەی درکا ندنیان جیا یە. پا شان نوو سەر لە پەراوێزدا نوو سیویەتی: ((ج یێ سەر سوڕمانە کە لە نوو سینەکانی کوردنا سانی سۆڤییێتدا، بە هیچ چەشنێك باسی ئەو بزوێنە دوو لایەنە نەکراوە)).

## 9- ڕێبازی وەرگرتن:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەشدا زیاتر هەوڵی داوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوود لە بۆ چوونەکانی پێش خۆی وەربگرێت. وە بە شێوەی ڕا ستەوخۆش تەنیا دوو دە قی وەرگر تووە، بۆ نموو نە لە (ل 33)دا نوو سەر بۆ چونێکی(د. جەمال نە بەز)[*]ی وەرگر تووە کە نوو سیویەتی: ((دا نانی چوکلە لە سەر(ر) بۆکردنی بە (ڕ)ی قە ڵەو لە بارەی هونەرێ یەوە ناڕا ستە ، چونکە چوکلە خستنە سەر (ر) وا لە (ر)ە کە دە کا لە نووسیندا لەگەڵ (ز) و (ژ) لە یەکتر بچن و ڕێنووسەکە زەحمەتتر بکەن)).

## 10- نووسینی پەراوێز:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا زۆر گرنگی بە نوو سینی پەراوێز داوە و لە پاڵ ناوی ئەو سەر چاوانەی بەکاری هێ ناون، کۆ مەڵێك ڕوونکردنەوە شی بۆ ز یاتر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وتارەکەی نووسیووە، وە بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی ناوی سەر چاوە و ڕوونکرد نەوەکانی لە دوای یەکتر یدا ڕیز کردووە، کە تا کۆ تایی کارە کە ژمارەیان گەیشتۆتە (51)سەرچاوە و ڕوونکردنەوە.

## 11- لیستی سەرچاوەکان:

(د. ئەوڕەحمان) لە (ل 72-77)ی بەرهەمە کەی ناوی سەر چاوەکانی بە پ ێی ئەلفوبێی ناوی نووسەرەکان تۆمارکردووە، کە ژمارەیان (76)سەرچاوەیە و (48)یان بە زمانی کوردی و (7)یان عەرەبی و (2) یان تورکی و (13) یان ڕوو سی و (5)یشیان بە زما نە ڕۆژئاوای یەکانن. دی سان ڕیزکرد نی ئەو ژ مارە زۆرەی سەر چاوە بۆ نوو سینی وتارێکی لەم شێوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر جگە لەو سەرچاوانەی سوودی لێ وەرگر توون، ناوی ئەو سەرچاوانە شی یادا شت کردووە، کە پەیوە ندییان بە ناوەڕۆکی با سەکەیەوە هەبووە. هەروەها لە سەرێکی تری شەوە ڕەنگە بۆ شارەزایی نووسەر لەو بوارەدا بگەڕێتەوە.

---

[*] د.جەمال نەبەز، سەرنجێك لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆڕی زانیاری کورد، گ(کۆلێجی ئەدەبیات)، بەغدا، 1978، ل94.

## 12- فەرهەنگی زاراوەکان:

(د.ئەورەحمان) لەم بەرهەمەدا فەرهەنگی بۆ ئەو زاراوانە دروست نەکردووە ،کە بە کاری هێناون. ئەو زاراوانەشی کە بەکاری هێناون لەو سەردەمەدا باو بوونە وەك: فۆن، فۆنیم، مۆرفیم...هتد.

# بەرهەمی سێیەم:

-دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا، 2000.

-ختستنەڕووی بەرهەمی سێیەم :

ئەم نامیلکە یە (28) لاپەڕە یە. لەم لێکۆڵینەوەدا نووسەر لە ڕوانگەی زانستی فۆنۆلۆجییەوە لەو گۆڕانانەی کۆڵیوە تەوە، کە بە سەر دەنگی(د)دادێ لە شێوە زاری سلێمانیدا. وەك: ((1-تێچوون. 2- پەیدابوون. 3- دە نگ گۆڕکێ. 4- وێکچوواندن- Assimilation. 5- ڕێکەوتن)). نووسەر دوای پێنا سەکردنی هەریەك لەم دیاردانە، هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەڵگەی مێژووییەوە بۆ چوونەکانی بسەلمێنێ.

- هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی دوازدەمین:

## 1- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوە کە دەنگ سازییە، (د. ئەورەحمان) لەم ڕووەوە تەنیا لەو گۆڕا نە فۆنۆلۆجیا نە دواوە، کە بە سەر دەنگی(د)دادێ لە شێوە زاری سلێمانیدا. ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە سنووری لێکۆڵینەوەکەی نەبەزاندووە.

## 2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د.ئەورەحمان) لەم بەرهەمەدا بەسەر کارەکانی پێش خۆی نەچۆتەوە، واتە وەکو بەرهە مەکانی تری بە شێکی سەربەخۆی بۆ ئەم مەبە ستە تەرخان نەکردووە، تەنیا ئەوەندە نەبێ لە پەراوێزەکاندا ئاماژەی بە ناوی (18)لەو کارانە کردووە و لە ناویا ندا تەنیا لە (ل 26) بە کورتی دەر بارەی نا مەی ما ستەرەکەی (طا لب حـ سین عـ لی)[٭] نوو سیویەتی: دەر بارەی وێک چوونی هە مەکی(گونجانی تەواو) زانیاری با شی تۆمارکردووە، وێڕای ئەمەش گەلێ بار و دیاردە و یاسای فۆنۆلۆجی یادا شت کردووە و زانایا نە لە زۆر بەیانی کۆڵیوە تەوە. ڕەنگە باس نەکردن و هەڵ نە سەنگاندنی کارەکانی تریش بۆ سادە و ساکاری کارەکان بگەڕێتەوە.

---

[٭] طالب حسین علی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، 1989.

## 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د. ئەوڕەحمان) وەکو زۆر بەی کارەکانی تری بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی لە شێوە زاری سلێمانیدا نموو نەی لە تێک ستە کۆ نەکانی وەك شیعرەکانی(نالی)، دواتر(مەحوی)، دواتر(زێوەر)، پاشانیش شاعیرە هاوچەرخەکان وەرگرتووە. هەروەها سوودی لەو وتارانەش وەرگرتووە، کە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لە ڕۆژنامەی(تێگەیـ شتنی ڕا ستی)دا بڵاوکراونە تەوە. جاری واش هەبووە خۆی نموو نەکانی داڕشتووە، بۆ نموو نە لە (ل 15) دە ڵێ: دەنگی(د) گەلێ جار بەهۆی کارتێکردنی ئەو دەنگەشەوە کە بەدوایدا دێ، ناوترێ بە تایبەت ئەگەر بکەوێتە پێش دەنگی (ت)یان(ك)ەوە. بۆ نموونە:

لەکۆیا موددەعی دیمی: بە ئیستیهزا وتی: شاهم!

گەدای ئەم کۆیە بم، شاهنشەهێکم صەد لەشا زیاتر

(مەحوی، ل125، د6).

دت ← بڵندتر  بڵنتر ...

دك ← زیادکردن  زیاکردن ...

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا پابەند نەبووە بە باسکردنی ئەم بنەما یە، بۆیە تەنیا باسی ئەو گۆڕانا نەی کردووە، کە بەسەر دەنگی(د) دادێ لە شێوە زاری سلێمانیدا، بەبێ ئەوەی بەراوردی کردبێ لەگەڵ دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی.

## 5- بەراوردکردنی هەندێ حاڵاتی دەنگسازی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:

نموو نەی ئەم جۆرە بەراوردکرد نە لەم باسەدا زۆر بەدی ناکرێ. بۆ نموو نە (د.ئەوڕەحمان) لە (ل10-11) دوای ئەوەی باسی تێچوونی دەنگی(د)ی لە شێوەی سلێمانیدا لە ژمارەی(یانزە، دوانزە..)دا کردووە، پاشان لە پەراوێزدا نووسیویەتی: لە زمانە ئێرانییەکانی تریشدا، هەروەك زمانی ئاوێستا و زمانی کوردی، ناوی ژمارەکانی نێوان(11)و (19) لە یەکگرتنی ناوی ژمارەی یەکان و ناوی ژمارەی(10) ساز دەبێ، لەگەڵ هەندێ گۆڕانی فۆنەتیکیدا، بۆ نموو نە لە فارسی ناوەڕاستدا(یازدە ه)، لە فارسی نوێدا(یازدە)، لە بلووجیدا ( یازدە ه). کەوا تە نووسەر زۆر گرنگی بەم بنەمایەش نەداوە.

## 6- لێكۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

(د.ئەورەحمان) لەم بەرهەمەدا لە پاڵ لێكۆڵینەوە لە باری ئێستای زمانی كوردی، لە زۆر شوێن بۆ سەلماندنی بۆ چوونەكانی دەر بارەی (تێ چوون، پە یدابوون، ڕێک كەوتن...)ی دەنگی (د) پەنای بردۆ تە بەر بەڵگەی مێژوویی و لەو دیاردا نەی كۆڵیوە تەوە لە شیعری شاعیرە كۆنەكانی وەكو نالی، مەحوی، زێوەر ... هتد و ئەو وتارا نەی لە ساڵانی بیستەكانی سەدەی ڕا بردوو لە سەر لا پەڕەكانی گۆ ڤاری (پێ شكەوتن، بانگی حەق) بڵاوكراونە تەوە. هەروەها ئەم دیاردا نەی شێوەزاری سلێمانی لە گەڵ ز مانی ئاڤێستا و فار سی كۆن و ناوەڕا ست و نوێ ...دا بەراورد كردووە.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆكی بەرهەمی( سێیەم) بەپێی چەند بنەما یەكی دەستنیشانكراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابە ندبوونی (د. ئەورەحمان) بە هەریەك لە بنەماكان دیاریكراوە. لە كۆتایی خشتەكەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نوو سەر لەم بەرهە مەدا بە بنەماكانی ڕێبازی ڕۆ نانی د یاریكراوە، كە ڕێژە كەی(مام ناوەند).

| ژ | بنەماكان | زۆر | مام ناوەندە | كەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنوری لێكۆڵینەوەكە. | ✓ | | | |
| 2 | پێداچوونەوەی كارەكانی پێشوو. | | | ✓ | |
| 3 | ڕ ێژەی دووركەوتنەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە كۆنەكان. | | | ✓ | |
| 4 | دووركەوتنەوە لە بەراوردی دیالێكتەكان. | ✓ | | | |
| 5 | دووركەوتنەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەكان. | | ✓ | | |
| 6 | پابە ندبوون بە لێكۆڵینەوە لە لا یەنی ئێ ستای زمان. | | | ✓ | |
| | ڕێژەی كۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | مام ناوەندە | | | |

**8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:**

(د.ئەورەحمان) لەم لێکۆڵینەوەدا بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوەکانی تری بەم بنەما یە پابەند نەبووە، لەبەر ئەوەی تەنیا یەك جار لە (ل 10) ئا ماژەی بە سەرچاوەیەکی ڕووسی کردووە.

**9- ڕێبازی وەرگرتن:**

(د. ئەورەحمان) لەم لێکۆڵینەوەدا بەزۆری بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوودی لە بۆچوونەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، بە شێوەی ڕاستەوخۆش تەنیا سێ دەقی وەرگرتووە. بۆ نموونە دەربارەی گۆڕینی نیشانەی(دە)ی ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوام بۆ( ئە)، نووسەر ڕای وایە لە زمانی ئەدەبی و نووسیندا واز لەو جۆرە تایبەتییە ناوچەییانە بهێنرێ. لەم بارەشەوە لە (ل 21) بۆچوونێکی(تۆفیق وەهبی)(ﭭ) هێناوەتەوە، کە دەڵێ: پێویستە ((لە باتی (ئە)ی پیتە قاڵبی(دە)بەکاربێنین)).

**10- نووسینی پەراوێز:**

یەکێك لەو لایەنانەی کە زۆر گرنگی پێدراوە لەم بەهەرمەدا نووسینی ژمارەیەکی زۆر پەراوێزە. (د. ئەورەحمان) جگە لە نووسینی ناوی سەرچاوە و چەندان ڕوونکردنەوەی پێویست، ژمارەیەکی یەکجار زۆر نموونەی شیعری لە پەراوێزەکاندا نووسیوە و تاکۆتایی لێکۆڵینەوەکە بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی پەراوێزەکانی بەدوای یەکتریدا ڕێزکردووە. بۆ نموونە لە (ل 21) لە ڕوونکردنەوەیەدا نووسیویەتی: ((مێجەرسۆن لەو وتارەیدا، کە لە ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)دا بلاّوی کردۆتەوە، بە دەگمەن شێوەی(ئە)ی بەکارهێناوە، ئەمەش بەڵگەیێکی پتەوە، کە ناوبراو شێوەی(دە)ی پەسند کردبێ)).

**11- فەرهەنگی زاراوەکان:**

ئەگەر چی (د. ئەورەحمان) لیستی بۆ ئەو زاراوانە دروست نەکردووە، کە لەم لێکۆڵینەوەدا بەکاری هێناون، ئەو زاراوانەشی بەکاری هێناون جیاواز بوونە لەو زاراوانەی کە ئێستاکە لە بواری دەنگسازی بەکاردێن، بۆ نموونە بەرامبەر زاراوەی(گونجانی تەواو) زاراوەی (وێک چوونی هەمەکی)و بەرامبەر (گونجانی ناتەواو) (وێک چوونی هەندەکی)و بەرامبەر ( نەگونجان) (پەیدابوونی)... بەکارهێناوە. نووسەر بەگشتی لەو لێکۆڵینەوانەی

(ﭭ) تۆفیق وەهبی، ئەسلی پیتە قالبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)، ب1، ژ1، 1973، ل31.

دەربارەی ئاستی دەنگسازی ئەنجامی داون ،نیشانەی بۆ فۆنیم و نیشانەی [ ] بۆ دەنگ بەکارنەهێناوە.

## 12– لیستی سەرچاوەکان:

(د.ئەوڕەحمان) دەربارەی ناوی سەرچاوەکان دەڵێ سەرجەمی سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پەراوێزدا ناوبراون، بۆیە بە پێویستی نازانم جارێکی تر سەرچاوەکان کۆبکەمەوە و بیانخەمەوە ڕوو.

## – ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە دەنگسازییەکانی (د.ئەوڕەحمان):

لەم خشتەیەی خوارەوەدا ناوی هەموو ئەو بەرهەمە دەنگسازییانەی (د. ئەوڕەحمان) خراوەتەڕوو کە لەم بەشەدا هەڵسەنگێندراون، لە بەرامبەریشیاندا ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر بە ڕێبازی ڕۆنانی خراوەتەڕوو. ئەوەی لەم خشتەیەدا تێبینی دەکرێ ،نووسەر لە بەرهەمە دەنگسازییەکانی لە ڕێبازی ڕۆنانی نزیکتر بۆتەوە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە وشەسازییەکانی.

| ژ | بەرهەمەکان | ڕێژەی پەیوەست بوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
| 1 | زمانی کوردی لەژێر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، 1976. | ✓ | | | |
| 2 | گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، ب9، 1982، ل16–77. | ✓ | | | |
| 3 | دیاردەکانی دەنگی(د) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا، 2000. | | ✓ | | |

# بەشی سێیەم

# بەرهەمە وشەسازییەکانی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)و بۆچوونی زمانەوانی

## سەرەتا:

دڵسۆزی (د.ئەوڕەحمان) بۆ زمانی کوردی وای لێکردووە، کە بە هیچ شێوەیەك درێغی نەکات لە خزمەتکردنی زمانەکەی. جا ئەو خزمەتکرد نە لە هەر بوارێك بێ و بە هەچ شێوەیەك بێ. یەکێك لەو بوارانەی لە بەر هە مە زمانەوانیەکانی ناوبراودا پشکی شێری بەر کەوتبێ ئا ستی وشە سازییە، پ ێنج بەرگی کتێبی((ڕێز مانی کوردی)) دەر بارەی بە شەکانی ئا خاوتن و ئەو هەوڵ و کۆشـشەی لە نوو سینی ئەو بەرهەما نە داو یەتی و ئەو زانیاری یە زۆرەی تیایا ندا تۆ ماری کردووە و ئەو ساغکردنەوە و لێکدانەوە و ئەنجا مە زانستیانەی ئەم مەیدا نەی پێ ڕوونکردۆ تەوە ڕۆ ڵی بەرچاویان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارەدا.

لێکدا نەوە و جیاکرد نەوەی بە شەکانی ئا خاوتن با سی هەرە سەرەکی زانستی وشەسازیین. سەبارەت بە جیاکرد نەوەی بە شەکانی ئا خاوتن (د. ئەوڕەحمان) پێوەری جۆراو جۆری بەکارهێناوە. بۆ نموو نە لە (ل9–10) کتێ بی ((ڕێز مانی کوردی))[*] بەشی (ناو)دا سێ تایبەتی بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن دەستنیشانکردووە:

1- مانای ڕێزمانی.

2- گۆڕان.

3- بەکارهێنانی ڕستەسازی.

پا شان لە (ل93)ی هەمان کتێ بدا کا تێ با سی ناوی کردووە، وە کو ڕێزماننووسانی دێرین تەنیا لە ڕووی واتاوە ناوی جیاکردۆتەوە و بەم شێوە پێناسەی کردووە: ((ناو ئەو وشەیەیە کە ناوی گیا ندارێك یان بێ گیانێك یان بیرێك دیاری دە کات)). کە چی دوا تر لە بەرهە مەکانی تری (ئاوەڵ ناو، ئاوەڵکردار، کار، ژ مارە، جێناو)ی لە ڕووی تایبەتێتی (واتا، وشەسازی، ڕستەسازی) جیاکردۆتەوە. بۆ نموو نە لە (ل 58–59)ی ک تێبی ((ڕێز مانی کوردی))[**] بە شی (ئاوەڵ ناو)دا بەم شێوە ئاوەڵناوی جیاکردۆتەوە لە بەشەکانی تری ئاخاوتن:

---

[*] د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم، (ناو)، بەغدا، 1979.

[**] د.ئەوڕەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، (مۆرفۆلۆجی) بەشی سێیەم (ئاوەڵناو)، بەغدا، 1991.

**لەڕووی واتا:** دەربارەی واتای ئاوەڵناو دەڵێ: ئاوەڵناو واتای چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیێنێ.

**لە ڕووی وشەسازی:** نووسەر دەڵێ: ((ئاوەڵناو خاوەنی خاسیەتێکی تایبەتی خۆیەتی ئەویش بوونی پلەیە و نیشانەی(تر، ترین) وەردەگرێت)).

**لە ڕووی ڕستەسازی:** دەڵێ: ئاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو بەکاردێ . ئەم بەڵگانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ناوبراو لە جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتندا دوو پێوەری تێ کەڵ کردووە، یەکێکیان پێوەری(واتا) یە و ئەوی تر یان پێوەری ڕێزمانییە کە تایبەتێتی وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە. واتە لە لایەکەوە بە هەمان پێوەری دێرین بەشەکانی ئاخوتنی جیاکردۆتەوە و پێناسەی کردوون، لە هەندێ بەرهەمی تریشدا وەك ڕۆنانکارەکان پشتی بە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان بەستووە.

**- خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە وشەسازییەکانی(د.ئەوڕەحمان):**

لەم بەشەدا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی بۆچوونە زمانەوانییەکان لە هەریەك لە بەرهەمە وشەسازییەکانی[٭] (د. ئەوڕەحمان)دا، سەرەتا هەوڵدەدەین ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بخەینەڕوو، پاشان بەپێی ئەو شەش بنەمایەی کە لە بەشی دووەم دیاریمان کرد بوو هەر یەك لە بەرهەمەکانی هەڵبسەنگێنین، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەشدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکان دیاری بکەین.

## بەرهەمە وشەسازییەکان:

### بەرهەمی یەکەم:

-وشەی زمانی کوردی، بەغدا، 1975.

-خستنەڕووی بەرهەمی یەکەم:

ئەم کتێبە(120)لاپەڕە یە و لە پێشەکی و چوار بەشی سەرەکی پێك هاتووە بەم شێوەیە:

پێشەکی: لە (ل أ-ح) باسی ڕۆڵی وشە لە زمان و ئەرکی لێکۆڵینەوەکە و کورتەی لێکۆڵینەوەکە و هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەی کردووە. پاشان هاتۆتە سەر لێکسیکۆلۆجی زمانی کوردی و لە هەرسێ بەشەکەی لێکسیکۆلۆجی کۆڵیوەتەوە:

---

[٭]د. ئەوڕەحمان بەر لەوەی بەرهەمەکانی لە شێوەی کتێب بلاوبکاتەوە، بە شێوەی وتار بڵاوی کردوونەتەوە. بەڵام ئێمە کتێبەکانمان هەڵسەنگاندووە، چونکە هەڵسەنگاندنی یەکە یەکەی وتارەکان، ڕەنگە لە نامەیەکدا جێگای نەبێتەوە.

1- واتاناسی: لە (ل 1-24) لە وشە و جۆرەکانی وشەی تەواو دواوە و پاشان با سی جۆرە کانی ما نا: ( حەقیقی، مەجازی)و پەیوە ندی ذ یوان و شەی(هاوبێژ، هاووا تا، دژواتا)ی کردووە و سەرچاوەی دروستبوونی هەریەکەشیانی بەجیا ڕوونکردۆتەوە.

2- ئیتیمۆ لۆجی: لە (ل 25-34) دوای پێنا سەکردنی ئیتیمۆ لۆجی با سی ڕێگا کانی پە یدابوونی و شەی کردووە لە ز مانی کورد یدا و پا شان هاتۆتە سەر خێزا نی زما نە ئێراذ یەکان و دابە شی سەر زما نە(مردووەکان، زیندووەکان)ی کردووە. لە بارەی وشەکانی زمانی کوردیشەوە، لە(34-47) باسی وشەی کوردی پەتی و ئەو وشانەی کردووە، کە لە زمانە ئێرانی و هیندۆ ئەوروپییەکانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی. لە کۆتای شدا لە (ل 47-55) لە ڕووی چالاکییەوە و شەکانی بە سەر(و شەی مردە)و (وشەی نوێباو)دا دابەشکردووە.

3- فرێزیۆ لۆجی: لە (ل 56-61) دوای ئەوەی پێنا سەی(فرێز)ی کردووە، لە زمانی کورد یدا فرێزی بە سەر (فرێزی بەڕەڵڵا)و (فرێزی گیراو) دابە شکردووە، ئیذجا لە (ل 61-67) لە کێشەی فرێزیۆ لۆجی لە زمانی کوردی دواوە و سێ جۆری لێ یادا شت کردووە:

((1- فرێزیۆلۆجی تێکچڕژاو 2- فرێزیۆلۆجی یەکگرتوو 3- فرێزیۆلۆجی تێك ئالاو)) دواتر بە نموونەوە باسی کردوون. لە بەشی چوارەمیشدا (ل69-102)ی بەرهەمەکەی بۆ نووسینەوەی مێژووی فەرهەنگە کوردیەکان و هەڵسەنگاندنیان تەرخانکردووە.

**- هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی یەکەم:**

**1- سنووری لێکۆڵینەوە کە:** سنوری لێکۆڵینەوە کە وشە سازییە، ئەرکی بەرهەمە کە لێکۆڵینەوەیە لە وشەی زمانی کوردی، لە ڕوانگەی هەر سێ بەشەکەی لیکسیکۆلۆجی: 1- واتانا سی. 2- ئێتیمۆ لۆجی. 3- فرێزیۆ لۆجی. (د. ئەوڕەحمان) تەواو پابە ند نەبووە بە سنووری لێکۆڵینەوە کەی، چونکە لە با سی فرێزەلۆجیدا چۆتە ناو بواری ڕستە سازی و لە بە شی کۆتایی شدا با سی لە م ێژووی فەرهەنگە کورد یەکان و هەڵسەنگاندنیان کردووە.

**2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:**

(د. ئەوڕەحمان) لە هەر چوار بە شی بەرهەمەکە یدا چ بە ناوبردن بێ، یا بە خستنەڕوو و هەڵسەنگاندن بێ، ئاماژەی بە کارە کانی پێشەخۆی کردووە. بۆ نموونە لە بەشی (واتاناسی)دا لە (ل5-6) چوار لە کارە کانی پێش خۆی خستۆتەڕوو، بەڵام بێ هەڵسەنگاندن. لە بەشی(ئێتیمۆلۆجی)دا لە (ل33) تەنیا ئاماژەی بە ناوی دوو کار

کردووه، بێ هەڵ سەنگاندن و خ ستنەڕوویان. لە بە شی(فرێزیۆلۆجی)دا لە (ل 67-68)ئا ماژەی بە ناوی سێ کاری پێ شەخۆی کردووه و زۆر بە کورتی هەڵی سەنگاندوون. لە بەشی چوارەمیشدا باسی هەموو فەرهەنگە کوردیەکانی کردووه و بە کورتی هەڵی سەنگاندوون، بۆ نموو نە لە بارەی یەکێك لەم کارا نە دە لێ: مامۆ ستا صادق بەها ئەدین کتێبێ کی گەورەی بە ناوی ((ئید یە م ێت کوردی))[٭] یەوە بڵاوکردۆ تەوە، ئەم بەرهە مە بریتی یە لە فەر هەنگێکی فرێزیۆ لۆجی کوردی- عەرەبی. بێگو مان ئە مە کارێکی گرنگ و پێوی ستە و یە کەم هەنگاوی دا نانی فەر هەنگی فرێزیۆلۆجی کوردییە. کەم و کورتی هەرە گەورەی ئەم کارە، ئەوەیە کە هە ندێ و شە و فر ێزی بەرەڵڵا بە فر ێزی گیراو دا نراون. پێش ئەم بەرهە مە لێکۆڵی نەوەی سەربەخۆ دەربارەی بەشەکانی لێکسیکۆلۆجی بە زمانی کوردی زۆر کەم بووه، ئەوەی هەش بووه کارێکی سەرەتایی یا هەر ئاماژەپێکردنێك بووه. ئە مەش وایکردووه کە نوو سەر زۆر خۆی بە هەڵسەنگاندنی ئەو کارانە خەریك نەکا، بەڵکو زیاتر ئاماژەیان پێ بکات.

## 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا بۆ سەلماندنی بیروڕا کانی نموو نەی لە شێوەی ئا خاوتنی د یالێکتی خواروو وەرگر تووه، بۆ نموو نە لە (ل 23) دەر بارەی وشەی(دژواتا) نووسیویەتی: ((وشەی دژواتا بەو وشانە دەوترێ کە لە مانادا بەرام بەر یەکتر دژ وەستاون، وەك:

گەورە  بچووك

زۆر  کەم

سوود وەرگرت نی نوو سەر لە ز مانی ئا خاتن لە یە کەم بەرهەم یدا لەوانە یە بۆ ئەوه بگەڕێ تەوە، کە نوو سەر لە سەرەتای دە ستکردنی بە نوو سین پەیوە ست نەبووه بە لێکۆڵی نەوە لە تێک ستی نوو سراو. بۆ یە ناوی هیچ سەر چاوەیەکی نەنوو سیوە، کە نموونەی لێ وەرگرتبێ.

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا تەنیا سێ جار ئەم د یاردەی وروژا ندووه، بۆ نموونە لە (ل 18) کاتێ گوزارشتی لە ڕێبازەکانی پەیدابوونی و شەی هاوبێژ کردووه، نووسیویەتی: ((بوونی چەند دیالێکتێك و بەشە دیالێکتێك لە زمانی کورد یدا هۆ یەکی گرنگە لە پە یدابوونی و شەی هاوبێژدا. بە وێنە و شەی(بەش) لە د یالێکتی کر مانجی

---

[٭] سادق بەهائەدین، ئیدیەمێت کوردی، بەغدا، 1973.

خواروودا ماناى(هێ ندێ له شتێك) دەبەخ شێ، وه هەر ئەم و شەیە له د یالێکتی کرمانجی ژووروودا به (گیا نداری ناو چەوان سپی) دەڵێن)). ئەم ڕا ستیانەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن کە نووسەر لەم خاڵەشدا زۆر پەیوەست نەبووە بە ڕێبازی ڕۆنانی.

## 5- بەراوردکردنی هە ندێ حاڵاتی وشە سازی ز مانی کوردی لە گەڵ زما نانی تری هاوخێزانی:

ئەم شێوە بەراوردکرد نە لەم بەرهە مەدا زۆر بە کەمی بەدی دەکر ێت، وا تە (د.ئەوڕەحمان) زۆر گرنگی بەم بنەمایەش نەداوە، بۆ نموونە لە (ل 38) لەم بارەوە زۆر بە کورتی نووسیویەتی: ((لە ذێوان وشەی کوردی و ئێرانیدا وشەش هەن کە بنجی هندو ئەوروپاییان هەیە، وەك: برا، زاوا، برۆ، نوێ... گەلێکی تر)).

## 6- لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا لە پاڵ لێکۆڵینەوە لە لا یەنی ئێ ستایی ز مانی کوردی، لە بەشی ئیتمۆلۆجیەکە یدا زۆر گرذگی داوە بە لێکۆڵینەوە لە بنج و بنا غەی زمانی کوردی و وشەکانی و ئەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەڕیوون.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(یە کەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنی شانکراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابە ندبوونی (د. ئەوڕەحمان) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نوو سەر لەم بەرهە مەدا بە بنەماکانی ڕێ بازی ڕۆ نانی د یاریکراوە، کە ڕێژە کەی(مام ناوەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | | | ✓ |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دوورکەوتنەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | ✓ | | | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | ✓ | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ✓ | | دوورکەوەتنەوە لە بەراوردی زمانە هاوخێزانەکان. | 5 |
| | | ✓ | | پابەندبوون بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی ئێستای زمان. | 6 |
| مام ناوەندە | | | | ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | |

**8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:**

ئەم بایەخ پێدانە لە زۆربەی کارەکانی (د.ئەوڕەحمان)دا زۆر بە زەقی دەبینرێت. هۆی ئەم بایەخ پێدانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر دەرچووی قوتابخانەی زمانەوانیی ڕووسی بووە و شارەزایەکی باشی لە دەستوور و بنەماکانی زمانی ڕووسی هەبووە. بۆیە بە شێوەیەکی سەرەکی سوودی لەو لێکۆڵینەوە زانستیانە بینیوە ، کە کوردناسانی سۆڤیەتی لەسەر زمانی کوردی ئەنجامیان داوە. ئەم بایەخ پێدانە لەم بەرهەمەدا، لە سەرێکەوە لە لیستی سەرچاوەکان بەدی دەکرێت، چونکە لە کۆی ئەو(97)سەرچاوەی ناویان هاتووە(27)سەرچاوەیان ڕووسین. لە سەرێکی تریشەوە نووسەر لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا زۆرجار ئاماژەی بە سەرچاوە ڕووسیەکان کردووە، بۆ نموونە لە (ل67) دەڵێ: لێکۆڵینەوەی فریزیۆلۆجی لە زمانی کوردی باسێکی نوێیە و تاکو ئێستا شتێکی ئەوتۆ دەرbارەی نەنووسراوە. ئەوەی بڵاوکراوەتەوە و من ئاگاداریم، تەنیا وتارێکی (یو.یو.ئاڤالیانی)و کتێبێکی (مەکسیمی خەمۆ)یە کە بە ڕووسی نووسراون.

**9- ڕێبازی وەرگرتن:**

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا هیچ دەقێکی ڕاستەوخۆ وەرنەگرتووە. بەڵکو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوودی لە سەرچاوەکان وەرگرتووە و ئاماژەی بە ناوی سەرچاوەکان کردووە، بۆ نموونە لە (ل 32-33) دەڵێ: زمانە ئێرانیەکان بە سێ دەوری مێژوویدا ڕۆیشتوون: (1- دەوری کۆن. 2- دەوری ناوەڕاست. 3- دەوری نوێ) پاشان بە کورتی لە هەریەکەیان دواوە. لە پەراوێزی لاپەڕەکەش ئاماژەی بە ناوی ئەو دوو سەرچاوە کردووە، کە سودی لێ وەرگرتوون:

1- د.پاکیزە ڕەفیق حلمی، زمانی کوردی(دەفتەری کوردەواری)، بەغدا، 1970، ب3، ل104-110.

2- د.کەمال فوئاد، زمانە هیندۆ-ئەوروپیێکان، گۆڤاری(پرشنگ)، بەرلین، 1966، ژ1، ل20-24.

## 10- نووسینی پەراوێز:

لایەنێکی تر کە لە هەموو بەرهەمەکانی (د.ئەورەحمان) زۆر گرنگی پێدراوە، زۆر بەکارهێنانی پەراوێزە. نووسەر لەم بەرهەمەدا زیاتر پەراوێزی بۆ مەبەستی نووسینی روونکرد نەوە بەکارهێناوە، بۆ نموو نە لە (ل 1) لە روونکردنەوەیە کدا دەر بارەی زاراوەی (لێک سیکۆلۆجی) دە لێ: و شەی لێک سیکۆلۆجی کە لە ز مانی یۆنانیەوە وەرگیراوە، پێکهاتووە لە: (Lexikos-وشەکانی زمان، وشەی فەرهەنگی)و (Logos- زاز ست). بەم جۆرە و شەی لێک سیکۆلۆجی بە ما نای زاز ستی و شە د یێت. چەند جارێکیش لە پەراوێزدا ئا ماژەی بە ناوی ئەو سەر چاوانە کردووە، کە سودی لێ وەرگرتوون. لە هەردوو بارەکەدا تا کۆتایی بەرهەمەکە بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی ناوی سەرچاوە و روونکردنەوەکانی لە دوای یەکتر ریزکردووە، کە ژمارەیان گەیشتۆتە (84)پەراوێز.

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

(د. ئەورەحمان) لە کۆ تایی لێکۆڵینەوەکە یدا فەر هەنگێکی بە هەر سێ ز مانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەو زاراوە زمانەوانییا نە درو ستکردووە، کە لەم بەرهە مەدا بەکاری هێ ناون، بەبێ ئەوەی زاراوە روو سییەکان بنوو سێت. رەذ گە مەبەستی لە خستنەرووی زاراوە عەرەبی و ئینگلیزیەکان ئەوە بووبێ، کە لێکۆڵەرانی زمانی کوردی شارەزای زاراوەکانی ئەم دوو زمانە بن. سەبارەت بە سەرچاوەی زاراوە کورد یەکانیش، بە شێك لەو زاراوا نەی نوو سەر بەکاری هێ ناون پێ شتر لای رێزماننو سانی تر بەکارهاتوون، وەك: ( مۆرفیم، فریێز، فەرهەنگ...)، بە شێکیش لەو زاراوا نە نوو سەر خۆی دایرشتوون وەك: (و شەی مردە، و شەی نوێ باو، فر یێزی بەرەڵلا...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

(د. ئەورەحمان) لە (ل 106-109) بە پ یێی ئەلف و ب یێی ناوی نووسەرەکان(97)سەرچاوەی ریزکردووە، کە (47) یان کوردی و(16) یان ئینگلیزی و (8) یان عەرەبی و(26) شیان روو سین. د یارە ریزکرد نی ئەو ژ مارە زۆرەی سەر چاوە یەکێکە لە تایبەتیەکانی کارەکانی(ئەورەحمان). هۆکارە کەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە

نوو سەر جگە لەو سەر چاوانەی سودی لیٚ وەرگر توون، ناوی ئەو سەرچاوانە شی یادا شت کردووە، کە پەیوە ندییان بە با سەکەیەوە هەبووە، وا تە(بیبلۆگرافیا)ی بۆ سەرچاوەکان دروست کردووە. دەشێ ئەم هۆکارەش لە فراوانی شارەزایی نووسەر دەربارەی هەموو ئەو سەرچاوانەی پەیوە ندییان بە با سەکەیەوە هە یە، سەرچاوەی گرتبێت.

## بەرهەمی دووەم:

-وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، 1977.

–خستنەڕووی بەرهەمی دووەم :

ئەم کتێبە (104) لاپەڕەیە و ئەم بابەتانەی گرتۆتە خۆ:

پێشەکی: لە (ل 3–20) بەسەر کارەکانی پێش خۆیدا چۆتەوە. دواتر هاتۆتە سەر و شە رۆ نان و وە کو بە شێك لە زاز ستی ز مان پێنا سەی کردووە و مەبەستەکە شی ڕوونکردۆتەوە. دەربارەی (مۆڕفیم)یش لە (ل 22–34) دوای ئەوەی لە تیۆری مۆڕفیم و پێنا سەی مۆڕفیم دواوە، با سی ڕۆڵی مۆڕفیمە (ئاڤێکس) یەکانی لە ڕۆ نانی وشەدا کردووە و سێ جۆر مۆرفیمی دیاری کردووە:

(1– مۆڕفیمی ڕیشەیی. 2– مۆڕفیمی وشەداڕێژ. 3– مۆڕفیمی وشەگۆڕ)

پاشان پێناسە و ڕۆڵی هەریەکەیانی لە زمانی کوردی بە نموونەوە نیشانداوە.

– لە (ل 34–35)دا ( شێوەی مۆڕفیم–Allomorph)ی پێنا سەکردووە و چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئەم دیاردەی بە نموونەوە ڕوونکردۆتەوە.

سەبارەت بە ( گیرەك–Affix) یش سەرەتا لە (ل 36–46) لە (پێ شگر، پا شگر، نیشانە)دواوە، پا شان با سی چەند جۆرێکی تری وەك(ئیز تەرفیکس، کونفیکس، ناوگر)ی کردووە و پێناسە و ڕۆڵی هەریەکەیانی دیاریکردووە. دوای ئەوە لە (ل 47–48) لە ڕووی ڕۆنانەوە وشەی بەسەر دوو بەش دابەشکردووە:

1– ئەو وشانەی بەسەر مۆڕفیمدا دابەش نابن.

2– ئەو و شانەی بە سەر مۆرفیـ مدا دا بەش دە بن: ئەمانە شی بە سەر(داڕێژراو)و (لێکدراو) دابە شکردووە و پا شان لە (ل 48–95) هاتۆ تە سەر چۆنیەتی داڕ شتنی هەریەك لە:

1– جۆرەکانی وشەی داڕێژراو: (ناوی داڕێژراو، ئاوەڵناوی داڕێژراو، کاری داڕێژراو، ئاوەڵکاری داڕێژراو).

2- جۆره كانی و شەی لێكدراو: (ناوی لێكدراو، ئاوەڵناوی لێكدراو، كاری لێكدراو، ئاوەڵكاری لێكدراو).

**- هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێكی بەرهەمی دووەم:**

**1- سنووری لێكۆڵینەوەكە:**

ئەم بەرهە مه لێكۆڵی نەوەیێكی وشه سازییه و (د. ئەوڕەحمان) ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوه كەی تایبەت كردووه به لێكۆڵی نەوه لەو كێ شه گرنگا نەی لەڕووی و شەڕۆنانەوه پەیوه ندییان به و شەی كوردیيەوه هه یه، ئه مەش ئەوه دەگەیێنێت، كه نووسەر به تەواوی به سنووری لێكۆڵینەوەكەی پەیوەست بووه.

**2- پێداچوونەوەی كارەكانی پێشوو:**

(د.ئەوڕەحمان)(ل4-19)ی بەرهەمەكەی بۆ پێدا چوونەوه و هەڵسەنگاندنی(18) له كاره كانی پێش خۆی تەرخانكردووه و به وردی كەم و كوڕی و لایه نه با شەكانی دەستنی شانكردوون. بۆ نموو نه له (ل 14) دەر بارەی كتێ بی ((ڕێز مانی ئا خاوتنی كوردی))(*) دەڵێ: له بەشی(كار)دا به شێوەیەكی زانستی با سی ئەو پێشگره سادانەی كردووه كه بەشداری له ڕۆنانی كاری داڕێژراو دەكەن. بەڵام لێژنه با سی پێشگری(ڕۆ) و (ڕێ) ی نەكردووه، كه ئەمانیش ڕۆڵێكی گرنگ له ڕۆ نانی كاری داریژراودا دەبینن. جگه لەوه دەر بارەی پێشگره نا سادەكان، وەك: (پێدا، تێدا، پێوه، پێك، لێك...هتد) هیچی نەنووسیوه، دیاره لەم بەرهەمەدا زۆر گرنگی بەم لایه نه دراوه، لەوانه شه بەرزی ئاستی زانستی بەرهەمەكان وایكردبێ كه نووسەر زیاتر گرنگی بەم لایەنه بدات.

**3- كەرەسەی لێكۆڵینەوەكە:**

نوو سەر لەم بەرهه مەدا وه كو لێكۆڵی نەوه وه سفیەكان بۆ سەلماندنی بیر و بۆچوونەكانی نموونەی زۆری له شێوەی ئا خاوتنی د یالێكتی خوارووی وەرگرتووه، بۆ نموونه له (ل 30) دەر بارەی (مۆرفیمی ڕیشەیی) دەڵێ: بچووكترین بنكەی و شه، كه مانای سەرەكی و شه هەڵگرێ، له زانستی زما ندا به مۆرفیمی ڕیشەیی نا سراوه. بۆ نموونه (ڕەش) له وشەی(ڕەشایی)دا بنكەیه و مۆرفیمی ڕیشەییه.

**4- بەراوردكردنی هەردوو دیالێكتی خواروو و ژووروو و بەشه دیالێكتەكانیان:**

---

(*) ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی به پێی لێكۆڵینەوەی لێژنەی زمان و زانستەكان، بەغدا، 1976.

لەم بەرهەمەدا لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان زۆر کەم گرنگی پێدراوە، ئەگەر باسیش کرابێ بە کورتی ئاماژەی پێکراوە، بۆ نموونە لە (ل78) نووسەر دەڵێ: ((ئاشکرایە کە (ەوە/وە) لە دیالێکتی کرمانجی خواردوودا پاشگرە، بەڵام پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەم(ەوە/وە) یە لە کرمانجی ژووروودا خۆی وەك پێشگر دەنوێنێ، لەبەر ئەوە دەتوانین(ەوە/وە) نەك تەنیا بە پاشگر، بەڵکو لەهەمان کاتدا بە پێشگریشی دابنێین، وەك:

خواردن  خواردنەوە  ڤەخواردن.

کەواتە دەتوانین بڵێین نووسەر لە ڕووی بەراوردکردنی دیالێکتەکانەوە زۆر پابەند نەبووە بە ڕێبازی دێرین.

## 5- بەراوردکردنی هەندێ حاڵەتی وشەسازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:

لەم بەرهەمەدا چوار جار ئەم جۆرە بەراوردکردنە بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە لە (ل 39) نووسەر لەم بارەوە دەڵێ: ((لە وشەی ناسادەی زمانی کوردیدا پاشگر هەمیشە لە دوای ڕەگی وشەوە دێت و ئینجا بەدوای ئەودا نیشانە-واتە هەمیشە پاشگر پێش نیشانە دەکەوێ. بەوێنە: وشەی (فێڵبازتر) کە لە وشەی(فێڵ) و پاشگری(باز)و نیشانەی (تر) پێکهاتووە... بەڵام مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا پاشگر یەکسەر لە دوای ڕەگی وشەوە بێت و ئینجا نیشانە بێت. لە هەندێ زماندا ڕێ دەکەوێ پاشگر بکەوێتە دوای نیشانە، واتە بە پێچەوانەی زمانی کوردییەوە. بەوێنە لە زمانی ئەڵمانییدا وشەی(Kind) بە مانای (منداڵ) دێت و (kinder) بەمانای (منداڵان)، بەڵام (kinderchen) دەبێتە (منداڵۆچکان). لێرەدا (er) کە نیشانەی کۆیە کەوتۆتە پێش (Chen)ەوە کە پاشگرە بۆ واتای بچووك کردنەوە)). کەواتە نووسەر لەم ڕووەشەوە زۆر گرنگی نەداوە بە پەیوەست بوون بە ڕێبازە دێرینەکە.

## 6- لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

نووسەر لەم بەرهەمەدا گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی زمانی کوردی نەداوە، بەڵکو وەکو ڕۆنانکارەکان تەنیا لە لایەنی ئێستای زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(دووەم) بەپێی چەند بنەمایەکی دەستنیشانکراو، لەم خشتەی خوارەوەدا ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر بە هەریەك لە

بنەماكان دیاریكراوە. لە كۆتایی خشتەكەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر لەم بەرهەمەدا بە بنەماكانی ڕێبازی ڕۆنانی دیاریكراوە، كە ڕێژەكەی(زۆر پابەندە).

| ژ | بنەماكان | زۆر | مام ناوەندە | كەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێكۆڵینەوەكە. | ✓ | | | |
| 2 | پێداچوونەوەی كارەكانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دووركەوت نەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە كۆنەكان. | ✓ | | | |
| 4 | دووركەوتنەوە لە بەراوردی دیالێكتەكان. | | ✓ | | |
| 5 | دووركەوەت نەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەكان. | | ✓ | | |
| 6 | پابە ندبوون بە لێكۆڵی نەوە لە لا یەنی ئێ ستای زمان. | ✓ | | | |
| ڕێژەی كۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | زۆر پابەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و كوردناسانی سۆڤیەتی:

نووسەر لەم بەرهەمەشدا گرنگی تەواوی بەم لایەنە داوە. بۆ نموونە لە كۆی ئەو (50) سەر چاوەی كە ناو یان لە لی ستی سەر چاوەكان یادا شت كراوە، (19) یان بە زمانی ڕووسین. بۆیە زۆرجار ئاماژەی بە بۆچوونەكانیان كردووە. بۆ نموونە لە (ل26) كا تێ نوو سەر با سی گرز گی دا نە سەرەكیەكانی ز مانی كردووە، ئا ماژەی بە بۆچوونی(گ.س.كاچكینا(*)) كردووە، كە لەم بارەوە گوتوو یەتی: دا نانی تەنیا وشە بە دا نەی سەرەكی ز مان بۆ تە هۆی ئەوەی كێشەی وا تای دا نەكانی دیكەی ز مان، بەتایبەتی مۆرفیم، بە باشی لە زمانناسیدا ساغ نەكرێتەوە... ئەو جۆرە دانا نەی ز مان وەك: وشە و ڕستە، ئەركێكی كۆمەڵایەتی زمان بەجێدەهێنن ، وا تە دەوری زما نەوانیی جێبەجێ ناكەن. بەڵام بۆ تێگەیشتنی پێكهاتنی زمان، بۆ لێكۆڵینەوەی تەواو لە زمان، بۆ لێكدانەوەی ڕێزمانەكەی، بۆ شیكردنەوەی ڕۆ نانی وشەكانی... مۆرفیم لە وشە و

---

(*) گ.س.كاچكینا، كێشەی واتای مۆرفیم، لێنینگراد، 1963، ل21-22.

ڕستە کەمتر نییە و دیوی ناوەوەی زماننا سی ئا شکرا دەکات. کەوا تە لەم بەرهە مەدا پایە ندبوونی نوو سەر بە بایە خدان بە بۆ چوونی زمانەوا نە ڕوو سەکان بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە.

## 9- ڕێبازی وەرگرتن:

وا د یارە نوو سەر هە ندێ جار بە شێوەی ڕا ستەوخۆ دە قی لە سەر چاوەکان وەرگر تووە، بۆ نموو نە لە (ل 26) نووسەر بیروڕای هە ندێ لە زما نەوانانی لە بارەی بایەخی وشە و ڕستە لە زما ندا وەرگر تووە. کە گووتویا نە: ((لە ناو دا نەکانی زما ندا ڕستە و وشە بایەخیان لە هەمووان زیاتر هە یە و وە سیلەی ئا خاوتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و باوەڕ و لە یەکتر گەیشتنی ئە ندامانی کۆمەڵن))[٣٣]. هە ندێ جاریش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوودی لە سەرچاوەکان وەرگرتووە، بۆ نموو نە دوای ئەوەی نوو سەر لە (ل 48) پێنا سەی وشەی(لێکدراو)ی بەم شێوە کردووە ((وشەی لێکدراو- ئەو وشە نا سادەیەیە کەوا بەلای کە مەوە دوو و شەی وا تاداری تێدابێ، وەك: بەردەنو یژ، گوڵەگەنم...)) پا شان لە پەراوێزی لاپەڕەکە دە ڵێ: ((بۆ تەعریفی وشەی داڕێژراو و لێکدراو بە تایبەتی سوودم لەو پێناسە وەرگرتووە، کە لێژنەی (زمان و زانستەکان) بۆ ناوی داڕێژراو و لێکدراو پە سندی کردووە))[٣٤]. لە بەرهە مەکانی نوو سەر ئەوە بەد یدەکرێت، کە ناوبراو زیاتر ڕ شتی بە پەرەپێدانی بۆ چوونەکانی پێش خۆی و لێکدا نەوەکانی خۆی بە ستووە، نەوەك بە وەرگرتن و ڕیزکرد نی دە قەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ.

## 10- نووسینی پەراوێز:

نوو سەر بە شێوەیەکی فراوان لەم بەرهە مەدا پەراوێزی بۆ دوو مەبە ستی سەرەکی بەکارهێناوە. یەکێکیان بۆ ڕوونکرد نەوە بووە، وەك لە (ل 23)دا لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەربارەی (مۆڕفیم) نووسیویەتی: ((مەبەست لە مۆڕفیم-بچووکترین دانەی واتادار، ئەوەیە کە ناتوانرێ بچووکتر بکرێتەوە بە مەرجێ وا تای نە فەوتێ. بە وێنە وشەی(مۆمدان)، لە دوو مۆڕفیم: (مۆم + دان) درو ست بووە و هەر یەکێك لەو مۆڕفیما نە بچووکترین پار چەی وا تاداری ئەو وشەیەن و ناکرێ بچووکتر بکرێنەوە و مانا ببەخشن...)). گەلێك جاریش لە پەراوێزدا بە پێی ناوی نووسەرەکان ناوی ئەو سەرچاوانەی نووسیوە، کە سوودی لێ وەرگرتوون. لە هەردوو بارەکەشدا بە پێی یەك

[٣٣] ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەت، ڕێزمانی زمانی ڕووسی، ب21، مۆسکۆ، 1953، ل12.

[٣٤] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب3، ژ1، بەغدا، 1975، ل404-405.

زنجیرەی ژمارەیی ناوی سەرچاوە و ڕوونکردنەوەکانی بەدوای یەکتریدا ڕیزکردوون، کە کۆی گشتییان گەیشتۆتە(132) پەراوێز. واتە جارێکی تر ڕیزکردنی سەرچاوەی زۆر و ڕوونکردنەوەی درێژ لەم بەرهەمەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

نووسەر دوای تەواوبوونی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەی، فەرهەنگۆکێکی بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەو زاراوە زمانەوانییانە دروستکردووە، کە لەم بەرهەمەدا بەکاری هێناون. سەبارەت بە سەرچاوەی زاراوەکانیش، بەشێك لە زاراوەکان لەو سەردەمەدا باو بوونە، وەك: (مۆڕفیم، پێشگر، پاشگر...)، بەشێکیش لە زاراوەکان نووسەر خۆی دایڕشتوون، وەك: (شێوەی مۆڕفیم، وشەڕۆنان...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

(د. ئەوڕەحمان) (ل99-102)ی کارە کەی بۆ نووسینی ناوی سەر چاوەکان تەرخانکردووە، کە ژمارەیان(50)سەرچاوەیە و (19)یان کوردی و (7)یان عەرەبی و (19)یان ڕووسی و (5)یشیان ئینگلیزین و بە پێی ئەلفوبێی ناوی نووسەرەکانیان ڕیز کراون. دیارە بەکارهێنانی ئەو ژمارە زۆرەی سەر چاوە لەم بەرهەمەدا وەکو بەرهەمەکانی تر هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر جگە لەو سەرچاوانەی سوودی لێ وەرگرتوون ، ناوی ئەو سەرچاوانەشی یادا شت کردووە، کە پەیوەندییان بە باسەکەیەوە هەیە.

# بەرهەمی سێیەم:

-ڕێسزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی یەکەم-ناو- بەغدا، 1979.

-خستنەڕووی بەرهەمی سێیەم:

ئەم کتێبە(284)لاپەڕەیە و ناوەڕۆکەکەی بەسەر پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە، بەم شێوەی خوارەوە:

پێشەکی: نووسەر لە (ل 3-15) باسی(ڕێزمان) و بەشەکانی ڕێزمان (وشەسازی)و (ڕستەسازی)و چۆنیەتی جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتنی کردووە.

1- لە (ل 17-91) کورتە هەڵسەنگاندنێکی بۆ ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (ناو)دا کراون ئەنجامداوە.

2- لێکۆڵینەوەکانی (د. ئەوڕەحمان) لە بارەی ناو: سەرەتا لە (ل93-98) دوای پێناسەی ناو، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ناوی: (تایبەتی، گشتی، کۆمەڵ)ی جیاکردۆتەوە.

لە ڕووی هەبوونەوە لە (ل 99–100) باسی ناوی: (مادی، مەعنەوی، مەعنەوی بذجی، مەعنەوی ڕۆنراو)ی کردووە. لە ڕووی ڕۆنانیشەوە لە (ل 100–137)ناوی: (داڕێژراو، لێ کدراو)ی جیاکردۆ تەوە و لە داڕ شتنیانی کۆڵیوە تەوە ، لە ڕووی ژ مارەوە لە (ل 137–167) با سی ناوی: ( تاك، کۆ)و نی شانەکانی کۆ: (ان ، ات، ە ها، گەل..)ی کردووە.

سەبارەت بە ڕەگەزەکانی (ناو) لە (ل 163–186) لە ڕووی ڕگەزەوە ناوی: (نێر، مێ، دوولا یەن، بێ لا یەن)ی جیاکردۆ تەوە و لە د یالێکتی خوارووو ژووروودا، با سی ڕەگەزەکانی ناوی کردووە لە(دۆخی تیان) و (دۆخی بانگهێشتن)دا. لە بارەی نیشانەی (ناسراو)ی و (نەناسراو)یشەوە لە (ل 186–218) نیشانەی(ەکە، ە)ی بۆ نا سراوی و (ەك، یێك، ێ) بۆ نەنا سراوی دەستنیشانکردووە. لە باسی نیشانەی ئیزا فەدا لە (ل 218–255) لە دیالێکتی خوارووە لە نیشانەی: (ی، ە)و ئیزافەی بێ نیشانە دواوە. لە دیالێکتی ژووروشدا باسی نیشانەکانی ئیزا فەی تاك: (ا، ە، ێ، ی)و ئیزا فەی کۆ: (یێ، یێت، یێن)ی کردووە.

## – هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی سێیەم:

### 1– سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری لێکۆڵینەوە کە وشە سازییە، لەم چوار چێوەیەدا نوو سەر لە هەموو ڕوویێکەوە(ناو)ی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام کاتی با سی ناوی کردووە لە دۆخی ئیزافەدا سنووری لێکۆڵینەوەکەی بەزاندووە و چۆتە ناو سنووری ڕستە سازی، بۆ نموو نە لە (ل 238) دە ڵێ: ئە گەر ئیزا فە بە هاری کاری نی شانەی (ە) ی ئیزا فە پێکبێت ئەو دەمە نیشانەی ( ناسراو،نەناسراو،کۆ) تەنیا بەدیار خەرەوە دەنوو سێن و دیارخراو هەرگیز وەریان ناگرێ: وەك:

غەڵبە غـــەڵب و هەرای مەردەم

خەوە <u>شیرینەکەی</u> لە دەس کردم

(زێوەر، ل73).

جگە لەما نە نوو سەر زۆر بەی کات نموو نە وشەسازییەکانیشی هەر لە ناو سنووری ڕستەدا باسکردووە.

### 2– پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د.ئەوڕەحمان) لە (ل 3-15)ی بەرهەمەکەی بۆ پێدا چوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێش خۆی تەرخانکردووە. لەم بەشەدا نووسەر(22) کاری پێش خۆی خ ستۆتەڕوو و هەڵسەنگاندنێ شی بۆ کردوون، بۆ نموو نە لە (ل26) دەر بارەی کتێبی((ڕێزمانی کوردی))[*]ی (نوری عەلی ئەمین) دەڵێ: نووسەر لە (ل 63) ناوی داڕێژراو و لێکدراوی وەك یەك تەما شا کردووە و لە یەکتری جیانەکردوونەتەوە. بە وێ نە، هە ندێ ناوی داڕ ێژراوی بە لێ کدراو دا ناوە، وەك: ((ئا سنگەر، نا نەوا، پر سیار...)). ئەم بەڵگە یەش ئەوە دە گەیێنێت کە نوو سەر لەم بەرهە مەدا وە کو بەرهەمەکانی پێشوو گرنگی تەواوی بەم بنەمایە داوە.

## 3- کەرەسەی خاوی لێکۆڵینەوەکە:

تایبەتییێکی تری کارەکانی (د. ئەوڕەحمان) کۆکرد نەوەی کەرەسەیەکی زۆرە لە دە قە ئەدەبی و فۆلکلۆر یەکانی هەردوو د یالێکتی خواروو و ژووروو بە شە دیالێک تەکانیان. نوو سەر لەم بارەوە لە (ل 272) دە ڵێ: (( بۆ پێ سەلماندن و چەسپاندنی ئەو دەستورە ڕێزمانییانەی لێیان دواوم، بە زۆری لە کەرەسەی فۆلکلۆر و ئەدەبەوە نموونەم هێناوەتەوە و کردوومنەتە بەڵگە. بێگومان ئەم جۆرە ڕێبازەش پتر شێوازی زانستی دەدا تە لێکۆڵینەوەی زمان)) هەر لەم بارەوە نووسەر کا تێ لە (ل94-95) با سی ناوی (تایبەتی) کردووە، دەڵێ: ((ناوی تایبەتی، بەو ناوە دەوترێ کە بەسەر گیانداریك یان بێ گیانێکی دیاریکراودا دابڕابێ، وەك:

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی خاك و خۆڵ

هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی) یا عوبوور)) (نالی، ل181).

لەگەڵ ئەوەشدا جاری وا هەبووە نووسەر خۆی نموونەی داڕشتووە، بە تایبەتی کا تێ باسی ڕۆنانی ناوی داڕێژراو و لێکدراوی کردووە. بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەر بە زۆری کەرەسەی خاوی لێکۆڵینەوەکەی لە تێکستە ئەدەبی و فۆلکلۆریە کۆنەکان وەرگرتووە، بۆیە لە (ل272-274) لە ژێر ناوی(نیشانەی نموونەکان) ناوی ئەو(22) سەرچاوەی نوو سیوە، کە نموو نەکانی لێ وەرگر توون. ئەم سەر چاوانەش بریتین لە د یوانی شاعیران و بەرهەمی فۆلکلۆری و چیرۆك.

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

---

[*] نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1960.

لا یەنێکی تر کە (د. ئەورەحمان) لەم بەرهەمەدا زۆر گرنگی پێداوە، دەستنیشانکردنی خاسیەت و تایبەتمەندی هەر یەك لەم دوو دیالێکتە و بەشە دیالێکتەکانیانە. ئەم گرنگیدانەش بە نیشانەی پابەندبوونی نووسەر بەم بنەمایە دادەنرێت، بۆ نموونە لە (ل 202–203) دەربارەی نیشانەکانی نەناسراوی نووسیویەتی: نیشانەی نەناسراوی ئەو نیشانەیە کە بە دوای ناو یا ئاوەڵناو دەلکێنرێ بۆ ئەوەی بکرێ بە نەناسراو... لە ناوچەی سلێمانی و موکریان...دا (ێك) و (ێ) نیشانەی نەناسراوین، هەرچی (ێ)یە گومانی لێ ناکرێ کە کورتکراوەی (ێك)ە. لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو و گەلێك ناوچەی سۆراندا (ەك) نیشانەی نەناسراوییە، لە هەندێ بەشە دیالێکتی خواروو و ژووروودا (ن– in) و شێوەکانی تری (ن– n، نە– ine، نە–ne) هەر بۆ نیشاندانی نەناسراوی بەکاردێن. ئەمەو نووسەر بەهەمان شێوە لە رووی رەگەز و ژمارە و ئیزافە...وە ناوی لە هەردوو دیالێکتەکەدا بەراورد کردووە.

## 5– بەراوردکردنی هەندێ حاڵەتی وشەسازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:

ئەم دیاردەیە لەم بەرهەمەدا زۆر بەرچاو دەکەوێ، بەتایبەتی کاتێ نووسەر باسی نیشانەکانی ناو: (تاك و کۆ، ناسراوی و نەناسراوی، نێر و مێ...)ی لە زمانی کوردیدا کردووە. لەگەڵ زمانی تری هاوخێزانی بەراوردی کردووە، بۆ نموونە لە (ل 145–147) سەبارەت بە نیشانەی(کۆ)، دەڵێ: لە زمانی فارسی ناوەڕاست(پەهلەوی)دا بۆ حاڵەتی کۆ دوو نیشانە (ان)و (یها) یان بەکارهێناوە، لە زمانی فارسی نوێدا هەردوو نیشانەی(ها)و (ان) کۆ سازدەکەن. لە زمانی رووشانیدا (ێن) نیشانەی کۆیە و لە زمانی ئەفغانیدا (ونا)و (ان) نیشانەی کۆی رەگەزی مێن. لە زمانی بلووجیدا نیشانەو حاڵەتی کۆ بە گوێرەی دەور و خۆنواندنی ناو لە ڕستەدا دەگۆڕێت. لە بارەی زمانی کوردیشەوە دەڵێ: ((هەرچەندە لە زمانی کوردیدا هەندێ نیشانە هەن، کۆ پێکدەهێنن و هەروەها هەندێ حاڵەت هەن مانای کۆ دەگەیەنن، بەڵام نیشانەی رەسەن و سەرەکی کۆی ناو (ان)ە. ئەم جۆرە بەراوردکردنانە لە بەرهەمەکەدا زیاتر مانای پەیوەستبوونی نووسەر بە ڕێبازە دێرینەکە دەگەیێنێت.

## 6– لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

نووسەر لەم بەرهەمەدا و پێرای ئەوەی لە باری ئێستای زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە،لە هەمان کاتدا گرنگی بە لایەنی مێژووییش داوە، بە تایبەتی کاتێ لە نیشانەکانی: کۆ، ناسراوی و نەناسراوی، ئیزافە ...ی کۆڵیوەتەوە. زمانی کوردی

**لەگەڵ زمانی ئاڤێستا و فارسی کۆن و ناوەڕاست و نوێ بەراورد کردووە. وە باسی لایەنی مێژوویی هەندێ لەو نیشانانەی لە زمانی کوردیدا کردووە.**

## 7- ئەنجام:

**دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی( سێیەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنیشانکراو، لەم خشتەی خوارەوەدا ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر لەم بەرهەمەدا بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆنانی دیاریکراوە، کە ڕێژەکەی(کەم پابەندە).**

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | | | ✓ |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دوورکەوت نەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | | | ✓ | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | | | ✓ |
| 5 | دوورکەوەت نەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەکان. | | | | ✓ |
| 6 | پابە ندبوون بە لێکۆڵی نەوە لە لا یەنی ئێ ستای زمان. | | | ✓ | |
| | ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | کەم پابەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:

**(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا وە کو گ شت بەرهە مەکانی تری زۆر با یەخی بەم لایەنە داوە، لە کۆی ئەو(106)سەرچاوەی سوودی لێ وەرگرتوون (33) یان بە زمانی ڕووسی بوونە. وەکو پێشتر باسمان کردبوو ڕووێکی ئەم بایەخدا نە بۆ زا نینی زمانی ڕووسی و شارەزابوونی نووسەر لە دەستوور و بنەماکانی زمانی ڕووسی دەگرێتەوە. ڕووێکی تریشی ئەوەیە کە زما نەوان و کوردنا سانی سۆڤیەتی کۆ مەڵێك لێکۆڵینەوەی**

زاذستیان لە سەر زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان هەبووە ، لەم ڕووەوە نووسەر سوودی زۆری لە بۆچوونەکانیان وەرگرتووە. بۆ نموونە لە (ل80-84) ئاماژەی بە چەند کارێکی زانستی(د.قەناتی کوردۆ)و (د.چەرکەزی بەکۆ)ی کردووە و کردوونی بە سەرچاوەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی. بۆ نموونە یەکێك لەو کارانەی ئاماژەی پێکردووە، کتێبی ((دەستووری زمانی کوردی))[٣٦]ی (د.قەناتی کوردۆ)یە کە بە زمانی ڕووسی بڵاوکراوەتەوە.

## 9- ڕێبازی وەرگرتن:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا زۆر بە دەگمەن دەقی وەرگرتووە، بەڵکو زیاتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوودی لە سەرچاوەکان وەرگرتووە. هەندێ جاریش جگە لە سوود وەرگرتن پەرەی بە بۆچوونەکانیان داوە ، بۆ نموونە لە (ل110) باسی ئەو پاشگرانەی کردووە، کە یارمەتی ڕۆنانی ئەو ناوە داڕێژراوانە دەدەن کە ناوی پیشەن. لە پەراوێزیشدا ئاماژەی بەو سەرچاوە کردووە، کە سوودی لێ وەرگرتووە. لەم بارەوە دەڵێ: ((کەریمی ئەییوبی و ئی.ئا.سمیر نۆڤا بۆ ئەم گرووپە هەشتپاشگری(وان/ەوان، باز، دار، گەر، بەند، چی، ساز، ی- سیفەتی نیسبی)یان داناوە... لێرە دەبوو: دوو پاشگری(کەر)و (مەند)یش باس بکەن و ئەو هەڵە گەورەیەش نەکەن، کە پاشگری(ی)ی سیفەتی نیسبی بە پاشگری داڕێژی ناو دابنێن))[٣٧].

## 10- نووسینی پەراوێز:

نووسەر لەم بەرهەمەدا وەکو بەرهەمەکانی تری زۆر گرنگی بە نووسینی پەراوێز داوە. لە پەراوێزەکاندا ناوی سەرچاوە و ڕوونکردنەوەکانی بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی لە دوای یەکتر ڕیزکردووە، کە ژمارەیان گەیشتۆتە(194) پەراوێز. بۆ نموونە نووسەر لە پەراوێزی(ل194)دا لە ڕوونکردنەوە یەکی لە سەر(ەکە)ی نیشانەی ناسراوی، دەڵێ: چۆن کاتێ(ەکە) دەچێتە سەر ناوی کۆتایی هاتوو بە هەندێ بزوێن، تێ چوونی بزوێن یاخود پە یدابوونی نیمچە بزوێن یاخود بوون بە بزوێنێکی دی دەبینرێ، هەروەها ئەگەر نیشانەی(ان)ی کۆش بە دوایدا بێت، ئەوە هەر هەمان دیاردە دەمێنێ. بەوێنە دەتوانرێ بوترێ (مەلاکان/مەلایەکان...).

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

---

[٣٦] ق.کوردۆ، دەستوری زمانی کوردی (بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی ژوورو و خواروو)، مۆسکۆ، 1978.

[٣٧] ك.ر.ئەیووبی و ئی.ئا.سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لینینگراد، 1968.

(د. ئەوڕەحمان) لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا لە (ل267-271) فەرهەنگێکی بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەو زاراوە زمانەوانییانە دروست کردووە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکاری هێناون. سەبارەت بەسەر چاوەی زاراوەکانیش. بەشێك لەو زاراوانەی بەکاری هێناون لەو سەردەمەدا باوبوونە، وەك: (ڕێز مان، وشە سازی، دیار خەر...)، هە ندێ جاریش هەرزاراوە لاتیذ یەکانی بەکارهێناوە، وەك: (وشەسازی،ڕستە سازی...) ، جاری واش هەبووە هەرزاراوە عەرەبییەکەی بەکارهێناوە، وەك: (جنس، ئیزافە...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان

(د.ئەوڕەحمان) لە (ل 275-281) ناوی سەرچاوە زمانەوانیدیەکانی نووسیووە، کە ژمارەیان(84)سەرچاوەیە و (32)یان بە زمانی کوردی و (9)یان عەرەبی و (6)یان فارسی و (30) یان ڕووسی و (7)ی شیان ئینگلیزین و بە پێی ئەلفوبێی ناوی نووسەرەکانیان ڕیزی کردوون. دیارە ڕیزکردنی ئەو ژمارە زۆرەی سەرچاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر جگە لە ناوی ئەو سەرچاوانەی کە سوودی لێ وەرگرتوون، ناوی ئەو سەرچاوانەشی خستۆتەڕوو کە پەیوەندییان بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی هەیە و دەشێ سوودیان لێ وەربگیرێ.

## بەرهەمی چوارەم:

-ڕێزمانی کوردی. بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی دووەم-(جێناو)، بەغدا، 1987.

-خستنەڕووی بەرهەمی چوارەم :

ئەم کتێبە(305)لاپەڕەیە و لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە بەم شێوەی خوارەوە:

- پێشەکی: (د.ئەوڕەحمان) لە(3-15) لە کێشەی واتا و ئەرکی جێناوی کۆڵیوەتەوە.

1- لە (ل 17-73) کورتە هەڵسەنگاندنێکی بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی جێناو نووسراون ئەنجامداوە.

2- لێکۆڵینەوەکانی ( ئەوڕەحمان) لە بارەی(جێناو)ەوە ئەم باسانەی گرتۆتەخۆ: سەرەتا لە (ل 73-78) لە ڕووی واتاوە دە جۆر جێناوی جیاکردۆتەوە. پاشان لە (ل 79-104) هاتۆتە سەر جێناوی کەسی جودا و لە دیالێکتی ژووروودا دوو دەستە جێناوی کەسی جودای دیاریکردووە. لە دیالێکتی خوارووشدا یەك دەستە جێناوی کەسی جودای دیاریکردووە. هەروەها باسی فۆڕمە جیاوازەکانی ئەو جێناوانەی لە

به شه دیالێک ته‌كانی  هەردوو دیالێکته کەدا  کردووه. دوای  ئەوه  بەراوردێکی  ئەو جێناوانەی لە نێوان هەردوو دیالێکتی  خواروو و ژووروو و زمانی فارسی ناوەڕاستدا کردووه.

سەبارەت  بە جێناوی کەسی (لکاو)یش، لە (ل 104–118) لە ڕووی هێزەوه  لە دیالێکتی خواروو دوو دەستە جێناوی لکاوی جیاکردۆتەوه. دەستەی یەکەم( بەهێز): لە گەڵ  کاری ڕا بردووی تێ پەڕ، دە ستەی دووەم( بێ هێز): لە گەڵ  کاری ڕا بردوو و ڕا نەبردووی تێپەڕ و تێنە پەڕ دەردە کەون. دوا تریش  ئەو جێناوا نەی لە گەڵ جێناوه لکاوەکانی زمانی فارسی ناوەڕاست و  ئەمڕۆدا  بەراوردکردووه.  لە (ل 118–148) لە کێشەی فۆڕمە جیاوازەکانی جێناوی لکاوی کەسی دووەم و  سێیەمی  تاکی دەستەی دووه می کۆڵیوه تەوه و  هەوڵی داوه  لە ڕێ گەی دە قە ئەدەبیی یە کۆنەکا نەوه فۆڕ مە بنچینەیەکەیان بدۆزێتەوه.

لە (ل 155–176)  لە  ئەرکی جێ ناوه کە سییه لکاوه کانی دە ستەی یە کەم و دووەم دواوه و  لە دیالێکتی ژووروو شدا  تەنیا دەستەی دووه می جێناوه لکاوه کانی دەستنیشانکردووه،  کە لە گەڵ  کاری ڕا بردوو و ڕا نەبردووی تێنە پەڕ و ڕا نەبردووی تێپەڕ دەردەکەون. لە (ل 176–232)ش لە چۆنیەتی لکانی دەستەی یەکەم ودووه می بەکاری  سادە و نا  سادەی ڕ  یژەی ڕا  بردوو و ڕا  نەبردووی(ئیخباری، ئینشائی)کۆڵیوەتەوه.

دەربارەی جێناوه (جودا)کانیش نووسەر لە (ل 232–292) بە جیا باسی هەریەك لە جێناوی (خۆیی، نیشانه، پرسیار، چەندێتی، هەیی، نەفی، هاوبەشی، جێناوی دیار و نادیار، لێکدەر)ی کرووه و فۆڕمە جیاوازه کانی هەریەك لەو جێناوا نەی لە بە شە دیالێکتەکانی دیالێکتی  خواروو و ژووروو دەستنیشانکردووه. هەندێ جار وەسفی لێک چوون و نزیکی  فۆڕمی جێناوه کانی  لە نێوان زمانی  کوردی و زمانانی  تری هاوخێزانی کردووه و لە پێکهاتن و بەکارهێنانیانیشی کۆڵیوەتەوه.

## – هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی چوارەم:

## 1– سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوه کە وشە سازییه.  لەم چوار چێوەیەدا (د. ئەوڕەحمان)  لە جیاکردنەوەی جۆره کانی جێناو و دەستنیشانکردنی  فۆڕمی جێناوه کان و... دواوه. لەگەڵ ئەوه شدا  ناکرێ بڵێین، تەنیا  لە ڕووی وشەسازییەوه  لە جێناوی کۆڵیوه تەوه، بەڵکو  لە ڕووی ڕستەسازیشەوه  لە  ئەرکی جێناوی(کەسی لکاو) و (کەسی  جودا)ی

کۆڵیوەتەوە، یەکێك لەو نموونا نە ئەوە یە کە نووسەر لە (ل 229) دەڵێ: ((لە ڕێژەی ڕابردووی بەردەوا مدا تەنیا یەك حا ڵەت هە یە، ئەویش بریتییە لە هاتنی جێناوێکی دەستەی یەکەم لە سەرەتاوە لە دەوری( کارا)دا و لە کۆتاییەوە جێناوێکی دەستەی دووەم لە دەوری بەرکاردا. بە وێنە: دەمان ناردنەوە– ئێمە ئەوانمان دە ناردەوە)). ئەم بەڵگەیەش ئەوە دەردەخات، کە نووسەر سنوری لێکۆڵینەوەکەی بەزاندووە.

## 2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د. ئەوڕەحمان) لە (ل 19-71)ی بەرهەمە کەی بۆ بەسەردا چوونەوە و هەڵسەنگاندی (33) کاری پێش خۆی تەرخان کردووە و بە شێوەیەکی ئەکادیمیا نە ق سەی لە سەر کردوون. بۆ نموو نە لە (ل 65-66) دە ڵێ: (ڕ.ڵ. تسابۆلۆ ڤ) لە کتێبی((لە بارەی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە))(*)، با سی جێناوی کردووە و حەوت جۆری سەرەکی دیاری کردووە. ڕووی باش و سەرکەوتووی ئەم کارە بە تایبەتی لەوە دایە ، کە نووسەرەکەی بە شێکی زۆری ئەو جێناوا نەی لێیان دواوە، لە گەڵ ئاڤێستا، فارسی کۆن...دا بەراوردی کردوون. نا تەواویی دیاریشی ئەوە یە هە ندێ گرو پی زۆر ئا شکرای باس نەکردووە و چەند جۆرێکی بێگو مانی بە ناو یان ئاوەڵناو لە قەڵەم داوە. کەوا تە نوو سەر لەم بەرهەمە شدا گرنگی تەواوی بە خ ستنەڕوو و نرخا ندنی کارەکانی پێش خۆی داوە.

## 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د. ئەوڕەحمان) بۆ سەلماندنی بیروڕا کانی نموو نەی زۆری لە دە قە ئەدەبی و فۆلکلۆریەکان کۆکردۆتەوە و هەوڵی داوە لە ڕێگەی تێکستە کۆنەکانەوە کێشەی فۆڕمە جیاوازەکانی جێناوەکان ساغ بکا تەوە، بۆ نموو نە لە (ل 120-122) دەربارە فۆڕمە جیاوازەکانی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی دەستەی دووەم دە ڵێ: (ی) فۆڕمی ڕەسەنی جێناوەکەیە نەوەك(یت)، چونکە لە د یوانی شاعیرانی کۆن و نوێی ناو چەی سلێمانی وەك: نالی و مەحوی و زێوەر...هەر(ی) بەکارهاتووە، وەك:

شوکور تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەرچی من لە فکرت چووم
لە من غایب نەبی تۆ، بەسمە، بـا مـن بم لە تۆ غایب (مەحوی، ل52)

(*) ڕ.ڵ.تسابۆلۆڤ، لە بارەی مێژووی مۆرفۆلۆژی کوردییەوە، مۆسکۆ، 1978.

هەروەها لە فۆلکلۆری هەردوو بەشە دیالێکتی ناوچەی موکریان و سۆرانی دیالیکتی خواروو لە کۆن و ئێستادا هەر فۆڕمی(ی) دەبینرێ، هەروەها بەرهەمە ئەدەبیەکان لە دیالێکتی ژووروو ئەوە نیشان دەدەن، کە (ی) جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە. جگە لە وەرگرتنی نموونە لە تێکستە کۆنەکان ، زۆر جاریش نووسەر خۆی نموونەی داڕشتووە، بەتایبەتی کاتێ باسی لکانی جێناوە لکاوەکانی کردووە بە کاری سادە و ناسادەوە. دوای تەواوبوونی کارەکەش لە (ل 293–295) ناوی ئەو (25)سەرچاوەی نووسیوە، کە نموونەکانی لێ وەرگرتوون. کە بریتین لە: دیوانی شاعیرە کۆن و هاوچەرخەکان، بەرهەمە فۆلکلۆریەکان، چیرۆك.

**4– بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:**

یەکێك لەو لایەنانەی کە لەم بەرهەمەدا زۆر گرنگی پێدراوە بەراوردکردنی فۆڕمی جێناوەکانە لە نێوان هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروودا، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پابەندبوونی (د. ئەوڕەحمان) بەڕێبازە دێرینە کە دەگەیەنێ، بۆ نموونە لە(ل259) دەربارەی فۆڕمەکانی جێناوی پرسی(چی) نووسیویەتی: ئەم جێناوە بۆ پرسیار لە شت و هۆی ڕووداو بەکاردەهێنرێ. لە ناوچەی سلێمانی بە زۆری شێوەی( چی) دەوترێ و هەندێ جاریش (چ). لە ناوچەی خانەقین و سنە و کرماشان...(چە) دەڵێن. لە بەشە دیالێکتی موکریان و سۆران و دیالێکتی کرمانجی ژووروودا (چ) باوە، بەڵام لە دۆخی تیاندا هەمیشە دەبێ بە (چی).

**5– بەراوردکردنی هەندێ حاڵەتی وشەسازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:**

ئەم دیاردەیەش لەم بەرهەمەدا زۆر باسی لێوە کراوە، بۆ نموونە لە (ل232) (د. ئەوڕەحمان) سەبارەت بە جێناوی پرسی(کێ) دەڵێ: وێکچوون و نزیکی ئەم جێناوە لەو زمانە کۆن و نوێیانەی لەگەڵ کورد یدا خزمایەتیان هەیە، دەبینرێ، بەوێنە: لە ئاوێستادا ( کە)، لە فارسی کۆن و هیندیکۆندا (کە یە)، لە فارسی ناوەڕاستدا(کێ)، لە فارسی نوێدا( کە)، لە بلوو چیدا(کێ/کە)..یە، لە دیالێکتی خواردووودا چ لە زمانی ئەدەبی و چ لە بەشە دیالێکتەکانی موکریان و سۆراندا لە کۆن و ئێستادا هەر ( کێ) بەکاردەهێنرێ، لە دیالێکتی ژووروو شدا ( کی) زیاتر بەکاردەهێنرێ، هەر چی (کێ) یە زیاتر لە دۆخی تیاندا دەبینرێ. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە نووسەر لەم ڕووەشەوە پابەند نەبووە بە ڕێبازی ڕۆنانی.

## 6- لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا وەکو ڕێزماننووسە دێرینەکان لە پاڵ لێکۆڵینەوە لە لایەنی ئێستایی زمان، بە شێوەیەکی زۆر فراوان گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە مێژوویی فۆڕمە جیاوازەکانی جێناوە لکاوەکان و جوداکان لە زمانی کوردی داوە و هەوڵی داوە کێشەی فۆڕمە جیاوازە کان لە ڕێگەی دە قە کۆنەکان ساغ بکا تەوە. لە هەمان کا تدا جێناوەکانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانییە کۆنەکان بەراورد کردووە.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی( چوارەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنیشانکراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابە ندبوونی (د.ئوڕە حمان) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نوو سەر لەم بەرهە مەدا بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆ نانی د یاریکراوە، کە ڕێژەکەی( کەم پابەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | | | ✓ |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دوورکەوت نەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | | ✓ | | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | | | ✓ |
| 5 | دوورکەوەت نەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەکان. | | | | ✓ |
| 6 | پابە ندبوون بە لێکۆڵی نەوە لە لا یەنی ئێ ستای زمان. | | | ✓ | |
| | ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | کەم پابەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:

لەم بەرهە مەدا (د. ئەوڕەحمان) گرن گی تەواوی بەم لایە نەش داوە و لە کۆی ئەو(106)سەرچاوەی کە نووسەر بەکاری هێناون(33)یان ڕووسی بوونە. لە ناوەڕۆکی

لێکۆڵینەوەکە شیدا لە زۆر شوێن ئا ماژەی بە بۆ چوونەکانیان داوە و بنا غەی لێکۆڵینەوەکەشی لەسەر ئەم سەرچاوانە بنیات ناوە. بۆ نموو نە لە (ل 285) سەبارەت بە جێناوی(ناد یار) دە ڵێ: قەناتی کوردۆ و شەکانی(کەس، ت شت، شتێك)[٣٦]ی بە جێناوی ناد یار دا ناوە و گوتوو یەتی لە گەڵ ئەو و شانە نیشانەی (یێك، یێ) یش د یێت.

هەروەها کەریمی ئەیووبی و د.ئی.ئا.سمیرنۆ ڤا و شەکانی: ( یەکێك، کە سێك، شەخسێك، چ کەس، فلان، کەس، شتێك...)[٣٧] یان بە جێناوی نادیار ناوبردووە.

## 9- نووسینی پەراوێز:

نووسینی پەراوێز بە شێکی گرنگ لە بەرهە مەکانی (د. ئەوڕەحمان) پێکدێنێت. نووسەر لەم بەرهەمەدا جگە لە ڕیزکرد نی سەر چاوەی زۆر و کۆ مەڵێك ڕوونکرد نەوەی درێژ، ژمارە یەك نموو نەی ئەدەبی و فۆلکلۆریشی بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی لە پەراوێزەکاندا بەدوای یەکتریدا ڕیزکردووە، کە ژمارەیان گەیشتۆتە(156)پەراوێز. هەر بۆ نموو نە لە (ل 181) لە ڕوونکردنەوەیە کدا دەر بارەی لـ کانی جێ ناوە لکاوە کان بە(کار)ەوە دەڵێ: لەگەڵ کاری ڕابردووی بەردەوامی تێنەپەڕدا جێناوی لکاو بە کۆتایی کارەوە دەلکێ، وەك کاری ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ نایەتە پێشەوە. بەڵام ئەگەر کارە تێنەپەڕەکە بکەینە تێپەڕ جێناوەکە دێتە پێشەوە، وەك:

- دەنووستین / دەمان نواند...

## 10- ڕێبازی وەرگرتن:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا بە دەگ مەن دە قی وەرگر تووە، بەڵکو ز یاتر بە شێوەی ناڕا ستەوخۆ سوودی لە سەر چاوەکان وەرگر تووە، بۆ نموو نە لە (ل158) دەربارەی دەستەی یەکەم و دووەمی جێناوە لکاوەکان دەڵێ: ((دە ستەی یە کەم ئەرکی سەرەکیان دەربڕینی خۆیەتییە... هەرچی دەستەی دووەم خۆیەتی دەرنابڕن)). پا شان لە پەراوێزی لاپەڕە کەدا ئا ماژەی بەم سەر چاوە کردووە. ((محە مەد مەعروف فەتاح، خۆ یەتی لە زاری سلێمانیدا، گۆ ڤاری کۆڕی زاذ یاری ع ێراق-دە ستەی کورد، ب7، 1980)).

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

---

[٣٦] ق.کوردۆ، دەستوری زمانی کوردی بە (کەرەسەی کرمانجی ژووروو و خواروو)، مۆسکۆ، 1978.

[٣٧] ك.ر.ئەیووبی و ئی. ئا.سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لینینگراد، 1968.

بە پێچەوانەی کارەکانی پێشووی، (د.ئەوڕەحمان) لەم کارەدا فەرهەنگی بۆ ئەو زاراوە زمانەوانییا نە درو ست نەکردووە، کە لەم لێکۆڵی نەوەدا بە کاری هێ ناون. سەبارەت بە سەرچاوەی زاراوەکانیش نووسەر هەمان ئەو زاراوا نەی بەکارهێناوە، کە پێشتر لە لا یەن ڕێزماننوو سانەوە بەکارهاتوون، وەك: (جێناو، کردار، کارا، جێناوی کەسی جودا، ڕێژەی ئیخباری...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

نوو سەر لە (ل296-303) ناوی سەر چاوەکانی بە پ ێی ئەلفوبێی ناوی نوو سەرەکانیان ڕیزکردووە، کە ژمارە یان (106)سەر چاوەیە و(47) یان بە کوردی و (6) یان بە فارسی و (9) یان بە عەرەبی و(33) یان بە ڕوو سی و (11) شیان بە زما نە ڕۆژئاوایەکانن. هۆکاری ڕیزکردنی ئەو ژمارە زۆرەی سەرچاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نوو سەر جگە لەو سەر چاوانەی بەکاری هێناون، ناوی ئەو سەرچاوانە شی یادا شت کردووە، کە پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوەکەیەوە هەیە، ڕەنگە ئەمەش لەمەوە سەرچاوەی گرتب ێت، کە نوو سەر بەر چاو ڕوو نی با شی دەر بارەی کارە کەی هەبووە و ئا گاداری هەموو ئەو سەرچاوانە بووە، کە پەیوەندیان بە باسەکەی ئەو هەبووە.

## بەرهەمی پێنجەم:

- وشەسازی، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ121، 1989.
- خستنەڕووی بەرهەمی پێنجەم :

ئەم وتارە(11) لاپەڕەیە. (د. ئەوڕەحمان) لەم لێکۆڵینەوەدا لە چەند کێشەیەکی سەرەکی وشەسازی کۆڵیوەتەوە:

لە (ل60) باسی جیاوازی وشەی کردووە، لە بارێکدا ماکێکی وشە سازی بێ، لەگەڵ ئەوەی ماکێکی ڕستەسازی بێ. لە (ل60-62) باسی ئەوەی کردووە، کە مەبە ست لە بەشی ئاخاوتن چییە و لەسەر چ بنەماو بنچینەیەکی زانستی دابەش کراون، پا شان لە (ل 62) باسی جیاوازی پێکهاتنی بە شەکانی ئا خاوتنی کردووە و لە (ل 62-63) لە تای بەتێتی بە شەکانی ئا خاوتن لە زما نانی ج یاواز دواوە، لە دوای یدا لە (ل64-65) با سی حاڵە تە هە مە چە شنەکانی وشە سازی وبە شەکانی ئا خاوتنی کردووە ، لە (ل65-66) با سی پەیوە ندی ن ێوان حاڵە تەکانی وشە سازی و ژێرب ێژی کردووە، لە کۆتاییشدا لە (ل 66-70) باسی چەند کێشەیەکی جێناوی لە زمانی کوردیدا کردووە.

### - هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی پێنجەم:

## 1- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە وشەسازییە، لەم ڕووەوە (د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا لە کێشەی پێکهاتن و جیاکردنەوە و تایبەتێتی بەشەکانی ئاخاوتنی کۆڵیوەتەوە. وێڕای ئەمانەش جاری وا هەبووە سنووریی لێکۆڵینەوەکەی بەزاندووە و چۆتە ناو بواری ڕستەسازی، بەتایبەتی کاتێ لە (ل60)دا باسی وشەی کردووە وەکو ماکێکی ڕستەسازی، هەروەها لە (ل71)یش باسی تایبەتێتی جێناوی لە مەیدانی ڕستەسازیدا کردووە.

## 2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا بە پێچەوانەی کارەکانی پێشووی نە بەناوهێنان ، نە بە هەڵسەنگاندن، باسی کارەکانی پێش خۆی نەکردووە و گرنگی بە پێداچوونەوەیان نەداوە

## 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

جارێکی تر (د.ئەوڕەحمان) بە پێچەوانەی زۆربەی کارەکانی تری، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی وەکو ڕۆنانکارەکان نموونەکانی لە شێوەی ئاخاوتنی دیالێکتی خواروو وەرگرتووە، بۆ نموونە لە (ل 69) دەڵێ: تایبەتێتی جێناوی نیشانەی ( ئەم، ئەمە، ئەوە...) لەوەدایە کە خاوەن ژمارەن. ئەم تایبەتێتی ژمارەیەش تەنیا هەر لەو حاڵەتەدا نییە کە جێناون، بەڵکو لەو حاڵەتانەش دایە کە وەک ئاوەڵناو بەدەردەکەون. بەوێنە بەراوردی ئەو ڕستانە بکە:

ئەم پیاوە  ئەمان پیاون.

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا زۆر گرنگی بەم بوارە نەداوە. بۆ نموونە لە (ل63) دەربارەی نێر و مێ نووسیویەتی: لە دیالێکتی ژوورووداا ڕەگەزەکانی ناو دەستورێکی ڕێکوپێکی ڕەچاوکردووە و لە ڕێگەی نیشانەوە لە یەکتر جیادەبنەوە. لە دۆخی تیانداا ڕەگەزی مێ نیشانەی(-ێ) وەردەگرێ و ڕەگەزی نێریش نیشانەی (-ی)ی پێوە دەلکێ. لە بەشە دیالێکتی موکری و هەندێ ناوچەی سۆران و کەمێک لە دەوروپشتی سلێمانیشدا، هەرچەندە وەکو دیالێکتی ژووروو ڕێکوپێک خۆیان نانوێنن، بەڵام تاڕادەیەک دەستووری خۆیان پاراستووە. لەم بەشە دیالێکتانەی خوارووشدا هەر

نیشانەی(–ێ) دەچێتە سەر ناوی ڕەگەزی مێ و نیشانەی(–ی)یش ئیزافەی سەر ناوی نێر دەبێ. کەواتە نووسەر جارێکی تر نزیك بۆتەوە لە ڕێبازە دێرینەکە.

**5– بەراوردکردنی هەندێ حاڵاتی وشەسازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:**

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا گرنگی بەم لایەنە نەداوە و بە هیچ شێوەیەك باسی نەکردووە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کەوا نووسەر لەم وتارەدا وەکو ڕۆنانکارەکان گرنگی بە بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی هاوخێزانی نەداوە.

**6– لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:**

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا وەکو ڕۆنانکارەکان تەنیا گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە باری ئێستای زمانی کوردی داوە و دوورکەوتۆتەوە لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی زمانی کوردی.

**7– ئەنجام:**

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(پێذ جەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنیـ شانکراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابە ندبوونی (د. ئەوڕەحمان) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نوو سەر لەم بەرهە مەدا بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆ نانی د یاریکراوە، کە ڕێژە کەی(زۆر پابەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | ✓ | | |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | | | | ✓ |
| 3 | ڕ ێژەی دوورکەوت نەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | ✓ | | | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | ✓ | | |
| 5 | دوورکەوەت نەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەکان. | ✓ | | | |
| 6 | پابە ندبوون بە لێکۆڵیـ نەوە لە لا یەنی ئێ ستای | ✓ | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | زمان. | |
| زۆر پابەندە | | | | ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:

ئەگەر چی (د. ئەوڕەحمان) ناوی سەر چاوەکانی ئەم لێکۆڵیـنەوەی یادا شت نەکردووە، کەچی لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا ئەم بایەخ پێدانە بە فراوانی بەرچاو دەکەوێت، چونکە هەموو ئەو سەر چاوانەی لە پەراوێزەکاندا ئاماژەی پێ کردوون ڕووسین. بۆ نموونە لە (ل 69) دەڵێ: جیاکردنەوەی جێناو جیاوازی لە گەڵ دابەشکردنی بەشە ئاخاوتنەکانی تردا هەیە و وا دەبینرێ کە مەوداو سنووری جێناو لە چاو بەشە ئاخاوتنەکانی تردا بەرینتر و فراوانترە. لە ڕاستیدا، وەك پێشتر باسمان کرد، وشە ئەگەر ناو بێ ناتوانێ لە هەمان کاتدا کاریش بێ، بەڵام جێناو چەشنێکی ترە و زۆر ئاڵۆزترە و خاسیەتی بەپێی باری ئاخاوتنەکە دەردەکەوێ. پاشان لە پەراوێزدا ئاماژەی بە سەرچاوەکە کردووە[٣].

## 9- ڕێبازی وەرگرتن:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا (د. ئەوڕەحمان) بە شێوەی ڕاستەوخۆ هیچ دەقێکی وەرنەگرتووە، بەڵکو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوودی لە بۆچوونەکانی پێش خۆی وەرگرتووە و بە لێکدانەوەکانی خۆی دەوڵەمەندی کردوون. بۆ نموونە لە (ل 63)دا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوودی لە بۆچوونێکی (ق. کوردۆ)[٤] وەرگرتووە، بۆچوونەکە دەڵێ: ((لە زمانی کوردیدا بەشە ئاخاوتنی ناو ئەو گروپە وشانەی گرتووەتەخۆ، کە لە بنەڕەتدا واتای ڕێزمانی شتیان تێدایە. ئەم واتایەش بەهۆی نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی و ژمارە و جنس و دۆخ...ەوە دەردەبڕدرێ)) پاشان نووسەر پەرەی بە بۆچوونەکە داوە و نووسیویەتی: ((بایەخی ئەو نیشانانە بۆ دەربڕینی ناو، ئەوەیە یارمەتی دەدا بە ئاوەڵناو یان بە کرداریەوە ببەستێت)).

## 10- نووسینی پەراوێز:

(د. ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا وەکو کارەکانی تری زۆر گرنگی بە بەکارهێنانی پەراوێز داوە، بەڵام لێرەدا پەراوێزەکانی تەنیا بۆ ئاماژەکردن بە ناوی سەرچاوەکان بەکارهێناوە و بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی هەموو پەراوێزەکانی لە کۆتایی کارەکە ڕیزکردووە، کە ژمارەیان(30) پەراوێز بووە.

---

[٣] ئا.ئی.سامیرنیتسکی، وشەسازی زمانی ئینگلیزی، مۆسکۆ، 1959، ل195-196.

[٤] ق.کوردۆییێڤ، دەستووری زمانی کورد بە(کەرەسەی کرمانجی ژووروو و خواروو)، مۆسکۆ، 1978.

11- لیستی سەرچاوەکان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا نە فەرهەنگی بۆ زاراوەکان دروستکردووە و نە ناوی سەرچاوەکانی یاداشت کردووە.

## بەرهەمی شەشەم:

- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی سێیەم-ئاوەڵناو-بەغدا، 1991.

-خستنەڕووی بەرهەمی شەشەم:

ئەم کتێبە(149) لاپەڕەیە و لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

پێشەکی: (د. ئەوڕەحمان) لە (ل 3-20) باسی ئەو کێشە سەرەکیانەی کردووە، کە زانستی وشەسازی ساغیان دەکاتەوە.

1- لە (ل21-58) کورتە هەڵسەنگاندنێکی بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی(ئاوەڵناو)دا کراون ئەنجامداوە.

2- لێکۆڵینەوەکانی(د.ئەوڕەحمان) لە بارەی (ئاوەڵناو)ەوە ئەم باسانەی گرتۆتەخۆ:

- ئاوەڵ ناو: لە (ل58-75) دوای پێنا سەکردنی ئاوەڵ ناو، لەڕووی وشە سازی و ڕستەسازی و واتاوە ،جیاوازی نێوان ناو و ئاوەڵناوی دەستنیشانکردووە. لە ڕووی واتا شەوە ئاوەڵناوی بەسەر ئاوەڵناوی: ( چۆنیەتی، نسبی، ناد یار) دابەشکردووە و بەجیا خاسیەت و تایبەتمەندی هەر یەکەیانی شیکردۆتەوە. پاشان لە ڕووی ڕۆنانەوە لە (ل76-92) باسی ڕێگاکانی داڕشتنی ئاوەڵناوی داڕێژراو و لێکدراوی کردووە.

سەبارەت بە پلەکانی (ئاوەڵناو)یش لە (ل 92-116) لە زمانی کورد یدا سێ پلەی بۆ ئاوەڵناو د یاریکردووە: ((1-پلەی چە سپیو. 2- پلەی بەراورد. 3- پلەی باڵا)). پاشان باسی ڕۆنانی پلەی بەراورد و باڵای بە ڕێگای مۆرفۆلۆجی و لێکسیکی کردووە. لە (ل 116-121) باسی ئاوەڵناوی کردووە، کە چۆن لە دۆخی ئیزافەدا وەکو دیارخەر و دیارخراو دەردەکەوێت.

لە کۆتاییشدا لە (ل 122-127) باسی حاڵەتی هاتنی زنجیرەیەك ئاوەڵناو بە دوای ناو، بوونی (ناوی کارا، ناوی بەرکار، جێناو، ژمارەی تەرتیبی، ناو) بە ئاوەڵناو، بوونی ئاوەڵناو بە (ناو، ئاوەڵکار)ی کردووە.

## - هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی شەشەم:

## 1- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوە کە وشە سازییە، نوو سەر لە ڕواز گەی زاز ستی وشە سازییەوە لە ڕۆ نان و وا تاو ڕ لەکانی ئاوەڵ ناوی کۆڵیوە تەوە، بەڵام جاری واش هەبووە سنووری لێکۆڵینەوە کەی بەزا ندووە، بۆ نموو نە لە (ل116-121) کە با سی ئاوەڵناوی کردووە لە دۆ خی ئیزا فەدا، سنووری وشە سازی بە زا ندووە و چۆتە ناو سنووری ڕستەسازییەوە.

## 2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د. ئەوڕەحمان) وەك هەموو کارە کانی پێ شووی(ل21-58)ی بەرهەمە کەی بۆ هەڵسەنگاندنی کۆ مەڵێك کاری پێش خۆی تەرخانکردووە، کە ژمارە یان دەگا تە(30) لێکۆڵی نەوە. نوو سەر لەم بە شەدا ج گە لە خ ستنەڕووی بۆ چوونەکانیان هەڵسەنگاندنی شی بۆ کردوون. بۆ نموو نە لە (ل 25) دە ڵێ: (تۆف یق وەه بی) لە کتێبی((دەستووری زمانی کوردی))[*]دا لە درو ست بوونی ئاوەڵناوی چۆنی لێکدراو دواوە و زۆر بەی شێوە پێکهات نە جۆر بە جۆرە کانی ئاوەڵ ناوی لێ کدراوی دەستنیشانکردووە. ئەگەرچی ئەم باسە لە سەر بنا غەی کەرە سەێکی دێرو بەرفراوانی زمانی کوردی بنیات نراوە و سەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو تێبینی هەیە، کە ناکرێ نەخرێتە بەرچاو:

أ- نوو سەر و شەکانی(ناڕێك، نا پاك...)ی بە ئاوەڵ ناوی لێ کدراو دا ناوە، بەڵام داڕێژراون.

ب- چەند شێوە پێکهاتنێکی دیار و ئاشکرای ئاوەڵناوی لێکدراو باس نەکراوە.

ئەم بەڵگا نەی سەرەوە ئەوە دە سەلمێنن، کە نوو سەر بە پێ چەوانەی بەرهەمە کەی پێشووی، لەم بەرهە مەدا سەرەتا لێکۆڵینەوە کەی بە پێدا چوونەوەی کارە کانی پێش خۆی دەستپێکردووە.

## 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

تای بەتێکی تری کارە کانی (د. ئەوڕەحمان) کۆکرد نەوەی نموونە یەکی زۆرە لە دەقە ئەدەبی و فۆلکلۆریەکانی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو. لەم بەرهەمە شدا هەمان دیاردە بەدی دەکرێ، بەڵام زۆر جاریش نووسەر خۆی نموو نەی داڕشتووە، بۆ

[*] تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا، 1929.

**نموونە لە (ل 98-102) لە ئاوەڵناوی پلەی بەراوردی کۆڵیوەتەوە و لەم بارەوە دەڵێ:**
**لە زمانی ئەدەبی کوردیدا بۆ ڕۆنانی فۆڕمی پلەی بەراورد دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە:**

**أ- ڕێ گەی مۆرفۆ لۆجی، ئەویش بە یار مەتی نی شانەی(تر)ە، کە دەخرێ تە سەر ئاوەڵناوی چەسپیو دروست دەکرێت. وەك:**

**وتی: ...ئەزانم کەوایە و بۆ ئێمە ئەمە چاکە و لەوە <u>چاکتر</u> و <u>باشتر</u> چارەیێك نییە.**
(لەخەوما ل61)

**ب -ڕێگەی لێکسیکی، ئەمەش بە یارمەتی وشەی وەك: (پتر، زیاتر...) ساز دەبێ. وەك:**

**پتر جوانە، زیاتر ئازایە...**

**(د. ئەوڕەحمان) لە کۆ تایی کارەکە شی لە (ل 137-139) لە ژ ێر ناونیشانی(نی شانەی نموو نەکان) ناوی ئەو(25) سەر چاوەی یادا شت کردوون، کە نموو نەکانی لێ وەرگر توون. سەر چاوەکان بریتین لە: د یوانی شاعیران، چیرۆك، بەرهەمە فۆلکلۆریەکان.**

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

**یەکێکی تر لەو بنەمایانەی کە (د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا زۆر گرنگی پێداوە و دوو پاتی لە سەر کردۆ تەوە، دەرخ ستنی وێک چوون و ج یاوازی ن ێوان هەردوو دیالێکتی خواروو و ژوورووە. لەم بارەوە لە (ل 69)ی بەرهەمەکەیدا نووسەر دەڵێ: لە زمانی کوردیدا دوو جۆر ئاوەڵناوی نادیار هەیە.**

**یەك: ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە، وەك: تر، کە، دی، دیکە، دن... پا شان دەربارەی ئاوەڵ ناوی ناد یاری(تر) دە ڵێ: ((ئاوەڵ ناوی (تر) تەنیا لە ناو چەی سلێمانی و کەمێ بەشە دیالێکتی خوارووا بەکاردێنرێ)) لە دواییدا لە (ل72-73) دەربارەی ئاوەڵناوی ناد یاری(دن)یش دە ڵێ: ((ئاوەڵ ناوی(دن) لە هە ندێ بە شە د یالێکتی ژوورووا و بە تایبەتی لە زمانی کوردەکانی سۆڤیەتیدا لە کارادایە. وەك:**

**پادشا گۆت: ... لێ تشتەکی دن قەومی، گۆنێ تە تونە، ئەز نکارم تە بکوژم...))**
(کوردۆ، ل40).

## 5- بەراوردکردنی هە ندێ حاڵاتی وشە سازی ز مانی کوردی لە گەڵ زما نانی تری هاوخێزانی:

**لەم بەرهە مەدا با سکردنی ئەم بنەما یە کەمتر بەدی دەکرێت، بە بەراورد لە گەڵ بەرهەمەکانی تری. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پەیوەست نەبوونی ن(د.ئەوڕەحمان) بە**

ڕێبازی د ێرین، له یەکێك لەو نموونا نه نوو سەر له پەراوێزی(ل74). نوو سیویەتی: وشەکانی (وا، ئاوا، وەها...)، که له زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردنن، له ز مانی ڕووو سیدا جێ ناون و له ز مانی ئینگلیزیشدا ئه گەر به وا تای (such)ب ێت ئاوەڵناوه، بەڵام که مانای(so،thus ) دەدات دەبێته ئاوەڵکار. ئەمەش ئەوه نیشاندەدا که ئەگەرچی ڕێزمانی گشتی هه یه، بەڵام هەر زما نەش خاوەنی ڕێزمان و تایبەتێتی خۆ یەتی. کەوا ته نوو سەر لەم خا ڵەدا ز یاتر دوورکەوتۆ تەوه له ڕێ بازی د ێرین به بەراوردکردنی لەگەڵ خاڵەکانی پێشوو.

## 6- لێکۆڵینەوه له لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا وەکو ڕێزماننووسانی دێرین، وێڕای لێکۆڵینەوه له باری ئێ ستای ز مانی کوردی ،گرنگی به لێکۆڵ ینەوه له مێژووی زمانەکەش داوه، به تای بەتی ب ەکانی ئاوەڵ ناوی له گەڵ ز مانی لا تینی و ئاڤێ ستا و فار سی ناوەڕا ست بەراوردکردووه. هەوڵی داوه له ڕێ گەی ده قه کۆنەکا نەوه نیشانەکانی بەراورد و فۆڕمەکانی ئاوەڵناوی نادیار... له زمانی کوردی ئیسپات بکات.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(شه شەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنیشانکراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابه ندبوونی (د. ئەوڕەحمان) به هەریەك له بنەماکان دیاریکراوه. له کۆتایی خشتەکەشدا به گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نوو سەر لەم بەرهه مەدا به ب نەماکانی ڕێبازی ڕۆ نانی د یاریکراوه، که ڕێژەکەی( کەم پابەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون به سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | ✓ | | |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دوورکەوتنەوه له نموو نه وەر گرتن له سەرچاوه کۆنەکان. | | ✓ | | |
| 4 | دوورکەوتنەوه له بەراوردی دیالێکتەکان. | | | | ✓ |
| 5 | دوورکەوتنەوه له بەراوردی زما نه | | ✓ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | هاوخێزانەکان. | | | | |
| 6 | پابە ندبوون بە لێکۆڵینەوە لە لا یەنی ئێ ستای زمان. | | | ✓ | |
| ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | کەم پابەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:

ئەم بایەخدانەش بە ئاشکرا لە لیستی سەرچاوەکان ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە کۆی ئەو(130)سەرچاوەی (د. ئەوڕەحمان) ناوی هێناون(39) یان ڕووسین. هەروەها زۆر جاریش لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانی ئا ماژەی بەوە کردووە، کە سوودی لە کارە کانی کوردنا سانی سۆڤیەتی بینیوە، بۆ نموو نە لە (ل 114-115) دە ڵێ: لە دیالێکتی ژووروودا ژمارەیێك ئاوەڵناو هە یە لە کاتی دوو پات کرد نەوەدا بە شی دووەم پا شگری(ی، کی، ۆ کی) وەردە گرن. ئەو دوو پات کردنەوە یەی بە یار یدەی ئەو پا شگرانە سازدەبن لە ڕووی وا تاوە هیچ جیاوازی یان نی یە. تێکڕا یان پ لەی بەرزی چۆنیەتی ڕادەگەیەنن. وەك:

سۆر  سۆری

سۆر  سۆرکی...

پاشان لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە قەناتی کوردۆ لە ساڵی (1978) لە کتێبی ((دەستوری زمانی کوردی بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو و خواروو)) با سی ئەو دیاردا نەی کردووە و م نیش کەڵکی زۆرم لە کارە کەی ئەو وەرگرتووە.

## 9- ڕێبازی وەرگرتن:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمە شدا بە دەگ مەن دە قی وەرگر تووە، بەڵکو ز یاتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سوودی لە بۆ چوونەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، بۆ نموو نە لە (ل 88) کە باسی لە یەکێك لە ڕێگاکانی داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراوی کردووە:

ئاوەڵناو + ڕەگی کار ، وەك :

دوور + بین = دووربین...

دوا تر لە پەراوێزدا نوو سیویەتی: کەریمی ئەیووبی و ئی.ئا.سمیرنۆ ڤا لە کتێ بی ((دیالێکتی کوردی موکری)) ناوی ئەم پێکهاتەیان هێناوە.

## 10- نووسینی پەراوێز:

لەم بەرهەمەشدا (د.ئەورەحمان) گرنگیەکی تەواوی بە نووسینی پەراوێز داوە و بە پ ێی یەك ز نجیرەی ژ مارەیی لە پاڵ ڕیزکرد نی سەر چاوەی زۆر، چەندان ڕوونکردنەوەی بە کەڵکیشی لە پەراوێزەکا ندا تۆمارکردووە، کە ژمارە یان گەیشتۆتە (114) سەرچاوە و ڕوونکرد نەوە، بۆ نموو نە لە (ل 86) لە ڕوونکردنەوە یەکی کورت نوو سیویەتی: بۆ ڕۆ نانی ئاوەڵ ناوی داڕ ێژراو پێ شگر دە چێتە سەر(ناو، ئاوەڵ ناو، کار)ی سادە، بەڵام ناچێتە سەر ئاوەڵکار.

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

لەم بەرهە مەدا (د. ئەورەحمان) با سی ئەو زاراوە زمانەوانییا نەی نەکردووە، کە لەم بەرهەمەدا بەکاری هێناون. سەبارەت بە سەرچاوەی زاراوە کانیش، نوو سەر هەمان ئەو زاراوانەی بەکارهێناوە، کە پێشتر ڕێزماننوو سانی کورد بەکاریان هێناون، وەك: (ئاوەڵناوی چۆنیەتی، پلەکانی ئاوەڵناو، دیارخەر، پلەی باڵا و بەراورد...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

(د.ئەورەحمان) لە (ل 140-147)ی بەرهەمەکەی جگە لەو سەر چاوانەی کەڵکی لیٚ وەرگر توون، ناوی ئەو سەرچاوانە شی یادا شت کردووە، کە پەیوە ندییان بە با سەکەیەوە هەبووە، کە ژمارە یان (130) سەر چاوەیە و (56) یان کوردی و (7) یان فارسی و (10)یان عەرەبی و (39)یان ڕووسی و(17)شیان بە زما نە ڕۆژئاوایيەکانن و بە پ ێی ئەلفوبێی ناوی نوو سەرەکانیان ڕیزکراون. هۆکاری یادا شت کرد نی ناوی هەندیٚ لەو سەرچاوە کوردییانەش کە زۆر سادەن لە چاو کارەکانی نوو سەر، بۆ ئەوە دەگرێتەوە ناوبراو لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانیدا بەسەر هەموو کارەکانی پێشە خۆ یدا چۆتەوە، کە دەر بارەی با سەکەی ئەنجا مدراون، بۆ یە نا چار بووە لە لی ستی سەرچاوەکاندا ناوەکانیان یاداشت بکات.

# بەرهەمی حەوتەم:

- بنەما سەرەکییەکانی زمان، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد)، ب23-24، بەغدا، 1992، ل78-91.

-خستنەڕووی بەرهەمی حەوتەم :

ئەم و تارە(14) لاپەرە یە. (د. ئەورەحمان) لە (ل79) دوو بە نەمای سەرەکی لە زماندا جیاکردۆتەوە: (وشەکانی زمان، پێکهاتنی ڕێزمانی). وشەکانی زمان لە بەشی

لێکسیکۆلۆجییەوە لێیان دەکۆڵرێتەوە. پێکهاتنی ڕێزمانیش هەموو ئەو خاسیەت و تایبەتییانە کۆدەکاتەوە، کە لە کۆمەڵێ وشەدا وەك یەکن و بەریەك یا سا دەکەون، لە (ل 80)ش ڕێز مانی بە سەر دوو بە شی سەرەکی(وشە سازی، ڕستە سازی) دابەشکردووە، وشەسازی لە وشە دەکۆڵێتەوە و ماکەکانی وشە شیدەکاتەوە، هەرچی بابەتی ڕستەسازیشە لێدوانە لە ڕستە و ماکەکانی ڕستە.

دواتر لە (ل 82) دەڵێ: ((لە وشەسازیدا حالآتی ڕێزمانی لە پلەی یەکەمدا دێ)). پاشان لە (ل83) نووسیویەتی: پەیوەندی نێوان واتای ڕێزمانی و کەرەسەی ڕێزمانی لە زانستی زماندا بە(حالآتی ڕێزمانی) ناسراوە، نموونەی حالآتی ڕێزمانی لە زمانی کورد یدا: ژ مارە، دۆخ، نا سراوی و نەنا سراوی، کات، کەس...دەگرێ تەوە، هەر یەك لەما نە خاوەنی واتای ڕێزمانی خۆی و کەرەسەی دەربڕینی ڕێزمانی خۆیەتی. لە (ل 85) دەڵێ: ((کەرەسەی دەرەکی دەربڕینی حالآتی ڕێزمانی لە زمانی جیاوازدا وەك یەك نین و جیاوازن. ئەمەش: گیرەك( ئافێکس)، بە یەکتر گۆڕینەوەی دەنگ، هێز، تەرتیبی وشە، ئاواز دەگرێتەوە)). هەر لەم بارەوە لە (ل 86–87) باسی هێز و گیرەك و ئاوازە...ی کردووە، کە چۆن لە زمانی کوردی واتای ڕێزمانی دەردەبڕن.

هەروەها نووسەر لە (ل87–88) دەڵێ: یەکێ لە ئەرکەکانی وشەسازی، ئەوەیە لە پێک هاتنی وشە دەکۆڵێتەوە. وشە وەك واتای ماکی ئاخاوتن کە یاریدەی واتای تێگەیشتن دەدا. وشە لە ڕووی واتاوە دانەیێکی سادە نییە. وەك لە لێکدانەوەی حالآتی ڕێز مانی دەر کەوت، گەلێ جار چەند واتایێکی ڕێز مانی هە یە. لە ڕووی ئەم پەیوەندییەوە، گەلێ وشە دا بەش دە بن بە سەر پارچەی واتاداردا، بۆ نموونە لە وشەی(کارگەکان)دا پارچەی(کار) واتای ئیش دەدات، پارچەی (–گە) شوێن و جێگە نیشانددەدا، پارچەی(–ەکە) نا سراوی دەردەبڕێ، پارچەی(–ان)یش کۆ ڕادەگەیەنێ.

ئەم پارچانەی وشە، کەوا هەڵگری واتای لێکسیکی و ڕێزمانین، پێ یان دەوترێ(مۆرفیم)، مۆرفیمیش وەك وشە، لە سەرێکەوە خاوەنی واتایە و لە سەرێکی دییەوە دەنگ و بریتییە لە ((بچووکترین دانەی واتاداری زمان)). هەر لەم بارەوە لە (ل 88) نووسیویەتی: ((مۆرفیم لە ئاخاوتندا بە جیا بەکارنایەت و تەنیا لە وشەدا دەبینرێ و وشەش دابەش دەبێ بەسەر مۆرفیمدا)).

لە بڕگەی دووەمی وتارەکەدا لە (ل 88–90) باسی گرنگی شێوازی بەراوردکاری مێژوویی کردووە لە لێکۆڵینەوەی زماندا لە ڕووی قاڵبی وشە و یاساکانی دەنگسازی و حالآتی ڕێزمانی و وشەڕۆناندا.

– هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی حەوتەم:

1– سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە بواری وشەسازیی و ڕستەسازی دەگرێتەوە. (د.ئەوڕەحمان) بەشێکی فراوانی وتارەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەرکەکانی وشەسازی تەرخانکردووە، لە بەشێکی کەمیشدا لە ئەرکی ڕستەسازی و پەیوەندی نێوان ڕستەسازی و وشەسازی دواوە. لە کۆتایشدا باسی شێوازی بەراوردکاری مێژوویی لە نێوان زمانانی هاوخێزاندا کردووە . بەمەش سنووری لێکۆڵینەوەکەی بەزاندووە.

2– پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا نە بە ناوهێنان و نە بە خستنەڕوو و هەڵسەنگاندن، هیچ ئاماژەیێکی بەکارەکانی پێش خۆی نەکردووە.

3– کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

لە بەر ئەوەی (د. ئەوڕەحمان) لە بڕگەی یە کەمی وتارەکە یدا پەیڕەوی ڕێ بازی ڕۆنانی کردووە، کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەی لە دەقە کۆنەکان وەرنەگرتووە، بەڵکو خۆی نموو نەکانی داڕ شتووە. بۆ نموو نە لە (ل 86–87) دە ڵێ:( ئاوازە )ش دەتوا نێ وە سیلەی دەر بڕینی وا تای ڕێز مانی ب ێت. بۆ نموو نە ( شیرین گەڕا یەوە) و ( شیرین گەڕایەوە؟)، ڕاگەیاندنی هەواڵی گەڕانەوەی شیرین و پرسیارکردنی گەڕا نەوەی شیرین پێکەوە بە یەك ڕێژەی کار دەردەبڕرێ، کە ئەویش (گەڕایەوە)یە.

4– بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا تەنیا یەك جار ئا ماژەی بەو لایە نە کردووە. ئە مەش بۆ ئەوە دەگەڕێ تەوە کە نوو سەر لەم و تارەدا پابە ند نەبووە بە ب نەماکانی ڕێ بازە دێرینەکە، بۆ نموونە لە (ل 85) دەڵێ: حاڵەتی ڕێزمانی بە پ ێی مێژووی پێشکەوتنی ز مان دە شێ گۆڕانی بە سەرابێت. بۆ نموو نە لە د یالێکتی ژوورووداڕە گەزەکانی ناو دەستورێکی ڕێکوپێکیان ڕەچاوکردووە. لە دۆ خی تیا ند ڕە گەزی مێ نیشانەی(ێ) و ڕە گەزی ن ێر نیشانەی(ی) وەردە گرێ. لە بە شە د یالێکتی موکری و هە ندێ ناو چەی سۆران و کەمێك لە دەوروپشتی سلێمانیشدا هەرچەندە ڕەگەزەکانی ناو وەك دیالێکتی ژووروو ڕێکوپێك خۆیان نانوێنن، بەڵام تاڕادە یێك دە ستوری خۆ یان پارا ستووە. ناوی مێ نی شانەی (ێ)و ناوی ن ێر نی شانەی(ی) وەردە گرێ. کە چی لە ز مانی ئەدەبی و ئاخاوتنی سلێمانی و هەندێ ناوچەی تردا نیشانەی نێر و مێ لە چەند حا ڵەتێکی زۆر کەم نەبێ نەماوە.

## 5- بەراوردکردنی هەندێ حاڵەتی وشەسازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:

(د.ئەوڕەحمان) لە بڕگەی یەکەمی وتارەکەی گرنگی بەم بوارە نەداوە ، بەڵام لە دوا بڕگەی وتارەکەیدا کە باسی گرنگی لێکۆڵینەوەی بەراوردی مێژوویی لە زماندا کردووە و گەڕاوەتەوە سەر ڕێبازە دێرینەکە و بایەخی بەم جۆرە بەراوردکردنە داوە. بۆ نموونە لە (ل90) دەڵێ: لە مەسەلەی وشەڕۆناندا وێکچوونی گەلێ پێشگر و پاشگر بەڵگەی هاوڕەگەزێتین. بۆ نموونە پاشگری(-دان، -کەر...) بەهەمان شێوە لە فارسی ناوەڕاستدا دەبینرێ. پاشگری (-وان/ەوان، -گا/گە...)ی کوردی لە فارسی ناوەڕستدا لە شێوەی نزیکی(پان، گاس...)دا هەیە.

## 6- لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم وتارەدا وەکو ڕۆنانکارەکان بە زۆری لە باری ئێستای زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە، تەنیا لە لا پەڕەی کۆتایی وتارەکەیدا نەبێ بە کورتی چەند بەراوردێکی مێژوویی لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی هاوخێزانیدا لە ڕووی دەنگەکانی زمان، ڕەگی کار، پاشگر و پێشگر، نیشانەی نێر و مێ... ئەنجامداوە.

## 7- ئەنجام:

دوای هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(حەو تەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنیشانکراو، لەم خشتەی خوارەوەدا ڕێژەی پابەندبوونی (د. ئەوڕەحمان) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر لەم بەرهەمەدا بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆنانی دیاریکراوە، کە ڕێژەکەی(مام ناوەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | ✓ | | |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | | | | ✓ |
| 3 | ڕێژەی دوورکەوتنەوە لە نموونە وەرگرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | ✓ | | | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | ✓ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | دوورکەوەتـ ـنەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەکان. | | ✓ | | |
| 6 | پابە ندبوون بە لێکۆڵیـ نەوە لە لا یەنی ئێ ستای زمان. | | ✓ | | |
| ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | مام ناوەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:

لەبەر ئەوەی (د.ئەوڕەحمان) کاریگەریی زما نەوانیی ڕووسی لەسەر بووە، بۆیە ئەم جۆرە بایەخ پێدا نە لە پەراوێزەکا ندا بە ئا شکرا هەستی پێدەکرێت ، چونکە ئەو سەر چاوانەی نوو سەر ئا ماژەی پێ کردوون هەموویان ڕوو سین، کەوا تە سەر چاوەی بـ ـنەڕەتی لێکۆڵینەوە کەی بۆ چوونی زما نەوان و کوردنا سانی سۆڤیەتی بوو نە. بۆ نموو نە لە یەکێك لەو بۆ چوونانەی لە زمانەوا نە ڕوو سەکانی وەرگرتووە، لە (ل 83) دە لێ: پەیوە ندی ن ێوان وا تای ڕێز مانی و کەرە سەی ڕێز مانی لە زاز ستی زما ندا بە(حاڵاتی ڕێزمانی) ناسراوە، پاشان لە پەراوێزدا ئاماژەی بە سەرچاوەکە کردووە[ت].

## 9- ڕێبازی وەرگرتن:

لە نوو سینی ئەم و تارەدا (د. ئەوڕەحمان) زۆر کەم بە شێوەی ڕا ستەوخۆ دە قی وەرگرتوو، بەڵکو زیاتر بە شێوەی ناڕا ستەوخۆ سوودی لە بۆ چوونەکانی پێش خۆی وەرگر تووە و زۆر بەی جاریش پەرەی بە بۆ چوونەکان داوە. بۆ نموو نە لە (ل 83) سوودی لە بۆچوونێکی (ئا.ئی.سامیر نیتسکی) وەرگرتووە، کە گوتوویەتی: تایبەتێتی وا تای ڕێز مانی ئەوە یە، کە بە کەرە سەی د یوی دەرەوەی ز مان دەردە بڕێ. دوا تر نوو سەر بۆ چوونەکەی ز یاتر ڕوونکردۆ تەوە و دە لێ: ((کەرە سەی ئەم حاڵە تە هە ندێ پار چەی و شەیە، وەك کۆ تایی. ئە مەش بە ئا سانی لە بەراوردکردنی: باخ-با خان، دەڕوا-دەڕۆن....دا دەبینرێ)). ئەمەش ئەوە دەردە خات کەوا نوو سەر هەر مەبە ستی کۆکردنەوەی زانیاری نەبووە لە کارەکانی پێش خۆی، بەڵکو لە زۆر شوێن لێکدا نەوەی خۆشی هەبووە.

## 10- نووسینی پەراوێز:

---

[ت] ئا.س.چیکۆ باڤا، سەرەتایێکی زماننا سی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، مۆسکۆ، 1953.

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمە شدا وە كو گ شت بەرهە مەكانی تری گرنگی بە بەكارهێنانی پەراوێز داوە، بەڵام جیاوازی ئەم بەرهە مە لەوە دا یە، كە نوو سەر لە پەراوێزەكاندا تەنیا ناوی سەرچاوەكانی نووسیوە و دوای تەواوبوونی لێكۆڵینەوەكە بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی (27) پەراوێزی بەدوای یەكتریدا ڕیزكردووە.

## 11- فەرهەنگی زاراوەكان:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا فەر هەنگی بۆ ئەو زاراوە زمانەوانییا نە درو ست نەكردووە، كە لەم لێكۆڵینەوەدا بەكاری هێناون . ئەو زاراوانەی بەكاریشی هێناون لەو سەردەمەدا باو بوونە و لە لایەن ڕێزماننووسانی ترەوە بەكارهاتوون وەك: هێز، گیرەك، ئاوازە، مۆرفیم... هتد.

## 12- لیستی سەرچاوەكان:

(د.ئەوڕەحمان) لە وتارەكانیدا بە پێچەوانەی كتێبەكانی ناوی ئەو سەرچاوانەی یادا شت نەكردووە، كە بەكاری هێناون یان پەیوە ندیان بە ناوەڕۆكی با سەكەیەوە هەبووە. تەنیا لە پەراوێزەكاندا ئاماژەی بە ناوی سەرچاوەكان كردووە.

## بەرهەمی هەشتەم(أ):

-ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم، وشە سازی، بە شی چوارەم(ژمارە و ئاوەڵكردار)، بەغدا، 1998.

-خستنەڕووی بەرهەمی هەشتەم :

ئەم كتێبە(189) لاپەڕەیە و لە پێشەكی و چوار بەشی سەرەكی پێكهاتووە:

پیشەكی: (د.ئەوڕەحمان) لە (ل 3-23) لە بنەماكانی زمانی كۆڵیوەتەوە، كە بریتینە لە: (وشەكانی زمان، پێك هاتنی ڕێزمانی). پا شان ڕێزمانی بەسەر(وشە سازی) و(ڕستە سازی)دا دابەش كردووە و لە ئەرك و پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئاستەی كۆڵیوەتەوە.

1- لە (ل27-53) كورتە هەڵسەنگاندنێكی بۆ ئەو لێكۆڵینەوانەی لە بارەی(ژمارە)وە نووسراون ئەنجامداوە.

2- لێكۆڵینەوەكانی (د.ئەوڕەحمان) لە بارەی (ژمارە)وە، ئەم باسانەی گرتۆتەخۆ:

سەرەتا لە (ل54–62) باسی ژمارەی کردووە، لە ڕووی تایبەتێتی واتا و چۆنیەتی بەکارهێنانەوە. دەربارەی جۆرەکانی ژمارەش لە (ل62–86) سێ جۆر ژمارەی لە زمانی کوردیدا دیاریکردووە:

((1– ژمارەی بنجی. 2– ژمارەی ڕیزبەندی. 3– ژمارەی کەرتی))و پاشان بەجیا لە پێکهاتن و تایبەتێتی هەریەکەیانی کۆڵیوەتەوە. لە (ل86–107) لە ڕووی ڕۆنانەوە ناوی ژمارەی بە سەر سێ جۆردابەشکردووە:((1– سادە. 2– ناسادە. 3– پێکەوەبەستراو))، (ناسادە)کەشی بە سەر (داڕێژراو)و (لێکدراو) دابەشکردووە. لە کۆتایی کارەکەشی لە (ل108–116) لە ژمارەی(دابەش)و ژمارەی( چەندێتی نادیار)دواوە.

3– لە (ل119–132) کورتە هەڵسەنگاندنێکی بۆ ئەو کارانەی دەربارەی(ئاوەڵکار) نووسراون ئەنجامداوە.

4– لێکۆڵینەوەکانی(د.ئەورەحمان) لە بارەی(ئاوەڵکار)ەوە ئەم باسانەی گرتۆتەخۆ:

سەرەتا لە (ل135–152) لە ڕووی واتاوە (ئاوەڵکار)ی کە ئەو(ئاوەڵکردار)ی بۆ بەکارهێناوە، بەسەر دوو دەستەی سەرەکی دابەشکردووە و ئەوانیشی بەسەر چەند جۆرێك دابەشکردووە:

یەکەم– ئاوەڵکاری دیارخەری: 1– چۆنیەتی. 2– چەندێتی. 3– شێوە.

دووەم– ئاوەڵکاری بارودۆخ: 1– کات 2– شوێن 3– هۆ و مەبەست 4– تەئکید 5– دووبارەکردنەوە 6– نەفی

لە ڕووی ڕۆنانەوە لە (ل152–164) سێ جۆر ئاوەڵکاری جیاکردۆتەوە : (( 1– سادە 2– ناسادە. 3– دەستەواژەیی))، (ناسادە)کەشی بە سەر (داڕێژراو)و (لێکدراو) دابەشکردووە. هەروەها لە (ل165–167) بە پێی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەی لە نێوان ئاوەڵکار و بەشەکانی تری ئاخاوتندا هەیە، پێنج جۆر ئاوەڵکاری واتایی–وشەسازی جیاکردۆتەوە:

1– ئاوەڵکاری ناوی. 2– ئاوەڵکاری ئاوەڵناوی. 3– ئاوەڵکاری ژمارەیی.

4– ئاوەڵکاری کاری. 5– ئاوەڵکاری جێناوی.

لە دوا لاپەڕەشدا باسی بوونی ئاوەڵکار بە بەشە ئاخاوتنی دی کردووە.

**ا– هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی هەشتەم:**

لەبەر ئەوەی ئەم بەرهەمە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە(ژمارە)و (ئاوەڵکار)، بۆیە ئێمە هەریەك لەم بابەتانە بە جیا هەڵدەسەنگێنین. سەرەتا چەند لایەنێکی بەشی(ژمارە) هەڵدەسەنگێنین:

## 1- سنورری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوە کە وشە سازییە. (د.ئەوڕەحمان) لە چوار چێوەی زاذ ستی وشە سازییەوە لە جۆر و ڕۆ نان و تایبەتێتی(ژمارە)ی وە کو بە شێکی سەربەخۆی ئاخاوتن کۆڵیوەتەوە. هەندێ جاریش سنووری لێکۆڵینەوەکەی بەزاندووە، بە تایبەتی لە (ل60-66) کا تێ با سی تایبەتێتی ژمارەی کردووە لە ڕستەدا چۆتە ناو بواری ڕستەسازییەوە.

## 2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د.ئەوڕەحمان) (ل27-53)ی بەرهەمەکەی بۆ پێداچوونەوە و دەرخستنی کەم و کوڕی و لایەنە باشەکانی(20)کاری پێشە خۆی تەرخان کردووە. بۆ نموونە لە (ل 36) دەڵێ: ((ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لە کتێبی ((ڕێزمانی کوردی))(*)دا چوار جۆر ژ مارە: (1-ژ مارەی بنجی، 2-ژ مارەیی پلەیی، 3- ژ مارەیی کەرتی، 4- ژ مارەی دابەش)ی جیاکردۆتەوە و ژمارەیی پلەیی بە ئاوەڵناو داناوە و سێ جۆرەکەی دیش بە ناو. ئەم نووسەرەش بە هەڵە چووە، کە وەك مامۆستایان: سەعید سدقی کابان و نوری عەلی ئەمین، وشەکانی (یەك یەك، دوو دوو...)ی بە جۆرێك لە ژمارە داناوە)). واتە نووسەر بەتەواوی بەم بنەمایە پابەند بووە و بەشێکی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی تایبەت کردووە بۆ خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوو.

## 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا بە پێچەوانەی زۆربەی کارەکانی تری، کەرەسەی خاوی لێکۆڵینەوەکەی لە زمانی ئاخاوتن وەرگرتووە. ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە نموونە لەسەر ژمارە لە زمانی ئەدەب و فۆلکلۆر بەدەگمەن دەست بکەوێ، بۆیە نووسەر خۆی نموونەکانی داڕشتووە، بۆ نموونە لە (ل 88) سەبارت بە ژمارەی(پلەیی) نووسیویەتی: ((ژمارەی پلەیی بەو شانە دەوترێ، کە لە ژماردندا ڕیزی شتی هاوڕەگەز ڕادەگەیەنن، وەك: پرسیاری یەکەم، کتێبی دووەم...)). لەبەر ئەوەی نووسەر لەم بەرهەمەدا نموونەکانی لە دەقە کۆنەکان وەرنەگرتووە، لە کۆتایی بەرهەمەکەدا ئاماژەی بە سەرچاوەی نموونەکان نەکردووە.

## 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:

لەم بەرهەمەدا ئەم جۆرە بەراوردکردنە زۆر بەفراوانی بەرچاو دەکەوێ، ئەمەش پەیوەست بوونی (د. ئەوڕەحمان) بە بنەماکانی ڕێبازی دێرین دەردەخات ، بۆ

---

(*) أحمد حسن أحمد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1976.

نموو نه له (ل 92 –97 ) نوو سەر دە لێ: له ز مانی کورد یدا ژ مارەی پ لەیی بەم ڕێگایانەی خوارەوە پەیدا دەبێ:

یەك– بە یاریدەی نیشانەی(–ەم)، کە دەخرێتە سەر ژمارەی بنچی، وەك:

یەك + ەم = یەکەم.

دوو– بە یاریدەی نیشانەی(–ەمین)، کە ئیزافەی سەر ژمارەی بنچی دەکرێت، وەك:

یەك + ەمین = یەکەمین.

سێ– له ئەدەبیاتی کلا سیکی کر مانجی ژووروو و هه ندێ به شه دیالێکت یەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا بە یاریدەی نیشانەی(–وم) ژمارەیی پلەیی پێکدێ، وەك:

یەکوم، چاروم...

هەروەها له (ل98–100) دە لێ: و یڕای ئەو نیشانانە، له د یالێکتی ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیدا بۆ سازکردنی ژمارەیی پلەیی کەرە سەی تریش بەکاردەهێنرێ، وەك نیشانەی: (–اتی، –ێ، –ان...).

## 5– بەراوردکردنی هه ندێ حاڵاتی وشه سازی ز مانی کوردی لە گەڵ زما نانی تری هاوخێزانی :

لەم بەرهه مەدا زۆر گرنگی بە بەراوردکردنی ژ مارە لە نێوان ز مانی کوردی و زما نانی تر دراوە، بۆ نموو نه له (ل84) (د. ئەوڕەحمان)دەڵێ: ((ژ مارەی ( سەد)ی کوردی له زمانی ئاوێستادا (ستەتەم)ە، له ز مانی هیندی کۆندا (چەتەم)ە، له ز مانی لاتینیدا (سەنتوم)ە، لە ز مانی فەڕەنسیدا (سەنت)ە، له ز مانی ڕووسیدا (ستۆ)یە، له زمانی هیندی (سو)ە، له زمانی فارسی ناوەڕاستدا (سەتا)یە، له ز مانی فارسی نوێدا (صەد)ە، لە ز مانی بلووجیدا (سەد)ە...)). نووسەر لەم خاڵەدا وە کو دێرینەکان زۆر گرنگی بەم بنەمایە داوە.

## 6– لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:

(د. ئەوڕەحمان) لەم بەرهه مەدا و یڕای ئەوەی لە باری ئێ ستای ز مانی کوردی کۆڵیوەتەوە، له هەمان کاتیشدا وەکو ڕێزماننووسە دێرینەکان بەراوردێکی مێژوویی لە بارەی (ژمارە) لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی تری وەك لاتینی، هیندی، ئاڤێستا، فارسی کۆن و ناوەڕاست و نوێ...دا کردووە.

## 7– ئەنجام:

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(هه شتەم–أ) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنی شانکراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابە ندبوونی (د.ئەوڕەحمان) بە

هەریەك لە بنەماكان دیاریكراوە. لە كۆتایی خشتەكەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نوو سەر لەم بەرهە مەدا بە بنەماكانی ڕێبازی ڕۆ نانی د یاریكراوە، كە ڕێژەكەی( كەم پابەندە.

| ژ | بنەماكان | زۆر | مام ناوەندە | كەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێكۆڵینەوەكە. | | | | ✓ |
| 2 | پێداچوونەوەی كارەكانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دووركەوت نەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە كۆنەكان. | ✓ | | | |
| 4 | دووركەوتنەوە لە بەراوردی دیالێكتەكان. | | | | ✓ |
| 5 | دووركەوەت نەوە لە بەراوردی زما نە هاوخێزانەكان. | | | | ✓ |
| 6 | پابە ندبوون بە لێكۆڵی نەوە لە لا یەنی ئێ ستای زمان. | | | ✓ | |
| ڕێژەی كۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | كەم پابەندە | | | |

## 8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و كوردناسانی سۆڤیەتی:

ئەم بایەخ پێدانە لە لایەكەوە لە لیستی سەرچاوەكان ڕەنگی داوە تەوە، چونكە لە كۆی(94)سەرچاوە (38)یان ڕووسین. لە لایێكی تریشەوە لە ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوە كەدا ڕەن گی داوە تەوە، چونكە(د.ئەوڕەحمان) لە زۆر شوێن ئا ماژەی بە بۆ چوونەكانیان كردووە. جاری واش هەبووە ڕەخ نەی لە بۆ چوونەكانیان گر تووە، بۆ نموو نە لە پەراوێزی(ل87)نوو سیویەتی: هە ندێ لە نوو سەرانی ڕێز مانی كوردی ژ مارەی دەیانی(حەفتا، هەشتا...)یان بە سادە داناوە[1]. بەڵام بەڵگەی مێژوویی وا ڕادەگە یەنێ (حەفتا، هەشتا...) بە یاریدەی (-ات)ی ئێرانی سازبوون و لە كورد یدا (ت) تێدا چووە و(ا)ماوەتەوە.

## 9- نووسینی پەراوێز:

---

[1] بڕوانە: د.زارێ یوسف، دیالێكتی زمانی كوردی، مۆسكۆ، 1985، ل65.

نوو سینی پەراوێز لای (د. ئەوڕەحمان)گرنگی تای بەتی خۆی هە یە. لەم بەرهەمە شدا لە پاڵ نوو سینی ناوی ئەو سەر چاوانەی بەکاری هێ ناون، ژمارە یەك ڕوونکردنەوەی پێویستی لە پەراوێزەکاندا نووسیوە و بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی تا کۆتایی کارەکەی(78) سەرچاوە و ڕوونکردنەوەی لە دوای یەکتریدا ڕیزکردووە. لە یەکێك لە ڕوونکرد نەوەکانی لە (ل 63) دەر بارەی کۆی ژ مارە نوو سیویەتی: ژمارەی(دوو، سێ) تەنیا ئەو کاتە دەتوانن نیشانەی کۆ(ان) وەربگرن، کە ناوەکە لابرێ و جێی بگرنەوە، وەك:

دوو پیاو هاتن ← دوان هاتن.

## 10- ڕێبازی وەرگرتن:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا ز یاتر بە شێوەی ناڕا ستەوخۆ سوودی لەو سەر چاوانە وەرگر تووە، کە لە پەراوێزەکا ندا ئا ماژەی پێ کردوون. بەڵام هە ندێ جاریش دەق وەر گرتن بە شێوەی ڕا ستەوخۆ بەدی دە کرێ، بۆ نموو نە لە (ل60) دەر بارەی چەمکی ژ مارە بۆ چوونێکی(ف.ئینگیلس)ی وەرگر تووە، کە گوتوو یەتی (( مەفهوومی ژ مارە و تە نەکان لە شوێنێکی ناد یارەوە وەر نەگیراوە. بەڵکو لەواقیعی دەوروبەرەوە هاتووە)).

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

نووسەر فەرهەنگی بۆ ئەو زاراوانە دروست نەکردووە ،کە لەم بەرهە مەدا بەکاری هێناون. سەبارەت بە سەرچاوەی زاراوە کانیش بەشێك لە زاراوە کان پێشتر لە لا یەن ڕێزماننوو سانەوە بەکارهاتوون، وەك: (ژ مارەی بنـ جی، ژ مارەی کەرتی، ژ مارەی لێکدراو...) بەشێکیش لە زاراوەکان نووسەر خۆی دایڕشتوون، وەك: (ژمارەی پێکەوە بەستراو، ژمارەی چەندێتی نادیار...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

(د.ئەوڕەحمان) لە (ل180-186) ناوی ئەو سەر چاوانەی نوو سیوە، کە لە لێکۆڵینـەوەی (ژ مارە) و (ئاوەڵـ کار) سوودی لێ وەرگر توون، یاخود پەیوە ندیان بە باسەکەی هەبووە، کە ژمارە یان (94) سەرچاوەیە و (33)یان بە کوردی و (5)یان بە فار سی و (9) یان بە عەرەبی و (39) یان بە ڕوو سی و (8)ی شیان بە زما نە ڕۆژئاواییەکانن. سەرچاوەکانیشی بە پێی ئەلفوبێی ناوی نووسەرەکانیان ڕیزکردووە.

## ب- هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەشی(ئاوەڵکردار) لە بەرهەمی هەشتەم:

### 1- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە وشەسازییە، هەرچەندە (د. ئەورەحمان) لە چوارچێوەی زانستی وشەسازیدا لە ڕۆنان و جۆرەکانی ئاوەڵکاری لە ڕووی واتاوە کۆڵیوەتەوە. کەچی پابەند نەبووە بە سنووری باسەکەیەوە ، بە تایبەتی لە (ل133-152) کاتێ باسی ئاوەڵکاری کردووە لە ڕووی ڕستەسازی و لەڕووی واتاوە، چۆتە ناو بواری ڕستەسازییەوە.

### 2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د. ئەورەحمان)وەکو هەموو کارەکانی تری(ل119-132)ی بەرهەمەکەی بۆ پێدا چوونەوەی (15) کاری پێش خۆی تەرخان کردووە. لەم بەشەدا سەرباری خستنەڕووی بۆچوونەکان، هەڵسەنگاندنیشی بۆ کردوون، بۆ نموونە لە (ل 123-124) دەڵێ: محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی ((سەرتاییێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی))(*) لە دوو ڕووی گرنگی ئاوەڵکار دواوە: ((پێنا سەی ئاوەڵکار و جۆرەکانی ئاوڵکار لە ڕووی ڕۆنانەوە)). ناتەواوی دیاری پێنا سەکەی لەوە دایە، کە وای داناوە ئاوەڵکار تەنیا ((تاریفی فرمان یاخود ئاوەڵناو دەکەن))، بەڵام وەك دەزانین ئاوەڵکار وێڕای نیشاندانی خاسیەتی کار و ئاوەڵناو خاسیەتی ئاوەڵکاریش دیاری دەکا، واتە مانای ئاوەڵکارێکی تر تەواو دەکا. ئەم ڕاستیانەی سەرەوە جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنن، کە وا نووسەر لەم بەرهەمەشدا گرنگی زۆری بە پێدا چوونەوەی کارەکانی پێش خۆی داوە.

### 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا وەکو ڕێزماننووسانی دێرین بۆ سەلماندنی بیروڕاکانی نموونەی لە دەقە ئەدەبی و فۆلکلۆریەکانی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو وەرگرتووە، بۆ نموونە لە (ل 150) دەربارەی (ئاوەڵکاری نەفی) نووسیویەتی:
ئەم جۆرە ئاوەڵکارانە نەفی کار ڕادەگەیەنن. وەك: هەرگیز، بە هیچ جۆرێ، بەهیچ شێوەیەك...

بۆ نموونە: بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بــێ ڕووناکییە بــێ بزەی ئازیز (گۆران، ل10).

---

(*) محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا، 1973.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار خۆشی نموونەی داڕشتووە، بەتایبەتی کە باسی جۆرەکانی ئاوەڵکار و ڕۆنانی ئاوەڵکاری کردووە.

دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکەش، نووسەر لە (ل178–179)ی بەرهەمەکەی ناوی ئەو(11) سەرچاوە ئەدەبی و فۆلکلۆریانەی یاداشت کردووە، کە نموونەی لێ وەرگرتوون .

**4– بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیان:**

ئەم جۆرە بەراوردکردنە لەم بەرهەمەدا تەنیا لە دوو شوێن بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە لە (ل 152–155) (د. ئەوڕەحمان) دەر بارەی ڕۆنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو نووسیویەتی: ئاوەڵکاری داڕێژراو ئەوەیە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك پێکهاتبێت، زیادەکەش پێشگر یا پاشگر یا هەردوو(پێشگر و پاشگر) پێکەوەبێ. یەکێك لەو پێشگرانەی نووسەر باسی کردوون پێشگری(بە–)یە، دەڵێ: ئەم پێشگرە لە دیالێکتی ژووروودا لە شێوەی(ب–)دایە. وەك:

... بەرێ خوە دا باژێر، ب لەز هەسپ دا بەر زەنگویانە.

(مەمێ ئالان، ل66).

دوا تر دەڵێ: (( لە موکر یان و گەرمیان و چەند هەرێمێکی تری کوردستان پێشگری (بە–)فۆڕمی(وە–)ی وەرگرتووە: وەك:

مشکیش وە دوی کەوت، ...))

(تحفەء مظفرية، ب1، ل199).

**5– بەراوردکردنی هەندێ حاڵەتی وشەسازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری هاوخێزانی:**

لەم کارەدا ئەم بنەمایە زۆر گرنگی پێنەدراوە، بەڵکو بە کورتی تەنیا لە چەند پەراوێزێکدا باسکراوە. بۆ نموونە لە پەراوێزی (ل148)دا (د. ئەوڕەحمان)دەڵێ: ((بۆ (ئێرە)ی کوردی لە ئاوێستادا (پرە)و لە فارسی ناوەڕاستدا (ئێتەر) بەکارهاتووە)).

**6– لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:**

(د.ئەوڕەحمان)لەم بەرهەمەدا وەکو دێرینەکان لە پاڵ ئەوەی لە باری ئێستای زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە، لە هەمان کاتدا لایەنە مێژووییەکەشی فەرامۆش نەکردووە و چەند جارێك بە کورتی فۆڕمی ئاوەڵکارەکانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تری وەك: لاتینی، ئاڤێستا، فارسی کۆن و ناوەڕاست و نوێ بەراورد کردووە.

**7- ئەنجام:**

**دوای هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(هەشتەم-ب) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنیشانکراو، لەم خشتەی خوارەوەدا ڕێژەی پابەندبوونی (د.ئەوڕەحمان) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نووسەر لەم بەرهەمەدا بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆنانی دیاریکراوە، کە ڕێژەکەی( کەم پابەندە).**

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | | | ✓ |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕێژەی دوورکەوتنەوە لە نموونە وەرگرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | | | ✓ | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | ✓ | | |
| 5 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی زمانە هاوخێزانەکان. | | | ✓ | |
| 6 | پابەندبوون بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی ئێستای زمان. | | | ✓ | |
| | ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | کەم پابەندە | | | |

**8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەتی:**

**نموونەی ئەم بایەخ پێدانە هەم لە لیستی سەرچاوەکان، وە هەم لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا بەدی دەکرێت. چونکە لە کۆی ئەو(94) سەرچاوەی لە لیستی سەرچاوەکان ناوی بردوون (39) سەرچاوەیان بە زمانی ڕووسین. لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەشدا چەندان جار ئاماژەی بە بۆچوونەکانیان کردووە، بۆ نموونە لە (ل135) نووسیویەتی: ((هەندێ لە زانایان بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵکار ڕووی واتاسازی بە مەرج دا نانێن))[٣٠]. کەوا تە لەم بەرهەمەشدا وەکو بەرهەمەکانی تر کاریگەریی زمانەوانیی ڕووسی بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە.**

[٣٠] ب.ن.گۆلۆڤین، سەرەتایێکی زماننامسی، چاپی دووەم، مۆسکۆ، 1978، ل154...

## 9- نووسینی پەراوێز:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا بە بەراورد لە گەڵ بەرهە مەکانی تری کەمتر پەراوێزی بەکارهێناوە. ئە مەو جـ گە لەوەی سەر چاوەی زۆر ڕیز نەکردووە، ڕوونکردنەوەکانیشی بە کورتی نووسیون و بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی تا کۆتایی کارە کە پەراوێزەکانی لە دوای یەکتر یدا ڕیز کردووە، کە ژمارە یان(37) پەراوێزە. ئەمەش یەکێکە لەو ڕوونکردنەوانەی کە نووسەر لە (ل 161) نووسیویەتی: ((هەریەك، هەردوو... لە بنەڕە تدا جێناون. بەڵام دەوری ئاوەڵکرداریش دەبینن)). وا تە نوو سەر لەم بەرهە مەدا بە پێ چەوانەی بەرهە مەکانی تر زۆر گرنـگی بە نوو سینی پەراوێز نەداوە.

## 10- ڕێبازی وەرگرتن:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهە مەدا هیچ دەقێ کی ڕا ستەوخۆ و بێ دە سکاری وەر نەگرتووە. وا تە بە شێوەی ناڕا ستەوخۆ سوودی لە بۆ چوونەکانی پێشی خۆی وەرگرتووە و ئا ماژەی بە سەر چاوەکانیان کردووە. بۆ نموونە لە (ل 135) دەڵێ: لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکار نیشانەی مۆرفۆلۆجی وای نییە، کە لە ڕێگەیەوە بتوانرێ وەك بە شە ئا خاوتنێکی سەربەخۆ جیابکرێ تەوە، بەڵام هە ندێ خا سیەتی لێک سیکی و وشە سازیو ڕستە سازیئەوتۆی هە یە، کە دەبـ نە بـ نەمای جیاکرد نەوەی لە بە شە ئاخاوتنەکانی دی. پا شان لە پەراوێزدا نوو سیویەتی: هە ندێ لە زانا یانی سۆڤیەت باسی ئەم تایبەتمەندیەیان کردووە(٣).

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

(د.ئەوڕەحمان)لەم بەرهەمە شدا فەرهەنگی بۆ ئەو زاراوە زمانەوانییا نە دروست نەکردووە، کە بەکاری هێناون. سەبارەت بە سەرچاوەی زاراوەکان، بەشێك لەو زاراوا نە لەو سەردەمەدا باو بوو نەو لە لا یەن ڕێزماننو سانی تر بەکارهاتوون، وەك: ( ئاوەڵکرداری شوێنی، ئاوەڵکرداری کاتی، مۆرفۆ لۆجی، پێ شگر و پا شگر...) ، بە شێکیش لەو زاراوا نە نوو سەر خۆی دایڕ شتوون، وەك: (ئاوەڵ کداری بارودۆخ، ئاوەڵکرداری جێناو، ئاوەڵکرداری ئاوەڵناوی...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

---

(٣) ڕ.ل.تسابۆلۆڤ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردییەوە، مۆسکۆ، 1978...

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا زۆر گرنگی بەم خاسیەتە داوە ، بۆ نموونە لە (ل 180-186) ناوی هەموو ئەو سەر چاوانەی یادا شت کردووە، کە سوودی لیّ وەرگرتوون، یاخود پەیوەندییان بە باسەکەیەوە هەبووە. ژمارەیان (94) سەرچاوەیە و (33) یان بە زمانی کوردی و (9) یان عەرەبی و (5) یان فارسی و (8) یان ڕووسی و (8)یشیان بە زمانە ڕۆژئاواییەکانن.

## بەرهەمی نۆیەم:

-ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی پێنجەم، کردار، سلێمانی، 2000.

-خستنەڕووی بەرهەمی نۆیەم :

ئەم کتێبە(373) لاپەڕەیە و لە چەند سەرە باسێك پێکهاتووە:

پێشەکی: (د. ئەوڕەحمان) لە (ل 3-5) باسی جیاوازی نێوان کار( کە ئەو کرداری پێگوتووە) و ناوی کردووە، لە ڕووی (دەنگ، وشە سازی، و شەڕۆنان، ڕستەسازی)یەوە، پاشان لە (ل6-16) لە چەند کێشەیەکی کاری کۆڵیوەتەوە وەك:

1- کێشەی سنوری کار وەك دانەیەکی لێکسیکی.

2- کێشەی سیستەمی حاڵەتی کار.

3- کێشەی سیستەمی فۆرمی ڕێزمانی کار.

4- کێشەی پێکهاتنی وشەسازی.

دەربارەی چاوگیش لە (ل17-43) بە پێی نیشانەکانی چاوگ: (ان، ین، وون، تن، دن) پێنج کۆمەڵە چاوگی لە زمانی کوردی جیاکردۆتەوە. دەربارەی کاری تێپەڕو تێنەپەڕیش لە (ل43-67) سەرەتا وەسفی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕی کردووە و پاشان باسی چۆنیەتی گۆڕینی کاری تێنەپەڕی بۆ تێپەڕ و دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکانی کردووە لەگەڵ هەردوو جۆرە کارەکە.

لە ڕووی (ڕۆنان)ەوە لە (ل68-105) کاری بەسەر(سادە) و (ناسادە) ، (ناسادە)کەشی بە سەر (داڕێژراو) و (لێکدراو) دابەشکردووە و لە چۆنیەتی ڕۆنانی هەر یەکەیانی بەجیا کۆڵیوەتەوە.

سەربارەت بە بنەماکانی (کار)یش لە (ل106-182) نووسەر(قەد و ڕەگ)ی بە بنەمای کار داناوە و (قەدی کار)ی بە سەرچاوەی داڕشتنی (کاری ڕابردوو، ناوی کارا، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی جێگا)داناوە. لە بارەی (ڕەگی کار)یش بە پێی چەند دەستورێك دۆزینەوەی ڕەگی کاری ڕوونکردۆتەوە. هەروەها(ڕەگی کار)ی بە

سەر چاوەی داڕشتنی (کاری ڕا نەبردوو، دا خوازی، ناوی کارا، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی جێگا، ناوی ئامێر) داناوە.

لە بارەی (ڕێژە و کات)ەوە لە (ل183-250) سێ ڕێژەی جیاکرۆد تەوە:((1- ئیخباری. 2- ئینشائی. 3- داخوازی)). هەر دوو ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی بە سەر کاتی(ڕابردوو)و (ڕانەبردوو) دابەشکردووە. پاشان کاتی (ڕانەبردوو)ی بەسەر(ئێستا)و (ئاینده) و کاتی (ڕا بردوو)ی بە سەر(نزیك، بەردەوام، تەواو، دوور) دابە شکردووە. لە کۆتایشدا لە چۆنیەتی داڕشتنی ڕێژەی(داخوازی) دواوە.

لە (ل251-271) هاتۆتە سەر کاری یاریدەدەر، سەرەتا با سی کاری (بوون)ی کردووە، کە لەم بوارەدا زۆر چالاکە. دواتر لەو حاڵەتانەی کۆڵیوەتەوە، کە کاری( هاتن، هانین، دان، کردن، کرن) تێدا وە کو کاری یاریدەدەر دەردە کەون. لە (ل272-295) با سی ئەو کارا نەی کردووە، کە ڕێژەکانیان لە دە ستوور لادەدەن، لەم بارەوە با سی کاری( هەبوون، هەیین، وی ستن، چوون، زا نین، کارن)ی کردووە. هەر لە در یژەی با سەکەیدا لە (ل295-314) لە نەرێنی کاری کۆڵیوە تەوە و لە زمانی کورد یدا سێ ئامرازی سەرەکی بۆ نەرێنی کار دەستنیشانکردووە: (نا) بۆ ڕا نەبردووی ئیخباری، (نە) بۆ ڕانەبردووی ئینشائی و ڕابردووی ئیخباری، (مە) بۆ داخوازی بەکاردێن.
لە دوا بڕگەی بەرهەمەکەی لە (ل315-348) باسی لە شێوازی گۆڕینی کاری کارا دیار بۆ کاری کارا نادیار کردووە و بەوردی وەسفی هەنگاوەکانی ئەو پڕۆسەیەیی کردووە.

- هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی بەرهەمی نۆیەم:

1- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوە کە وشە سازییە. (د.ئەوڕەحمان) لە چوار چێوەی زاذ ستی وشەسازییەوە لە ڕۆنان و تێپەڕ و تێنەپەڕی و ڕێژە و بنەمای کاری کۆڵیوەتەوە، جاری وا ش هەبووە سنوری لێکۆڵینەوە کەی بەزا ندووە و چۆتە ناو بواری ڕستە سازییەوە، بەتایبەتی کاتێ لە (ل 315-347) لە کاری کارا دیار و کاری کارا بزری کۆڵیوەتەوە.

2- پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو:

(د.ئەوڕەحمان)لە (ل 5)ی بەرهەمەکەیدا نوو سیویەتی: بەهۆی کێشەی چاپەوە، نەتوانرا، کورتەی هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوو وەکو بەشێکی تایبەتی بخەینەڕوو، چونکە دوو سەد لا پەڕە زیاتر بوو، بەڵام هە ندێ لە پەراوێزەکان کەمێك شوێنی ئەو بەشەیان پڕکردۆتەوە. واتە نوو سەر لەم بەرهە مەدا هە ندێ جار پەراوێزەکانی بۆ ئەم

مەبەستە بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە پەراوێزی(ل190) دەڵێ: د.نەسرین فەخری لە نامەی دکتۆراکەیدا، بۆ کاتی ڕابردووی کار پێنج جۆری دیاری کردووە: 1-ڕابردووی سادە. 2- ڕا بردووی بەردەوام. 3- ڕا بردووی تەواو. 4- ڕا بردووی دوور. 5- ڕابردووی دێرین. بەڵام جۆری پێنجەمیان لەگەڵ هەڵکەوتی زمانی کوردیدا ناگونجێ.

کەواتە نووسەر لەم بەرهەمەدا ئەگەرچی بەشێکی تایبەتی بۆ ئەم بوارە تەرخان نەکردووە، کەچی توانیویەتی بۆ ئەم مەبەستە سوود لە پەراوێزەکان وەربگرێت و ئەم بنەمایە فەرامۆش نەکات.

### 3- کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا لەگەڵ ئەوەی نموونەی زۆری لە دەقە کۆنەکانی هەردوو دیالێکتە سەرەکیەکەی زمانی کوردی کۆکردۆتەوە، لەهەمان کاتدا زۆر جار لێکۆڵەر خۆشی نموونەکانی داڕشتووە. ڕێژەی ئەو نموونانەی خۆی دایڕشتوون لەم بەرهەمەدا زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووتری، بۆ نموونە لە (ل 294) دەڵێ: لە گشت(کار)ەکانی زمانی کوردیدا تەنیا کاری(زانین)و (کارن)دەشێ حاڵەتی نەرێیان بەیاریدەی (ن- ni) پێك بهێنرێ:

ئەز نِکارم.

... ئەز نِزانم من هند دیت دەرکەه هاتە ڤەکردن. (خالد حسەین، ل89).

دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکەش نووسەر لە (ل 349-352) لەژێر ناونیشانی (نیشانەی نموونەکان) ، ناوی (24) سەرچاوەی ئەدەبی و فۆلکلۆری یاداشت کردووە، کە نموونەی لێ وەرگرتوون.

### 4- بەراوردکردنی هەردوو دیالێکتی خواروو و ژووروو بەشە دیالێکتەکانیان:

بەراوردکردنی هەردوو دیالێک تە سەرەکیەکەی ز مانی کوردی، یەکێ کە لەو بنەمایا نەی لەم لێکۆڵی نەوەدا زۆر گرن گی پ ێدراوە، بۆ نموو نە لە (ل298) (د. ئەوڕەحمان) لەم ڕووەوە دە ڵێ: لە د یالێکتی ژوورووی ز مانی کورد یدا بە هەمان شێوەی دیالێکتی خواروو، کاری ڕانەبردووی ڕێژەی ئیخباری بە ئامرازی( نا) دەکرێت بە نەرێ، وەك:

دکەڤم  ناکەڤم

گرنگ یدانی نوو سەر بەم بوارە بۆ پابە ندبوونی بە ب نەماکانی ڕێ بازی د ێرین دەگەڕێتەوە.

**5- بەراوردکردنی هە ندێ حالاٚتی وشە سازی ز مانی کوردی لە گەڵ زما نانی تری هاوخێزانی:**

نموونەی ئەم جۆرە بەراوردکردنە لە زۆر شوێنی ئەم بەرهە مەدا بەدی دەکرێت، ئە مەش ئەوە دە گەینێت کە (د. ئەورەحمان) وە کو ڕێزماننوو سانی د ێرین لا یەنی ئێستایی و لا یەنی م ێژوویی لە لێکۆڵینەوەی زما ندا تێکەڵ کردووە. لە یەکێك لەو نموونا نە نوو سەر لە (ل 72) پێ شگری (وەر-)ی لە ز مانی کورد یدا لە گەڵ چەند ز مانێکی هاوخێزانی بەم شێوە بەراوردکردووە: شێوەی ئەم پێ شگرە لە ز مانی ئاوێستا و فارسی کۆندا (وپەر)ە لە فارسی ناوەڕستدا (ە پەر، ەوەر)، لە فارسی نوێدا (ەبەر، بەر)ە.

**6- لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان:**

(د.ئەورەحمان) لەم بەرهەمە شدا وەکو ڕێزماننووسانی د ێرین و ێڕای ئەوەی تا ڕادەیەکی باش گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە باری ئێستای زمانی کوردی داوە، کە چی زۆر جاریش کە باسی چاوگ، ڕە گی کار، قەدی کار، کاری تێپەڕ و تێنە پەڕ، پێشگر و پاشگرەکانی کردووە، بەراوردێکی مێژوویی لە ذێوان زمانی کوردی و زما نانی تری وەك: ئاڤێستا، فارسی کۆن و ناوەڕاست و نوێ، بلوجی...ی ئەنجامداوە.

**7- ئەنجام:**

دوای هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمی(نۆ یەم) بەپێی چەند بنەما یەکی دەستنی شانکراو، لەم خ شتەی خوارەوەدا ڕ ێژەی پابە ندبوونی (د. ئەورەحمان ) بە هەریەك لە بنەماکان دیاریکراوە. لە کۆتایی خشتەکەشدا بە گشتی ڕێژەی پابەندبوونی نوو سەر لەم بەرهە مەدا بە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆ نانی د یاریکراوە، کە ڕێژەکەی( کەم پابەندە).

| ژ | بنەماکان | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی پابەندبوون بە سنووری لێکۆڵینەوەکە. | | | | ✓ |
| 2 | پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو. | ✓ | | | |
| 3 | ڕ ێژەی دوورکەوت نەوە لە نموو نە وەر گرتن لە سەرچاوە کۆنەکان. | | ✓ | | |
| 4 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی دیالێکتەکان. | | | | ✓ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | دوورکەوتنەوە لە بەراوردی زمانە هاوخێزانەکان. | | | | ✓ |
| 6 | پابەندبوون بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی ئێستای زمان. | | ✓ | | |
| ڕێژەی کۆتایی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | کەم پابەندە | | | |

**8- بایەخدان بە بۆچوونی زمانەوان و کوردناسانی سۆڤیەت:**

(د. ئەوڕەحمان) ئەم بایەخ پێدانەی بە دوو شێوە لەم بەرهەمەدا بەرجەستە کردووە. یەکەمیان بۆ لیستی سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە، لە کۆی ئەو(200) سەرچاوەی ناوی بردوون(71) سەرچاوەیان ڕووسین، دووەمیشیان بۆ ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە، چونکە نووسەر زۆر پشتی بە بۆچوونی ئەوان بەستووە و ئاماژەی بە کارەکانیان کردووە، بۆ نموونە لە (ل199) دەڵێ: لە دیالێکتی ژووروو شدا بەشە دیالێکتی ئەوتۆ هەیە، کە فۆڕمی ئایندەی نییە. بەوێنە لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمانستاندا وەک دیالێکتی خواروو بۆ کاتی ئێستا و ئایندەی کار یەک فۆڕم بەکاردەهێنرێ(*).

**9- نووسینی پەراوێز:**

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا زیاتر لە بەرهەمەکانی تری گرنگی بە نووسینی پەراوێز داوە، لە پاڵ ئاماژەکردن بەناوی سەرچاوەکان و نووسینی چەندان نموونەی ئەدەبی و فۆلکلۆری و ژمارەیەك ڕوونکردنەوەی پێویست، کورتەی هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشووشی هەر لە پەراوێزەکاندا نووسیوە، پەراوێزی وا هەبووە سێ چوار لاپەڕەی پڕکردۆتەوە. نووسەر تا کۆتایی باسەکەی بە پێی یەك زنجیرەی ژمارەیی(394) جار پەراوێزی بەکارهێناوە، هەر بۆ نموونە لە یەکێك لە ڕوونکردنەوەکانی لە بارەی پاشگری(اندن) لە (ل 90) نووسیویەتی: لە بەر ئەوەی دەوری سەرەکی(اندن) ئەوەیە، کە کاری تێنەپەڕ دەگۆڕێ بۆ تێپەڕ، بۆیە بیر لەوە دەکەینەوە، بزانین(-اندن) پێشگرە یان نیشانەیە، بێگومان ئەگەر دەوری ڕۆنان نەبینێ و تەنیا مانای ڕێزمانی بگەیەنێ، ئەوە دەبێ(نشیانە) بێت، بەڵام ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تەواو و زانستی هەیە.

**10- ڕێبازی وەرگرتن:**

---

(*) بڕوانە: چ. خ. باکاییڤ. زمانی کوردەکانی سۆڤێت، ل180.

خالێکی تر که لەم بەرهەمەو بەرهەمەکانی تریشی بە شێوەیەکی گشتی هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە کە (د. ئەورەحمان) زۆر بە دەگمەن بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەقی لە سەرچاوەی تر وەرگرتووە، بەڵکو زیاتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سودی لە بۆچوونەکانی پێشی خۆی وەرگرتووە و جاری وا هەبووە جگە لە سود وەرگرتن، پەرەی بە بۆچوونەکان داوە، بۆ نموونە لە (ل40) بەم جۆرە پەرەی بە بۆچوونێکی ( قەناتی کوردۆ) داوە و نووسیویەتی: (( لە دیالێکتی ژووروو و شێوەی موکری و ئاخاوتنی هەندێ ناوچەی کرمانجی خواروودا چاوگ وەك ناوی جنسی مێ خۆی دەنوێنێ)) پاشان لە پەراوێزدا نووسیویەتی: (بڕوانە: قەناتی کوردۆ، دەستوری زمانی کوردی). دواتر نووسەر دەڵێ: لە دیالێکتی ژووروودا ئەگەر دیارخراو ناوبێ و ژمارەی تاکی ڕەگەزی مێ بێ، نیشانەی (ـا) وەردەگرێ. چاوگیش کاتێ دەوری دیارخراو دەبینێ، بەهەمان شێوەی ناو نیشانەی(ـا)ی ڕەگەزی مێی دەچێتە سەر. وەك:

خوەرنا ئیشەڤ بهێلە سبەهێ، لێ شخولێ ئیشەڤ مەهێلە سبەهێ

(کوردۆ، ل232).

## 11- فەرهەنگی زاراوەکان:

(د.ئەوڕەحمان) لەم بەرهەمەدا فەرهەنگی بۆ ئەو زاراوە زمانەوانییانە دروست نەکردووە، کە بەکاری هێناون. ئەو زاراوانەی بەکاریشی هێناون، لەو سەردەمە باو بوونە و لای ڕێزماننووسانی تر بەکارهاتوون. وەك زاراوەی: ( کردار، کارا، چاوگ، ڕەگ، قەد...).

## 12- لیستی سەرچاوەکان:

(د.ئەوڕەحمان) لە (ل 353-370)ی بەرهەمەکەی بۆ یاداشت کردنی ناوی سەرچاوەکان تەرخان کردووە. جگە لە ناوی ئەو سەرچاوانەی سوودی لێ وەرگرتوون، ناوی ئەو سەرچاوانەشی یاداشت کردووە، کە پەیوەندییان بەم باسەوە هەبووە ، کۆی ژمارە یان (200) سەرچاوەیە و(78) یان بە زمانی کوردی و (7) یان فارسی و (17) یان عەرەبی و (71) یان ڕووسی و(25) سەرچاوەشیان بەزمانە ڕۆژئاواییەکانن و بە پێی ئەلفوبێی ناوی نووسەرەکانیان ڕیزکراون.

**ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە وشەسازییەکانی (د.ئەوڕەحمان):**

لەم خ شتەیەی خوارەوە ناوی هەموو ئەو بەرهە مە وشە سازییانەی (د.ئەوڕەحمان)خراوە تەڕوو، کە لەم بە شەدا هەڵ سەنگێندراون، لە بەرامبەری شیاندا ڕێژەی پابە ندبوونی نوو سەر بە ڕێبازی ڕۆ نانی خراوە تەڕوو. ئەوەی لەم خشتەیەدا تێبینی دەکرێ ،ئەوەیە کە نوو سەر لەو بەرهەما نەی تایبەت بوو نە بە لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی ئاخاوتن زیاتر پابەند بووە بە ڕێبازە دێرینەکەوە لە چاو بەرهەمەکانی تری. وە بە پێ چەوانەوە لە چەند بەر هەمێکی تر بە تای بەتی لەو بەرهەما نەی کە دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت نووسیویەتی، زیاتر پابەند بووە بە ڕێبازی ڕۆنانی.

| ژ | بەرهەمەکان | ڕێژەی پابەندبوون بە ڕێبازی ڕۆنانی | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | مام ناوەندە | کەم | نییە |
| 1 | وشەی زمانی کوردی، بەغدا، 1975. | | ✓ | | |
| 2 | وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، 1977. | ✓ | | | |
| 3 | ڕێز مانی کوردی، بەرگی یە کەم، وشە سازی، بە شی یەکەم-ناو-بەغدا، 1979. | | | ✓ | |
| 4 | ڕێز مانی کوردی، بەرگی یە کەم، وشە سازی، بە شی دووەم-جێناو-بەغدا، 1987. | | | ✓ | |
| 5 | وشەسازی، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(121)، 1989. | ✓ | | | |
| 6 | ڕێز مانی کوردی، بەرگی یە کەم، وشە سازی، بە شی سێیەم-ئاوەڵناو-بەغدا، 1991. | | | ✓ | |
| 7 | بنەما سەرەکیەکانی ز مان، (گۆ ڤاری کۆڕی زاذ یاری عێراق-دە ستەی کورد)، ب (23-24)، بە غدا، 1992، ل78-91. | | ✓ | | |
| 8 | أ- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یە کەم، وشە سازی، بە شی چوارەم-ژمارە-بەغدا، 1998. | | | ✓ | |
| | ب- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یە کەم، وشە سازی، بە شی چوارەم- ئاوەڵکردار-بەغدا، 1998. | | | ✓ | |
| 9 | ڕێز مانی کوردی، بەرگی یە کەم، وشە سازی، بە شی پێنجەم-کردار-سلێمانی، 2000. | | | ✓ | |

# ئەنجام

ئەم لێکۆڵینەوە گەیشتە چەند ئەنجامێك :

1- لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی کورد یدا بنەماکانی دوو قوتابخانەی سەرەکی ڕەنگ یان داوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە قوتابخانە (ڕێبازی دێرین و قوتابخانەی نوێ (ڕۆنانکاری). ئەگەر چی لە ڕووی مێژوویەوە هەردوو قوتابخانە کە بەناویەکدا چوون و سنورێکی دیاریکراو لە نێوانیاندا نییە. لە لای زۆر لە ڕێزماننووسانی کوردیش هێڵێکی جیا کەرەوەی ڕوون لە نێوان بنەما فکریەکانی ئەم دوو قوتابخانەیەدا نییە و ئەوە ساغ نەبۆتەوە، کە سەر بە کام ڕێبازە. هەر بۆیە تێکەڵی لە نێوان ئەم دوو ڕێبازە لە بەرهەمێکەوە بۆ بەرهەمێکی تر تەنانەت لە یەك بەرهەمیشدا بە ڕێژەیەکی فراوان بەدی دەکرێ.

2- سەرەتای لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و بە زمانی کوردی لە کۆتایی بیستەکانی(1928) سەدەی ڕابردوو لەسەر بنەمای ڕێبازی دێرین دەستی پێکردووە و تا ناوەڕاستی هەشتاکان لە برەو دابووە ، تایبەتیەکی گرنگی ئەم قۆناغە ئەوەیە، کە بە بیری میعیاری یا ساکانی ڕێزمانی عەرەبییان بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە و هەندێکی تریش لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی ڕێزمانی کوردییان نووسیوەتەوە، لەوانە (تۆفیق وەهبی)و لیژنەی (زمان و زانستەکانی) کۆڕی زانیاری.

3- ڕێبازی زمانەوانیی نوێ لە لێکۆڵینەوەی زمانی کورد یدا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کتێبی (( سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی))ی محەمەد ئەمین هەورامانی لە ساڵی(1973) و دواتریش لە کتێبی ((و شەڕۆنان لە زمانی کورد یدا))ی ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە ساڵی(1976) سەری هەڵداوە، بەڵام بەهۆی بەردەوام نەبوونی نووسەرەکان ئەو کات ڕێبازەکە نەچەسپاوە، تا دواتر لە سەرەتایی هەشتاکان بە دواوە لە لێکۆڵینەوەکانی وریا عومەر ئەمین، بە تایبەتیش لە وتاری ((بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی)) لە ساڵی (1986) سەری هەڵداوەتەوە، وە بە بڵاوبوونەوەی وتاری (( کارپۆلێن کردن بە پێی ڕۆنان))ی محەمەد مەعروف فەتاحیش لە ساڵی (1989) وکردنەوەی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەددین لە سەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئەم بۆچوونە پێی ناوەتە قۆناغێکی تازە و تا ئێستاش لە گەشەکردندایە و محەمەد مەعروف و وریا عومەر ئەمین بە ڕابەرانی ئەو ڕێبازە دادەنرێن لە زمانی کوردیدا.

4- لە پاڵ ئەو دوو قوتابخانە گشتییەی، لە سەرەوە باسکرا، ڕێبازێکی تر لە سەرەتای حەفتاکاندا سەری هەڵدا، کە بە (ڕێبازی ڕووسی) ناومان بردووە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك قوتابی کورد دەگەڕێتەوە، کە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران خوێندنی باڵایان تەواوکردووە، ئەگەرچی هەندێ تایبەتمەندیی خۆیان لە شێواز و ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا هەیە، لە هەندێ

لێكۆڵینەوەشیاندا بۆ چوونی ڕۆنازکاری بەدی دەکرێ، وەك لە کارەکانی (د. ئەوڕەحمان)دا خراوە تە ڕوو، کە چی لە بـ نەما سەرەکییەکانیاندا، لە قوتابخا نەی د ێرین نز یك دەبنەوە. ئەگەر چی ئەم ڕێ بازە لە ماوە یەکی م ێژوویی د یاریکراودا خز مەتێکی بەر چاوی زمانی کوردی کردووە، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ ، بە کۆچی دوا یی (د. ئەوڕەحمان) ڕۆڵی ئەو ڕێبازە بەرەو کزی بچێت.

5-(د.ئەوڕەحمان) لە ڕووی چەندایەتییەوە بە بەرهەمترین ڕێزماننووسی کورد دادەنرێت. لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی ئەوانەی لە حەفتاکان و دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت نووسیویەتی کەمتر پابەند بووە بە ڕێبازی دێرین و لە ڕۆنانکارەکان نزیکتر بووە. تەنانەت یەکێك بووە لەوانەی، بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ڕۆنانکاری لە کوردیدا، وەك لە کتێبی ((و شەڕۆنان لە ز مانی کورد یدا-1976)) دەرکەوتووە. کە چی لە بەرهە مەکانی دوا تردا گەڕا نەوە بۆ ڕێ بازە دێرینە کە بەدی دە کرێ، بەتاید بەتیش لە لێکۆڵینەوەی بە شەکانی ئاخاوتندا.

6- (د.ئەوڕەحمان) لە بەرهەمە دەنگسازییەکانی لە پێناسە کردن و دەستنیشانکردنی (فۆنیم)دا کاریگەر بووە بە ڕوانگەی ئەرکی، لە دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاخاوتنیشدا هەر جارەی پشتی بە بنەما یەك بەستووە، جارێك (وا تا) و جارێك بە (ئەرك) و جارێك بە (تایبەتمەندی ڕێزمانی).

# سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**


1- ئەوڕەحمان حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا، 1974.

2- ـــــــ، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1975.

3- ـــــــ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.

4- ـــــــ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1977.

5- ـــــــ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی یەکەم- ناو-، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1979.

6- ـــــــ، گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد))، ب9، بەغدا، 1982، ل16-77.

7- ـــــــ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا، 1986.

8- ـــــــ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی دووەم-جێناو-، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1987.

9- ـــــــ، وشەسازی، گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ121، بەغدا، 1989، ل60-71.

10- ـــــــ، ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، بەغدا، 1989.

11- ـــــــ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی سێیەم-ئاوەڵناو-، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەغدا، 1992.

12- ـــــــ، بنەما سەرەکییەکانی زمان، ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد))، ب23-24، بەغدا، 1992، ل78-91.

13- ـــــــ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی چوارەم-ژمارە و ئاوەڵکردار-، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1998.

14- ـــــــ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی پێنجەم- کردار-، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000.

15- ـــــــ، دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا، 2000.

16- ـــــــ، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، 2004.

17– ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1976.
18– ئەکرەم حمه صالح درو ێش عه نەبی، زاری هەورامی و فار سی ستاندارد  لێکۆڵینەوە یەکی فۆنۆ لۆژی بەراوردکاری–، نا مەی ما ستەر کۆ ڵ یژی ئاداب، زاذ کۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2000.
19– تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا، 1929.
20– ـــــــــــ، خوێندەواری باو، بەغدا، 1933.
21– جگەرخوێن، آوا ئو دەستورا زمانێ کوردی، بەغدا، 1961.
22– سعید صدقی، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا، 1928.
23– سەلام ناوخۆش ، زماننا سی و هەندێ بابەتی زماننا سی کوردی، بلاوکراوە کانی کتێب فرۆشی سۆران، هەولێر، 2004.
24– ـــــــــــ ـ ، پوختە یەك دەر بارەی زماننا سی(مێژوویی–بونیاد گەری–چۆمسکی)، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، 2005.
25– ساجدە عه بدوڵلا فەرهادی،(مۆرفۆلۆجی) وا نەکانی خوێ ندنی باڵا–ما ستەر( 2007–2008).
26– شەهاب شێخ تەیب، ڕۆڵی(تۆفیق وەهبی) لە بواری زمانەوانییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا–کۆلێجی پەروەردە(ئیبن ڕوشد)، 2001.
27– شێخ محه مەدی خاڵ، فەر هەنگی خاڵ، جز می یه کەم، چاپخانەی کا مەران، سلێمانی، 1960.
28– ڤ.ی.کۆدۆخۆ ڤ، سەرەتاییێکی زماننا سی، مۆ سکۆ، 1979، بەرگی یه کەم، وەرگێڕانی: میدیا، سلێمانی، 1998.
29– قیس کا کل تۆ ڤ یق، ئاساي شی نه تەوەیی و پلا نی ز مان، دەز گای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2007.
30– عو مەر مارف بەرزنجی، سەعید کا بان و یه کەم چووزەرەی ڕێز مانی کوردی، گ(بەیان)، ژ49، 1978، ل9–11.
31– عبداڵ سلام نه جمەدین عه بدوڵلا، شیکردنەوەی دە قی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2007.
32– ك.ك.کوردۆییڤ، (ڕێزمانی کوردی) بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، (و): د.کوردستان موکریانی، ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1984.
33– لێژ نەی (ز مان و زاذ ستەکان)ی کۆڕی زاذ یاری، ڕێز مانی ئا خاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.

34- محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، 1973.
35- ـــــــ، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، دەزگای رۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1981.
36- محمد معروف فتاح، کارپۆلێن کردن بە پێی رۆنان، گ(رۆشنبیری نوێ)، ژ121، 1989
37- ـــــــ، زمانەوانیی، زانکۆی سەلاحەدین، 1990.
38- ـــــــ و م. سەباح رەشید قادر، چەند لا یەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، بەشی رووناکبیری، چاپخانەی روون، سلێمانی، 2006.
39- محەمەد رەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر رێزمان، (و): حەسەنی قازی، سوید، 1993.
40- نەریمان خۆشناو و کامەران محەمەد، قوتابخانە زمانەوانییەکان، (و)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2008.
41- نوری عەلی ئەمین، قەواعیدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا، ب1، بەغدا، 1956.
42- ـــــــ، قەواعیدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا، ب2، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، 1958.
43- ـــــــ، رێزمانی کوردی، ب1، چاپخانەی کامەران، بەغدا، 1960.
44- هەژار قادر ئیسماعیل، رۆنانی برگە و ئاسان بوونی دەنگ لە زارۆچکەی باڵەکیان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2009، (نامەی بڵاونەکراوە).
45- وریا عومەر ئەمین، بناغەی سادەترین رستەی کوردی، گ(رۆشنبیری نوێ)، ژ111، 1986.
46- یوسف شریف سعید،(زمانەوانیی تیۆری) وانەکانی خوێندنی باڵا- ماستەر(2007-2008.)

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

47- أحمد عثمان أبوبكر، الأكراد وأصولهم في كتابات المسلمين الأوائل، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد-عێراق، ب13، 1985.

48- أحمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، جامعة القاهرة، 2004.
49- ر.ه.روبنز، موجز تأريخ علم اللغة في الغرب، (ت): د.أحمد عوض، 1997.
50- عبدالصبور شاهين، في علم اللغة العام، الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1980.
51-ميشال زكريا، الآلسنية علم اللغة الحديث، الطبعة الثانية، مبادئ الاعلام، بيروت، 1983.
52-ميلكا اڤيتش، اتجاهات البحث اللساني، (ت): د. سعد عبدالعزيز مصلوح- وفا كامل فايد، ، المطابع الأميرية، 1996
53- محمد علي الخولي، مدخل إلى علم اللغة، دار الفلاح للنشر، صويلح، الأردن، 1990.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

54- Amin، W.O.(1976)، Some fundamental rules of Kurdish syntax، University of London.

55- ----------------. (1979)، A spects of verbl construction in Kurdish. M.Phil، Tesis present to the University of London.

56- Crystal، D.(1991)، A Dictionry of lingustics and phonetic، 3ed.

57- Fattah.M.M.(1973)، The Application of a T-G model of grammar to Kurdish syntax، (unpublished، M.A، Theses) Beirut-Lebanon.

58- Mackenziyan، D.N. (1961)، Kurdish dialect studies، London: Oxford university press.

59- ---------------.(1966)، The Dialect of awraman، London.

60- McCarus، E.N.(1958)، A Kurdish Grammar description of sylaimaniyan، Iraq، New York.

**چاوپێکەوتن:**

61- چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ(پ.د.محەمەد مەعروف فەتاح) زانکۆی سەلاحەددین، بەرواری 2009/4/14.

# پاشکۆ

## کورتەیەك لە مێژووی ژیان و بەرهەمەکانی(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)

**یەکەم: ژیاننامە:**

لە (1940/9/11) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (گۆیژە)ی کوڕان و ئامادەیی سلێمانی کوڕان تەواو کردووە و ساڵێکیش لە بەشی کوردی کۆلێجی ئادابی بەغدا خوێندوویەتی و دوا تر چۆتە سۆڤیەت سیانزە ساڵ لەوێ ژ یاوە و بە شی روو سی کۆلێجی ئادابی لینینگرادی بە پلەی نا یاب و بەکالۆریۆس و ماستەری لە زمان و ئەدەبی ڕووسی وەرگرتووە، پا شان لە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لە لینینگراد خوێندوو یەتی و بە پلەی ئیمتیاز بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری فەرهەنگسازی وەرگرتووە.دوای گەڕانەوە شی بۆ وڵات ،لە بە شی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بە غدا دا مەزراوە. ماوە یەکی زۆر ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بووە لە بە غدا و لە خوولی دووە مش کە ناوە کەی گۆڕا بۆ ئەکادیمیای کوردی کراوە بە سکرتێری گشتی ، بەڵام بە دا خەوە لە شەوی 7-8 /7/ 2007 لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد.

**دووەم: ئەو زمانانەی دەیزانێ و شارەزایی هەیە:**

کوردی "هەردوو دیالێکتی سەروو و خواروو"، عەرەبی، ڕووسی، ئینگلیزی.

**سێیەم: ئەو شوێنانەی وانەی تێدا وتۆتەوە:**

- بەشی کوردی –کۆلێجی پەروەردە "ئیبن ڕوشد"ی زانکۆی بەغدا، ماستەر و دکتۆرا.
- بەشی کوردی کۆلێجی زمان لە خانەقین، لە قۆناغەکانی یەکەم و دووەم.
- بەشی کوردی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سلێمانی، ماستەر و دکتۆرا.

**چوارەم: نازناو:**

پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف جگە لە ناوی خۆی، ئەوا کۆمەڵێك ناوی نهێنی و نازناوی بۆ خۆی تەرخان کردووە، کەوا لە سەردەمێکدا لە ترسی دەزگا کانی دەو ڵەت بەم نازناوا نە بەرهە مەکانی خۆی بڵاوکردۆ تەوە ، ئەوانیش: " ئاری، م یدیا، موکریان، سکاڵا، ئازاد باراوی، شوان باراوی، ...هتد".

**پێنجەم: بەشداری کردنی لە تێز و نامەی زانکۆیی:**

ناوبراو بە شداری لە دە یەها گفتوگۆی نا مەی ما ستەر و دکتۆرا لە بە شەکانی کوردی زانکۆی بە غدا و سەلاحەددین و سلێمانی، بە سیفەتی سەرپەرشت یاخود سەرۆکی لێژنە یاخود ئەندامی لێژنە کردووە.

**شەشەم: کتێبەکانی:**

أ- کتێبە زمانەوانییەکانی:

1- چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا، 1974.

2- وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1975.

3- زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.

4- وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1977.

5- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم "وشەسازی"، بەشی یەکەم "ناو"، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1979.

6- نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر، 1986.

7- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم "وشەسازی"، بەشی دووەم "جێناو"، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1987.

8- لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، ئەمیندارێتی گشتی و ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا، 1987.

9- ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1989.

10- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم "وشەسازی"، بەشی سێیەم "ئاوەڵناو"، کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، 1992.

11- کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەغدا، 1994.

12- ڕەخنەی ناڕەختە، بەرگی یەکەم، سلێمانی، 1998.

13- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم "وشەسازی"، بەشی چوارەم "ژمارە و ئاوەڵکردار"، کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، بەغدا، 1998.

14- ڕەخنەی ناڕەختە، بەرگی دووەم، سلێمانی، 1999.

15- واتە واتە و وڕێنەی وریا، سلێمانی، 1999.

16- بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم، بەغدا، 2000.

17- دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا، 2000.
18- زمانی کوردی و خەو شی هە ندێ و شە و زاراوەی نوێ، بە شی یە کەم، بە غدا، 2000.
19- ڕێزمانی کوردی، بەشی یەکەم "وشەسازی"، بەشی پێنجەم "کردار"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000.
20- فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی-کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی، سلێمانی، 2004.
21- مشتێك لە فڕوفێڵی کتێبی "چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانیی"، بەغدا، 2005.

**ب- ئەو کتێبانەی لە زمانی ڕووسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:**

1- پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، کۆمەڵێ تێکستی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.
2- پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، هەندێك بیرو باوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1973.
3- میخائیل شۆلۆخۆف، چارەنوو سی ئادەمیزاد، چاپخانەی "ا لحوادث"، بە غدا، 1980.
4- مەکسیم گۆرکی، دوژمنان-شانۆنامە، چاپخانەی دار العراق للنشر، بەغدا، 1981.
5- ف.ڤ.گۆگۆل و ئە.س.پووشکین، لووت و کڕێوە، ، بەغدا، 1983.
6- نیکۆلای نۆشۆڤ، خێزانۆ چکەیەکی ڕوو خۆش، چاپخانەی "ا لحوادث"، بە غدا، 1984.
7- چەپکێ کورتە چیرۆکی ڕووسی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، 1998.
8- ن.ئەستروڤسکی، پۆڵا چۆن قاڵ بوو؟ ڕۆمان-بەشی یەکەم؟
9- سەرەتاییێکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، 1998.

**حەوتەم: وتارەکانی:**

**أ- وتارە زمانەوانییەکانی:**

1- لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەشی یەکەم، بەرگی دووەم، 1974، ل81-116، بەشی دووەم، بەرگی سێیەم، 1975، ل207-240.
2- بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبی بۆ قوتابخانە، گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژ6، بە غدا، 1973، ل57-84.- لە بارەی فۆ نەتیکی زمانی کوردییەوە،

گۆڤاری بەیان، بەشی یەکەم، ژ12، 1974، ل14و 26-27، بەشی دووەم، ژمارە 13، 1974، ل2-3، بەشی سێیەم، ژمارە14، 1974، ل13-15.

4- هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی نا سیاوی و نەنا سیاوی لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی3، ژمارە3، سلێمانی، 1977، ل122-166.

5- کۆی ناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی6، 1978، ل185-222.

6- کورتەیەك لە زانستی ڕێزمان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ1978، 67، ل45-48.

7- بەرکوڵێکی هەڵە زانستییەکانی کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەی د.کوردستان موکریانی، گ."ڕۆشنبیری نوێ"، ژ"70"، 1978، ل11-18.

8- من و د.کوردستان موکریانی و دەمەتەقێ یەکی تری زمانەوانیی، ڕ.پا شکۆی عێراق، ژمارەکانی "41، 42، 43، 44، 45، 46، 47، 48، 49، 50"، ساڵی 1981.

9- با ڕێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین، گ."ڕۆشنبیری نوێ"، ژمارەکانی 72، 17، 25، 73، ل19-29، ژ74، ل6-21، ژ75، ل47-52، ژ76، ل11-17، 1979.

10- هەڵسەنگاندن...بەڵێ، بەڵام بەکام ترازوو؟ گ.ڕۆژی کوردستان، بەشی یەکەم، ژ61، بەغدا، 1981، ل64-71، بەشی دووەم، ژ63، بەغدا، 1981، ل84-98، بەشی سێیەم، ژ64، بەغدا، 1981، ل54-61.

11- کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمان و فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، گ. بەیان، ژ63، 1980، ل2-6.

12- کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی 8، 1981، ل66-120.

13- گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، 1982، ل16-77.

14- هەوڵێکی مەزنی نوێ لە جیهانی فەرهەنگ نووسیی کوردی، گ. کاروان، ژمارە17، 1974، ل22-29.

15- بیبلیۆگرافیای ئەو وتارانەی لە ساڵانی 1970-1979دا لە بارەی زمانی کوردییەوە بە کوردی لە گۆڤارەندا بڵاوکراونەتەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی 13، 1985، ل107-157.

16- بیبلیۆگرافیای وتاری زمانەوانیی لە بارەی زمانی کوردییەوە لە گۆڤارە کوردی و بێگانەکانی ساڵانی 1940-1970دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بەشی یەکەم، ژمارە 105، 1985، ل121-134، بەشی دووەم، ژمارە 106، 1985، ل90-102.

17- جێناوی کەسیی جودا لە زمانی کوردیدا گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی 12، 1985، ل45-95.

18- جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا، گۆڤاری کاروان، بەشی یەکەم، ژمارە 33، 1985، ل37-38، بەشی دووەم، ژمارە 34، 1985، ل16-25.

19- جێناوی کەسیی لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری کاروان، ژمارە 38، ل13-20.

20- چۆنیەتی لکانی جێناوی کەسیی لکاو بە کردارەوە لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، بەشی یەکەم، ژمارە 2، 1985، ل112-123، بەشی دووەم، ژمارە 3، 1985، ل72-81.

21- کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی جێناوی کەسیی لکاودا کراوە، گۆڤاری کاروان، ژمارە 19، 1985، ل22-33.

22- چەند کێشەیەکی زمانناسی، گ. کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی 15، 1986، ل25-67.

23- ئاوەڵناو لای هەندێ زمانەوانانی کورد و بێگانە، گۆڤاری کاروان، ژمارە 70، 1988، ل10-18.

24- کورتە هەڵسەنگاندنێکی شەش کار لە لێکۆڵینەوەی ئاوەڵناودا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 117، 1988، ل36-45.

25- پلەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 18-19، 1988، ل356-396.

26- ئاوەڵناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 118، 1988، ل138-141.

27- جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 119، 1988، ل99-105.

28- ژمارە وەک بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە 124، 1989، ل96-116.

29- ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 125، 1990، ل93-100.

30- بنەما سەرەكییەكانی زمان، گ. كۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی كورد، بەرگی 23-24، 1992، ل78-91.

31- كرداری یاریدەدەر، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 129، 1992، ل9-17.

32- ئەو كارانەی ڕێژەیان لە دەستوور لادەدەن، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 131، 1993، ل25-33.

33-كرداری كارادیار و كرداری كارا بزر لە زمانی كوردیدا، گ.كۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی كورد، بەرگی 25-26، 1994، ل66-97.

34- چاوگ و كێشەی كردار لە زمانی كوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 140، 1997، ل12-21.

35- بنەمای كردار، گۆڤاری پەیڤین، سلێمانی، ژمارە 6، 1998، ل17-43.

36- زمانی ئەدەبی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە 10، 1998، ل23-33.

37- پەیدابوونی زمان، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ژمارە 3، 1998، ل26-33.

38- پێدا چوونەوەیەكی هە ندێ بیروڕای زما نەوانیی مامۆ ستا مە سعوود محە مەد، گ.ڕۆشنبیری نوێ، بەشی یەكەم، ژ. 9، ئایاری 1982، ل13-81.

39- چەند وشەیەك دەربارەی و تاری "لە گەڵ دەنگسازیی كورد یدا"، گ. بەیان، ژ. 9، بەغدا، ئەیلوولی 1983، ل62-69.

40- ڕێنووسی كوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، گ.كاروان، ژ. 4، كانوونی دووە می 1973، ل39-40.

41- گەردەلوولی پایز و شاگوڵەكەی م.س.لازەر یڤ، ڕ.هاو كاری، بە شی یە كەم، ژ 113، 1989، 11، 1989/11/27، ل8، بەشی دووەم، 1989/12/4، ل10.

42- زمانی كوردی و چیرۆكی "دڵ و نە تەوە"ی د.خەزنەدار، ڕ.هاو كاری، ژ. 1144، 1990/1/15، ل8.

43- لە هەموو هەورێك باران نابارێ، ڕ. هاوكاری، بە شی یە كەم، 1990/3/29، ڕ. 4، بەشی دووەم، 1990/4/12، ل5.

44- وتاری كارپۆلێن كردن بەپێی ڕۆ نان و چەند سەرنجێك، گ.ڕۆ شنبیری نوێ، ژ. 139، 1997، ل8-16.

45- خزمە تە خۆشەوی ستەكەم خەو شی خواز و خۆز گەكانت خرۆ شاندمیان، گ.ڕەنگین، بە شی یە كەم، ژ. 99، 1997، ل9-11، بە شی دووەم، ژ. 100-101، 1997، ل9-10، 43، بەشی سێیەم، ژ.102، ل22-24.

46- بەتا نە و تەوس و تۆمەت تیرە بارانم مەکە، گ.ڕەنگین، بەشی یەکەم، ژ.107، 1997، ل12-13، بەشی دووەم، ژ.108، 1998، ل16-17، بەشی سێیەم، ژ.109، ل16-17.

47- وشەسازی، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.121، 1989، ل60-71.

48- مووروووی مالاو سێ مەگەر بەشە و بکرێتە مل، گ.نووسەری کورد، خوولی دووەم، ژ.9، 1982، ل51-74.

49- لە ڕێگای ڕاستگۆیی و دەستپاکی و زانستدا، ڕ.العراق، بەشی یەکەم، ژ. 216، 9/1983/3، ل7، بەشی دووەم، 1983/3/20، ژ.2193، ل7.

50- لێنین و فەرهەنگ، گ.بیری نوێ، 1992.

51- من کەسێکی سیاسی نیم، بەڵام..، هەفتەنامەی هاوڵاتی، بەشی یەکەم، ژ.143، چوارشەممە 2003/10/1، ل8، بەشی دووەم، ژ.144.

52- نامەکەی "کۆڕی زانیاری کوردستان" لە مەڕ کتێبی "ئەلفوبێی پۆلی یەکەمی سەرەتایی"یەوە، گ.نەوشەفەق،

53- ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"دا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی.10، 1983، ل76-31.

54- تایبەتێتی ژمارە لە زمانی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی. 21-22، 1990، ل158-204.

55- پیشەکی لیستەی سێیەمی زاراوەی کۆڕ، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی.2، ژمارە.2، 1974، ل166-170.

56- پێشەکی لیستەی چوارەمی زاراوەی کۆڕ، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی.13، ڕ.2، 1975، ل497-505.

57- لە نۆژەنەوە لە مەڕ کێشەی نیگاری هەندێ دەنگ ،گ "کوردۆلۆجی"، ژ-1، 2008، ل 6-33 .

58- زمانناسی و فەلسەفە، ڕ"ئاسۆ "، ژ-479، 7 200، ل14.

59  بۆچی زمان بە دیاردەییەکی سروشتی دادەنرێت ؟ ڕ"ئاسۆ"، ژ-480 ،2007 .

60  ترازانی زمان و نزیك کەوتنەوەی زمان ، ڕ "ئاسۆ" ژ-481 ،2007 ،ل14.

61-خەوشی وشەی زانکۆ ، ڕ"ئاسۆ" ژ-501 ،2007 ،ل12.

62-لێکۆڵینەوەی مارکییانە لە بارەی پەیدابوونی زمانەوە،"ئاسۆ"، ژ-474، 2007، ل14.

**ب-ئەو وتارانەی لە زمانی ڕووسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:**

1- مەکسیم گۆرکی(1868-1936)، ڕۆژنامەی عیراق، بەشی یەکەم، ژ.12-13، شوبات و ئاداری 1978، ل4-5، 23، بەشی دووەم، ژمارە.14ی نیسانی 1978.

2- لە بارەی کوردناسییەوە-لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤێت، گ.کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا، 1974، ل499-561.

3- پڕۆفیسۆر فەناتی کوردۆ، ئی.ئا.ئۆربیلی و کوردناسی، گ.کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا، 1975، ل113-142.

4- ق.ق.ئاریستۆڤا، کوردەکانی پشت قەفقاس، گ.گەلاوێژی نوێ، ژ.7، ساڵی 1998، ل96-107.

5- کارە زانستی یەکانی "پیۆتەر لێرخ"، گ.بەیان، ژ.32، بەغدا، 1975، ل1-5.

6- بزانین یەگیزارۆڤ دەربارەی کورد چی نووسیوە، گ.بەیان، ژ.34، بەغدا، ل1-4.

7- چەند وشەیەك دەربارەی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی ئەلیکساندەر ژابا، گ.بەیان، ژ.10، بەغدا، 1973، ل8-10، 13.

8- کوردی یەزیدی لە ئاوێنەی ڕاستی و زاذستدا، بەشی یەکەم، ڕ.کوردستانی نوێ، ژ.7، 1992/5/86، ل3، 7.

9- چەرکەزی بەکۆ "باکاییڤ" لە مەیدانی کوردناسیدا، ڕ.عیراق، 1978/5/21، ل12

**ج- وتارەکانی تری لە بارەی ئەدەب و کوردناسی و ڕۆشنبیرییەوە:**

دەیەها وتاری لە ڕۆژنامەکانی "کوردستانی نوێ، مانگنامەی بەدرخان، هەفتەنامەی هاوڵاتی، هەفتەنامەی ئاسۆ...هتد" بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:

1- بزانین یەگیزارۆڤ دەربارەی کورد چی نووسیوە؟، گۆڤاری بەیان، ژمارە.34، 1976، ل1-5.

2- بە زمانی ڕووسی چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە؟، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، بەرگی.16-17، 1987، ل56-90.

3- کوردەکانی پشت قەفقاس، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە.7، 1998، ل96-107.

4- قودسی کوردستان لە سەر چاوە ڕووسییەکاندا. ڕ.کوردستانی نوێ، ژ.36، هەینی 1992/3/6، ل4، 7.

5- ئاسمان ئەستوونی دەوێت، ڕ.ئاسۆ، ژ.33، 1995/3/10، ل5.

6- سەرگوزەشتەی خۆفرۆشان، ڕ.کوردستانی نوێ، بەشی یەکەم، ژ.89، 1992/5/11، ل4، بەشی دووەم، ژ.94، 1992/5/17، ل5.

7- **خۆری هیوا و ئومێد هەڵهات، "مانگنامەی بەدرخان"، ژمارە**.43- 2004/4/22، **ل**8-9.

# ملخص الرسالة

هذه الرسالة الموسومة بـ(الطروحات اللغوية في نتاجات - عبدالرحمن الحاج معروف)، تتناول أهم الطروحات اللغوية في قواعد اللغة الكوردية بصورة عامة ونتاجات الكاتب المذكور بصورة خاصة.

تتكون الرسالة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة مذيلاً بملحق.

خصص الفصل الأول لدراسة نظرية عن أهم الطروحات اللغوية، ذكرنا فيه ظهور البحث العلمي في ما يتعلق بدراسة قواعد اللغة الكوردية، حيث حددت الدراسة طروحتين مختلفتين في هذا الجانب، وهما (الطروحات التقليدية-الكلاسيكية) و (الطروحات اللغوية الحديثة-البنيوية)، مبينا ظهور المنهج الروسية وخصائصها وتأثيراتها على القواعد اللغة الكوردية في سبعينات القرن الماضي.

أما الفصل الثاني فقد خصص لتقيم الموضوعات الصوتية لـ(عبدالرحمن الحاج معروف). وتم فيه تحديد ستة مباديء كأساس لدراسة منهج البحث اللغوي للطروحات المختلفة، لتصبح فيما بعد معياراً لتقيم النتاج الصوتي للمؤلف المذكور، ولنصل بها إلى تحديد منهجه في الدرس اللغوي الصوتي.

وأختص الفصل الثالث والأخير لتقيم النتاج الصرفي لـ(عبدالرحمن حاج معروف) في ضوء المبادئ الستة التي أشرنا إليها في الفصل الثاني، وتم في هذا الفصل أيضاً تحديد منهجه في الدرس اللغوي الصرفي.

وختمت الرسالة بخاتمة ضمت جملة من النتائج التي توصلت إليها الدراسة مع ملخص الرسالة بللغتين العربية و الاينكليزية.

# ((Abstract))

The title of the research (( Linguistic approaches in Awrahman Haji Marif`s writings)) is to discuss the linguistic attitudes in Kurdish grammar in general and in Awrahman Hagi Marif`s in particular.

The research consists of preface and three chapters.

chapter One: It`s a theoretical chapter about linguistic approaches. In this chpter the beginning research of Kurdish Grammar is explained. In these researhes there are two different attitudes mentioneds ((Classical linguistic) and (Structuralism linguistic) Discussing the beginning، characteristic and effect of this Russian`s approache in Kurdish Grammar research which began in seventies was appeared.

chapter two: It`s specialized about the evaluation of Awrahman Hagi Marif`s phonological writings. In this chapter six principles were mentioned as basic principles to different approaches researches to became abalance to evaluate "Awrahman`s phonological writing". According to this principle the linguistic researches were mentioned.

In chapter three which is the last chpter specialized with the evaluation of "Awrahman`s morphological writings. In this chapter and according to the six principles which were mentioned in (chapter2) his morphological writings were evaluated and according to the principle the linguistic researches were discussed.

The research is finished with some results, the resource`s order, an appendix and an abstract in both Arabic and English language.